# دەربـارەی

# ئەقڵی سیکیولار

# و

# کورد سیکیولار

ئـازاد تۆفیق خەیات

٢٠١١

- ناوی کتێب: دەربارەی ئەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار
- نووسەر: ئازاد تۆفیق خەیات
- بابـــەت: لێکۆڵینەوە
- دیزاینی ناوەڕۆك: حیکمەت مەعروف
- دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
- تایپ وهەڵەبڕیی: نووسەر
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: کوردستان/ سلێمانی
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی (١٤٢٣)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە.

# وتەیەکی پێویست

ئەمڕۆ، لە کوردستانی باشوور گەلێك پەڕتووك وڕۆژنامە وگۆڤار وبابەت هەن، مەبەستیانە خزمەت بە ڕەوشی ناوخۆ وداکەوتی گەلی کورد بکەن. دیارە، هەر یەکە وبە جۆرێك پەیامی خۆی دەگەیەنێت، بەلاَم گرنگ ئەوەیە کۆدەنگی وهاومەبەستی کارەکان، پرسیارگەلێك دروستبکەن ولە ڕێیەوە بەرچاوڕوونی مسۆگەر ببێت، تا بەهۆیەوە ڕایەڵەکان یەکبخرێن وزەمینەی سەرخانێکی تۆکمە ببەخشرێتە فەرهەنگ وکتێبخانەی کوردی. هیوادارم، ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕایەڵەیەکی ساکاری نێوی ئەو ڕایەڵە ڕەنگالاَنە بێت کە بونیادنەر و وزەبەخشی ئەو سەرخانە کوردییەی کتێبخانەی کوردین.

ئازاد تۆفیق خەیات

زستانی ٢٠١٠

سلێمانی

# سوپاس وپێزانین

سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێ بەڕێزانە دەکەم، کە لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم بابەتەدا یارمەتیدەر وهاوکارم بوون، بەتایبەت شاعیر ورەخنەگر کاك (هەژار مەعروف قادر) ناسراو بە (دەوەن)، کە یارمەتیدەر وهاوکارێکی دڵسۆزی من بوو، بەرهەمەکەمی بە پەڕتووك وسەرچاوەکانی دەوڵەمەندتر کرد. دیارە بەو هەڵوێستە ناوازەیەی، هەوڵەکانی من وکتێبخانەی کوردی زیاتر دەبووژێنێتەوە. لە خودا داواکارم نموونەی زیاد بێت، جارێکیتر لە ناخەوە سوپاسی دەکەم.

هەروەها، زۆر سوپاسی (کۆمەڵەی زانستە سیاسییەکانی کوردستان) دەکەم، کە تێچووی ئەم بەرهەمەمیان گرتە ئەستۆ، جارێکیتریش سوپاسیان دەکەم.

# پێڕست


**پێڕست** ........................................................
**پێشکەش** ........................................................
**پێشەکی** ........................................................

**تەوەری یەکەم/ باسێکی سکیۆلار** .......................

**بەشی یەکەم:– لەڕووی پێناسەوە** ..........................
**یەکەم:– لەڕوانگەی زمانەوانییەوە** ..........................
**دووەم:– لەڕوانگەی دەستەواژەییەوە** ..........................
**سێیەم:– لەڕوانگەی جیاوازی دەستەواژەییەوە** ..........................
**چوارەم:– لەڕوانگەی لێکچوونی دەستەواژەییەوە** ..........................
**بەشی دووەم:– لەڕووی دژەکارلێکەوە** ..........................
**نموونەی یەکەم** ........................................................
**نموونەی دووەم** ........................................................
**نموونەی سێیەم** ........................................................
**بەشی سێیەم:– لەڕووی ناوەڕۆکەوە** ..........................
**بەشی چوارەم:– لەڕووی سەرچاوەی ئاماژەپێدانەوە** ..........................
**١– فەرهەنگە ئەوروپییەکان** ........................................................
**٢– ئینسایکلۆپیدیا ڕۆژئاواییەکان** ........................................................
**بەشی پێنجەم:– لەڕووی ئایندەوە** ..........................

**تەوەری دووەم/ کورد سکیۆلار** ........................................................

**دەرەنجام** ........................................................
**سەرچاوەکان** ........................................................

# پێشکەش

- پێشکەشە بە ڕۆحی پیرۆزی دایکم وباوکم
- پێشکەشە بەو ڕۆحە پیرۆزانەی لە نێو تاریکی شەوەزەنگدا دەدرەوشێنەوە

# پێشەکی

گەرچی چەمکی (سێکیولار- سکیۆلار- سێکولار- عەلمانیەت) وەك فۆرمێکی حوکمڕانیکردن، مێژوویەکی هێندە کۆنی نییە، بەڵام مانا وناوەڕۆك وخواستێکی لەمێژی هەیە. ئەم چەمکە لەبەرئەوەی ئایدیۆلۆژیا نییە، هەربۆیە ناکرێت بوترێت (سێکیولاریزم). هەرچەندە، لە زۆرێك لە نووسین وبلاْوکراوەکاندا وشەی (سێکیولاریزم) بە هەڵە بەرچاودەکەوێت، بەڵام ڕاستتر وایە بوترێت (ئەقڵی سێکیولاری یان سێکیولار یاخود سێکیولاری) نەك (سێکیولاریزم). لەبەرئەوەی، کاتێك پاشگری (ریزم) بە وشەکەوە دەنرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ مانای سیاسی وەردەگرێت ودەبێتە بیروباوەڕێکی ئایدیۆلۆژی یان دەبێتە ڕێباز (عقیدة)، وەك ڕێبازی (فاشیزم، نازیزم، کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم، مارکسیزم، ماویزم، بەعسیزم، ڕاسیزم، ..... هتد). بەڵام (سێکیولار) یان (ئەقڵی سکیۆلاری)، فۆرمێك یان شێوازێکی نوێی حوکمڕانیکردنە. دیارە، حوکمڕانیکردن دوورە لە ڕێبازی سیاسی وئایدیۆلۆژیای حزبییەوە، ودوو مانای جیاوازیش دەبەخشن. هەربۆیە، نابێت بوترێت (سکیۆلاریزم)، لەبەرئەوەی دواجار (عەقیدەی سکیۆلاری) دەگەیەنێت کە ئەمەش ڕاست نییە، بەڵکو ئەوەی ئاماژەی پێدرا مەبەست لە (سیستمێکی حوکمڕانییە)، کە (جیاکردنەوەی ئایینە لە دەسەڵات- فصل الدين عن السلطة)، یان لەم دنیا یاخود لە دەوڵەت وە یان لە ژیان ولە .... هتد.

ئەم جیاکردنەوەیەش، هەرگیز مانای "ڕەتکردنەوەی ئایین" ناگەیەنێت، یاخود پشتگوێخستن وکەنارخستن وکەمکردنەوەی ڕۆڵی ئایین. واتە، لەم ڕوانگەیەوە ڕێز لە تەواوی ئایین وئایینزاکان دەگیرێت وپیرۆزی وپێگەیان دەپارێزرێت. بەڵام، چیتر نەدەکرا دەسەڵات بەپێی برگەی ئایینیی وخواستی پاپا وپیاوانی ئایینی بڕوات بەڕێوە. لەبەرئەوەی، ئەورووپای خۆرئاوا ماوەی چەند سەدەیەك بەو میکانیزمە کاریدەکرد، سەرەنجام جەنگە یەك لەدوای یەکەکان ومالْوێرانی ودواکەوتوویی وهەژاری ودادگاکانی پشکنین وقاتوقڕی نەبێت، هیچیدی نەچنییەوە. کاتێکیش ئەم فۆرمە نوێیە لەوێ سەریهەڵدا، چیتر ئەو ماڵوێرانییانەی پێشوو ئەکتیڤییان نەما. وەلێ، کێرڤی لاهوت وتیۆلۆژیش (ثیولوجي) هێدی هێدی بەرەو خوار شۆڕ دەبوویەوە، ئیدی سەردەمێکی ناوازە هاتەگۆڕێ.

پاشئەوەی خۆرئاوا بە میکانیزمێکیتر وگرۆتینێکی تازەوە کاریدەکرد، ئیدی شۆڕشی زانستی وپیشەسازی ومەعریفە وئەقڵگەرایی، مۆتیڤ (بزوێنەر) وداینەمۆی کۆمەڵگاکان بوون. لێرەوە، خۆری سەردەمێکی نوێ هەڵهات، کە ڕۆشنگەری ورێنیسانس وڕۆمانسیەت وئازادی وهاوولاْتیبوونی بەدوای خۆیدا هێنا. جارێکیتر، فەلسەفە ودیمۆکراتیەت ولیبراڵیەت بە جوانترین وبە جۆش وخرۆشێکیترەوە بووژانەوە. لە ڕاستیدا، ئەم سەردەمە نوێیە پرشنگدارە، بە شێوەیەك پەرەیسەندبوو کە ڕەتکردنەوەی ئایینی کردبووە ئامانج، مانای پاشگەزبوونەوە لە ناوەڕۆکی چەمکی سێکیولاری. لێرەوە، لێکدانەوە ودەستەواژەی (بێباوەڕی- الحاد) تێکەڵ بە سێکیولاری بوو، پاشان خزایە نێو وشەدان وفەرهەنگی جیهانی وخۆرئاواییەوە. دواتر ئەم زاراوەیە بە چەندین قۆناغیتردا گوزەریکرد، تا دواجار گەیشت بە (سێکیولاریزمی ئایدیۆلۆژیا). واتە، چەشەکردنی ئەقڵی سێکیولاری بە بیروباوەڕ وئایدیۆلۆژیا، کە بێ چەند وچون هەموو

ئایینەکانی ڕەتدەکردەوە وماف وئازادییە ئایینییەکانیشی زەوت ویاساغ دەکرد. لە ڕاستیدا، یەکیەتی سۆڤێتی جاران یەکێك لە نموونە زەقەکانی سێکیولاریزمی ئایدیۆلۆژیا بوو. پێدەچێت ئەقڵی سێکیولاری لە قۆناغێکیتردا، جۆرە چاکسازییەکی لە کرۆکی خۆیدا ئەنجامدابێ، بەوەی دەستەواژەی (سێکیولاریزمی لیبراڵی) فەراهەمکرد. دیارە، ئەمجارەیان مانای تەواوی خۆی بەدەستهێنایەوە، لەوەدا کە ناوەڕۆکی ئەم چەمکە نوێیە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیمۆکراسیدا دەهاتەوە ودژیەکی دروست نەدەکرد. هەڵبەت، ئەم چەمکە نوێیە وەك پێشووتر، جیاکردنەوە وڕێزگرتنی ئایینەکانی کردە هزر وپەیڕەو وپرۆگرامی خۆی. دەشێت بۆ ئەمجۆرەی سێکیولاری، ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێك بێت لە باشترین نموونە ئاماژەپێدراوەکانی.

هەرچۆنێکبێ، ئەم بابەتە دوو تەوەری سەرەکی لەخۆدەگرێ. یەکەمیان، ئەوە بوو کە پێشتر ئاماژەمپێدا. واتە، شرۆڤەکردنی ئەقڵی سێکیولاری کە واتا ولێکدانەوەکانی هەژمارکرا. دیارە، ئەم بابەتە بە تەنها لێکۆڵینەوە دەربارەی واتاکانی ئەم چەمکە ناگەیەنێت، مانای لێکۆڵینەوەکە بە تەنها تەرخان نەکراوە بۆ ڕاڤەکردن، بەڵکو شیکردنەوە ومێژووی دەرکەوتن وکەسایەتییەکانی وکارلێك وئاییندەی عەلمانیەتیشی لەخۆگرتووە. تەوەری دووەم، کورد سێکیولارە، کە دەستەواژەیەکی دروستکراوی نێو بابەتەکەیە وتایبەتە بە گەلی کورد. ئەم زاراوە نوێیە، مەبەستێکی لەپشتە، کە ئاستی عەلمانیەتی کورد وهێزە سیاسییەکانی لەخۆدەگرێ. وەلێ، لە بەشەکانیتری ئەم تەوەرەدا، فاکتەرەکانی دواکەوتنی گەلی کورد لە بوون بە نەتەوە وسەرهەڵنەدانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی خراونەتە ڕوو. هەروەها، نەشیاویی ناوبردنی گەلی کورد بە (نەتەوەی کورد).

ئەم تەوەرە وەك لێکۆڵینەوەیەك، لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئاستی دەستوەردانی هێزە سیاسییە کوردییەکان لە کاروباری دامودەزگا حکومییەکان بخاتە ڕوو. بە مانای، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا چەند توانیویەتی وەك دامەزراوەیەکی یاسایی وشەرعی سەربەخۆ، کاربکات دوور لە دەستوەردانەوە؟ ئاخۆ ڕێگرییەکان چین؟ هۆکارەکان کێیان لەپشتە؟ ئەدی چی کراوە بۆ ڕێگرتن لەو کارە؟ هەڵوێستی سەرکردە ودەسەلاّتداران چییە؟ ئایا تا چەند بڕوا بە عەلمانیەت ودیمۆکراسیەت هەیە؟ ئاخۆ ئاییندەی سێکیولاریی لەم کۆمەڵگایەدا بە کوێ دەگات؟

وێڕای ئەوەی لەم بەشەی دواییدا، کۆمەڵێك پێناسەی پەیوەندیدار بە عەلمانییەتەوە قوتبوونەوە، لە هەمان کاتیشدا فەزایەك تەرخانکراوە بۆ "ململانێی دەسەلاّت، دەوڵەتی لیبراڵی وچەمکی میانڕەوی،" کە ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر عەلمانیەت هەیە. دەشێت کەسانێك هەبن بپرسن، ئایا بۆچی ناکرێت (لە ئێستادا) بوترێت "نەتەوەی کورد"؟ واتە تەنها وتەنها دەبێت بوترێت "گەلی کورد." پێدەچێت دوا بەشی تەوەری دووەم، هەموو بۆچییەکان وەلاّم بداتەوە کە هەر لە ئاستەنگەکانی بەردەم دیسکۆرس (خطاب)ی کوردی وپارچەپارچەبوون ولەبەریەك هەڵوەشان ویەکنەگرتوویی کوردی لەخۆگرتووە، کە بە "دیاسپۆرا" ناوزەدکراوە.

بەپێی توانا، هەوڵی دراوە نەنگییەکان وکێشەکان بخرێنە ڕوو، تاوەکو شوناسی گەلی کورد بە (نەتەوەی کورد) بگۆڕدرێ، هەروەها ببێتە دەوڵەتێکی نەتەوەیی خاوەن سەروەری کارا، کە تێکڕای چین وتوێژ دیالێکتەکانی کوردی زمان لەخۆبگرێ، دیارە ئەوەش بە خستنەگەڕی سەرجەم تواناکان دەبێت.

**هەڵبەت کاتی ئەوە هاتووە، گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن شوناس، لە ئاستی لۆکاڵی وناشناڵییەوە هەنگاو بەرەو ئاستی نەتەوەیی وئینتەرناشناڵی بنێت. واتە، چیتر نابێت کورد وەك پاشکۆی نەتەوەکانیتر تەماشا بکرێت، بەڵکو هەوڵبدرێت لە نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کورسی وئاڵای خۆی هەبێت. سوودی چییە، کورد خاوەنی هەرێم ودەسەڵاتێکی ئیداری سنووردار وسامان وگوزەرانی تایبەتی خۆیبێ، لە کاتێکدا وەکی دیاردەیەکی مرۆڤدۆستانە نەك یەکەیەکی سیاسی بڕواپێکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن، دوور لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، یان وەکو خێر وسەدەقە یاخود وەك داشێکی گەمەی سیاسی زلهێزان. ئەمە بێجگەلەوەی باکوور وڕۆژهەلات وڕۆژئاوای کوردستان، هێشتاکە لەو کاروانە دوورن. هەرگیز لەم حاڵەتەشدا تاکی کورد بە گشتی، بوون وشوناسی بە تەواوی بۆناگەڕێتەوە. گەر هەر ناوچە وبەشێکی کوردستان ئەو دەستکەوتانەشی بۆبگەڕێتەوە، لەگەڵئەوەی بە هەوڵ وکۆششی خۆی بووە، بەلام ئەمە مانای بەدەستهێنانی سەرتاسەری خۆاستەکانی تێکڕای کورد ناگەیەنێت، کەواتە دەبێت هەوڵەکان تا سەر بەردەوامبن.**

# تەوەری یەکەم/ باسێکی سێکیولار

**<u>*بەشی یەکەم*</u> :- لەڕووی پێناسەوە**

**یەکەم :- لەڕوانگەی زمانەوانییەوە**
**دووەم :- لەڕوانگەی دەستەواژەییەوە**
**سێیەم :- لەڕوانگەی جیاوازی دەستەواژەییەوە**
**چوارەم :- لەڕوانگەی لێکچوونی دەستەواژەییەوە**

**<u>*بەشی دووەم*</u> :- لەڕووی دژەکارلێکەوە**

**نموونەی یەکەم**
**نموونەی دووەم**
**نموونەی سێیەم**

**<u>*بەشی سێیەم*</u> :- لەڕووی ناوەڕۆکەوە**

**<u>*بەشی چوارەم*</u> :- لەڕووی سەرچاوەی ئاماژە پێدانەوە**

**١- فەرهەنگە ئەوروپییەکان**
**٢- ئینسایکلۆپیدیا ڕۆژئاواییەکان**

**<u>*بەشی پێنجەم*</u> :- لەڕووی ئایندەوە**

# باسێکی سێکیولار

## تەوەری یەکەم/

ئاشکرایە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆمەڵگا ئەوروپییەکان بەتایبەت کۆمەڵگاکانی ئەوروپای خۆرئاوا, بەهۆی باڵادەستی ئایینی کریستیانی پیرۆز و سیاسەتەکانی پاپا و پێگەی کڵێسە و پیاوانی ئایینییەوە، چ زەبرێکی کوشندەیان پێگەیشتبوو. هەروەها دەرەنجامەکانیش، جەنگە یەك لە دوای یەکەکان و داگیرکاری و ماڵوێرانی و هەژاری و کوشتوبڕی لێکەوتبوەوە. هەموو ئەوانەی وترا سیمای سەرەکی زۆر لەو کۆمەڵگایانە بوو، بەڵام بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی فەیلەسوفەکان و منەووەرانەوە، بەهۆی هەڵهاتنی خۆری ڕۆشنگەری و شۆڕشە نوێخوازەکانەوە، بەهۆی دەرکەوتنی قوتابخانە فیکرییەکان و چینی بۆرژوا و کارگە و کۆڕانکارییەکانەوە، ئەو کۆمەڵگایانە جارێکی تر وە بە ڕیتمێکی تر، سەرلەنوێ ژیان بەبەریاندا کرایەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگە و قورسایی پیاوانی ئایینی کەم دەبووەوە. تا دەهات بڵێسەی زانست تین و جۆش و خرۆشی دەبەخشیە کۆمەڵگاکان، لە بڵندگۆ فەلسەفییەکانەوە کەڕەنای ئازادی و ڕۆشنگەری لێدەدرا، کۆترە سپییەکان نەغمەی ئازادی و سەربەخۆیی و سەرفرازیان دەچڕی، شنەبای هزر و هۆشداری بەنێو کێڵگەی ڕۆحی تاکە سست و سڕەکاندا هێدی هێدی ڕێی دەکرد و هەر لەدوورەوە لەنێو زۆنگاوی نەزانییەوە بەنێو شمشاڵی قامیش و زەلدا خۆشترین ئاوازی سەروەری بەگوێی هەرێمەکاندا دەدا، پوش و پەڵاشی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی خورافاتی بەرەو جەنگڵستان و خاکی تاریکستان ڕاپێچ دەکرد.

لێرەوە سەردەمێکی نوێ هاتە پێش، کە تیایدا زانست و فیکر و لیبراڵیەت جێگەی بە دەرەبەگایەتی و ئایین لەق کرد، خۆری ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و جەختکردن لەسەر زمان و خاك و پێناسە، چەمکی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری و وەلائی نەتەوەیی بەرهەم هێنا. ئەمەش لەئەنجامی ڕێکەوتنی وڵاتانی زلهێزی ئەو سەردەمە و کۆتایی پێهێنانی جەنگی ئایینی و مەزهەبی (سی ساڵەی) نێوانیان بوو، بەتایبەت دوابەدوای مۆرکردنی (ڕێکەوتننامەی وێستڤالیا– مصالحة ویستفاليا) لە ساڵی (١٦٤٨ز)، کە هاوکێشەی سیاسی ئەوروپای خۆرئاوا و ژینگەی نێودەوڵەتی گۆڕی و سیستمی (هاوسەنگی هێزەکان– توازن القوى)ی هێنایە نێو گۆڕەپانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە. لەوەش گرنگتر، چەکەرەکردنی هزرێکی نوێ بوو لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە جەختی لەسەر پێویستی دیاریکردنی دەسەڵاتی کڵێسە دەکردەوە. بەواتایەکی تر، بچوککردنەوەی ئەو دەسەڵاتە. ئاشکرایە کە پرەنسیپی (وەلائی نەتەوەیی) یارمەتیدەری ئەو ئاڕاستانە بوو کە دەسەڵاتی دەوڵەتی زاڵ دەکرد بەسەر دەسەڵاتی کڵێسەدا..[1]

دوای ئەوەی سەرکردەکانی کیشوەری ئەوروپا ساڵی (١٦٤٨ز) لە وێستڤالیا کۆبوونەوە، بڕیاریان لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپدا کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پێبەرن بەڕێوە، ئەوەش بەمەبەستی ئاشتی و

---

[1] د. اسماعيل صبري مقلد: العلاقات السياسية الدولية، الطبعة الرابعة، منشورات ذات السلاسل– الكويت، ١٩٨٥، ص ٤٨

سەقامگیری و ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەی جەنگ. گرنگترینیان سێ پرەنسیپ بوون کە:

١- پرەنسیپی سەروەریی نەتەوەیی
٢- = وەلائی نەتەوەیی
٣- = دەستێوەرنەدان (لە کاروباری ناوخۆی یەکتردا)

زۆر گرنگە کە بزانین وەلائی نەتەوەیی، مەبەست لەوەیە کە تاکەکانی گەل وەلائیان بۆ ڕەگەز هەبێت نەك کڵێسە، وە پەیوەندی نێوان تاك و کڵێسە شتێکی تایبەتییە وەك پەیوەندی تاك بە پەروەردگاریەوە. ئەمەش مانای جیاکردنەوەیەك لەنێوان بیروباوەڕی ئایینی و کاروباری سیاسیدا دەگەیەنێت، واتە ئەم پرەنسیپە جەخت لەسەر فیکرەی (عەلمانیەت) دەکاتەوە کە پشتئەستوورە بە دابڕانی تەواوی نێوان ئایین و دەوڵەت. مەبەستی سەرەکی ئەم جیاکردنەوەیەش بۆ دووبارە نەبوونەوەی جەنگی ئایینی بوو..[١]

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە شۆڕشی فەرەنسی ساڵی(١٧٨٩ز) کامڵکەر و پێشخەری ئازادی و ئەو هەستە نەتەوەییە بوو کە خۆرئاوای ئەورووپای گرتبووەوە، ئەمەش وەك پەرچەکردارێك لەدژی بارودۆخی نالەباری ئەو سەردەمە. کۆمەڵگا مرۆییەکان و یەکە سیاسییەکان بەهۆی بارودۆخەوە بارگرانییەکی زۆریان کەوتبووە سەرشان، جەنگی نەبڕاوەی مەزهەبیش لەولاوە بوەستێت کە بێزاربوونێکی تەواوی میللەتانی ڕۆژئاوای ئەو سەردەمەی لێکەوتبوەوە، دواتر ئەمە خواستی گۆڕانێکی سەرتاسەری هێنایە دی، چیتر یاسا ئایینییەکان و دادگاکانی پشکنین (محاكم التفتيش) ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی کێشەکانیان نەدەبینی، حوکمڕانی بە سیستمی لاهوت و ڕاسپاردەکانی ئیمپراتۆریەتی پیرۆز بەهایەکی ئەوتۆی نەمابوو، بەڵکو یاساکانی (ئەقڵ و سروشت و دانراو- وضعي) ڕۆڵی سەرەکییان دەگێڕا. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ داخوازییەکانی گەل زیادی دەکرد و هەژموون و ترس و لەرزی دامەزراوە ئایینییەکان کەمی دەکرد. کۆمەڵگاکان پێویستییان بە گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی هەبوو لە سەرجەم بوارەکاندا، ئەمە خواستی سەرەکی و نوێی میللەتان بوو.

ئەم بەرەوپێشچوونەی ئاماژەی پێدرا، بووە هەوێنی فۆرم و دیاردەیەکی نوێ لە کۆمەڵگاکاندا، کە بەدەستەواژەی (سێکیولار) * ناسرا، وەك بزاڤێکی نوێ، ڕەوتێك، وەرچەرخانێك یان بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان یاخود ئەڵتەرناتیڤی باڵادەستیی ئایینی و دنیایی بینی. بەمانای یەکە سیاسییەکان بە شێوازێکی تر و دوور لە کاریگەرییەکانی ئایین وڵات بەڕێوە بەرن، ئەمەش خواستی ناوخۆی کۆمەڵگاکان بوو. ئەم داکەوتەش کارێکی ڕەها نەبوو بەڵکو ڕێژەیی بوو، ئەوەشی نەدەگەیاند کە لە

---

[١] منتدى المهندس الجزائري: العلاقات السياسية الدولية، المساعد الشخصي الرقمي، ٤/ ٩/ ٢٠٠٩

* لەم بارەیەوە (د. فاروق ڕەفیق) ڕای وایە کە دەستەواژەی (ئەقڵی سێکیولاری) بۆ ئەم بابەتە زۆر گونجاوە و پڕاوپڕی مانای خۆیەتی، وەبەهیچ شێوەیەك نابێت دەستەواژەی (سکیۆلاریزم) بەکار بهێنرێت، لەبەرئەوەی ئەگەر پاشگری (ریزم) بەوشەکەوە بنرێت ئەوا ڕاستەوخۆ دەبێتە بیروباوەڕ یان ڕێباز (دۆکترین- عقیدە)، وەك ڕێبازی (فاشیزم، نازیزم، کۆمۆنیزم، مارکسیزم، بەعسیزم، ..... هتد. بەڵام (سکیۆلار) یان (ئەقڵی سکیۆلار) فۆرمێك یان شێوازێکی حوکمکردنە، کەواتە حوکمکردن دوورە لە ڕێبازەوە و دوو مانای جیاوازیش دەبەخشن. بۆیە هەرگیز نابێت بوترێت (سکیۆلاریزم) لەبەرئەوەی (عەقیدەی سکیۆلاری) دەگەیەنێت کە ئەمەش ڕاست نییە، بەڵکو ئەوەی ئاماژەی پێدرا مەبەست لە (سیستمێکی حوکمڕانییە)، کە ئێستاکە زۆربەی بیرمەندانی جیهان هاوڕان لەسەر ئەو ڕاستییە..

ساته وەختێکدا تێکڕای وڵاتانی خۆرئاوا سیستمی حوکمڕانی خۆیان گۆڕیبێت، یاخود خوازیاری ئەو گۆڕانکارییە بووبن، بەڵکو ئەوە خواستی چینی نەداران و ڕۆشنبیران و ئازادیخوازانی گەل بوو، خواستی هەموو ئەوانە بوو کە تاڵی ڕۆژگارە ڕەشەکانی ئەو سەردەمەیان چەشتبوو، ئەم دیاردەیە لەسەردەستی چەند کەسایەتییەك گەشەی پێدرا و بەرەوپێش چوو، کە دواتر ئاماژەیان پێدەدرێت. ئاشکرایە کە ئایدیای گەشە و پێشکەوتن بەرهەمی شۆڕشی زانستییە و دەست بەدەست لەگەڵ گەشەی ئەقڵانییەتدا ڕۆیشتووە. زانست فۆرمێکی باوەڕپێکراوە کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئامانجی مەعریفی جیهانی چواردەوری خۆی بەدەست بهێنێت. ئەمە مرۆڤی لە نەزانی و مەزهەب و دۆگمای ئایینیی ڕزگار کرد، کە پێشتر لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیرییان کۆت و زنجیر کردبوو، هەر زانستیش بوو کە دواتر برەوی بە عەلمانییەتی هزری ڕۆژئاوادا..[1]

سەرەتای گەشەکردنی سیکیۆلاری (عەلمانی) لە خۆرئاوا هاوزەمان بوو لەگەڵ هەڵچوونی فیکری تۆتالیتاری (کۆمۆنیستی و فاشیستی). ئەو حاڵەتەش جۆرێك لە ئایرۆن (مفارقە)ی خستەوە، لەبەرئەوەی سیکیۆلاری لە بنەڕەتدا دژی ئەوە بوو بڕیار لەسەر ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەت بدرێ، جا ئیتر ئەو ئایدیۆلۆژیایە ئایینی بێت یا نائایینی. بە مانایەکی تر، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کە فیکری دێموکراتی سوودی لە گەشەکردنی سیکیۆلاری وەرگرت، بەهەمان شێوە ئایدیۆلۆژیستە تۆتالیتارەکانیش سوودیان لە (سیکیۆلاریزم) وەرگرت و هەوڵیاندا ئەو بۆشاییەی کە پاشەکشێی عەقیدەی سیاسی ئایینی مەسیحی پیرۆز دروستی کردبوو، بە جۆرێك پڕبکەنەوە کە لە بەرژەوەندی عەقیدەی سیاسی خۆیاندا بێت.[2]

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە دەستەواژەی سکیۆلار بدەین، کە چ مانایەکی بەخشیوە و دەبەخشێت؟ وە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە چی بووە و لە چ کەشێکدا سەری هەڵداوە؟

سەرەتا باشتروایە وشەی عەلمانیەت لەڕووی (زاراوەیی) و (دەستەواژەیی)یەوە بخەینە ڕوو، پاشان ئەم وشەیە لەڕووی واتاییەوە هەڵبسەنگێنین تا بزانین لەڕووی جیاوازی خودییەوە چ تێڕوانینێکی بۆ لاهوت هەیە، ئەدی مانای هاوبەش لە نێوان عەلمانیەت و دێموکراسیدا چییە؟! هەموو ئەم پرسیارانە بۆئەوەیە تا مەبەستی ئەم چەمکە بە شێوەیەکی زانستییانە شرۆڤە بکەین...

---

[1] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٥٧٠– ٥٧١

[2] د.شاهۆ سەعید: گەشەی فیکری سکیۆلاری و قەیرانی ئایدیۆاۆژیا تۆتالیتارەکان، زنجیرە لێکچەری فیکری سیاسی هاوچەرخ، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، قۆناغی چوارەم، ل ٦٠

## بەشی یەکەم :- لە ڕووی پێناسەوە

**<u>یەکەم</u> :- لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە**

زۆرجار لە تێکستێکدا، تێکەڵییەك دەبینین لەنێوان هەردوو وشەی (عەلمانیەت) و (عیلمانیەت)دا، کە بە هەمان مەبەست بەکارهێنراون، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیە و نابێت بە هەمان دەربڕین تێبپروانین، یاخود وەك یەك لێکیبدەینەوە. لەبەرئەوەی هەردوو وشەکە لەڕووی چەمکەوە مانای جیاواز دەبەخشن، ئەمە بێجگەلە جیاوازییان لەڕووی فۆنەتیکەوە. وشەی **<u>(عیلمانیەت)</u>** " بكسر حرف الـ( ع ) " دەگەڕێتەوە بۆ (عِلم) بەمانای (زانست). واتە هەموو بابەتێك کە کارێکی زانستی (علمي) لەخۆ بگرێت، یان لە ڕوانگەی زانستەوە سەیر بکرێت، وەیاخود بەزانستیکردنی کارێك یان بابەتێك. بە واتای ئەم وشەیە، پێناسە و شیکردنەوە و شرۆڤەی خۆی لە واتای خۆیدا هەڵگرتووە..

هەرچی وشەی **<u>(عەلمانیەت)</u>ە** " بفتح حرف الـ( ع ) " ئەمە مەبەستی سەرەکی بابەتەکەیە و ئاماژەی پێدەدەین، کە لە ( العَلم ) یان ( العَالم )ەوە هاتووە، کە مانای (جیهان، جیهانی- العالم، العالمي) یاخود (دنیایی- الدنیویة) دەگەیەنێت، کە دواتر دەکرێت بە دەربڕینی (عەلمانیەت، سکیوڵار، secular) ناوزەدی بکەین. ئەم وشەیە واتە عەلمانیەت، لە ڕووی ڕاڤەکارییەوە دوو مانا دەبەخشێت:

*(**<u>عەلمانیەت</u>**)، نزیککراوەی (عالەمی- العالمي)ە واتە (*جیهانی- العالمي*)، کە پرەنسیپێکی جیهانیی بەربڵاوە و زۆربەی گەل و نەتەوەکان ڕیککەوتوون لەسەری. بەڵام ئەمە پێناسەیەکی پڕاوپڕ و تەواوی عەلمانیەت نییە، لەبەرئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم پێناسەیەی ئاماژەی پێدرا، ڕووپۆش کردنی ئامانجەکانی لایەنگرانی (نائاینییەکان- اللا دینیة)ە، بەناوی "ڕێککەوتنی جیهانییەوە."

*(**<u>عەلمانیەت</u>**)، نزیککراوەی (عالەمی- العالمي)، واتە (*زەمینی و دنیایی- الأرضي و الدنیوي*) دەگەیەنێت، کە پێچەوانەی (ئایینی- الدینیة)یە. ئەمەش ئەو ڕاڤە ڕاست وگونجاوەیە کە (نائایینی، دنیایی، سەردەمی- لا دینیةً ، دنیویة ، زمنیة) دەگەیەنێت و مەبەستەکەمانی پێکاوە. سکیوڵار یان ئەقڵی سکیوڵاری هەرگیز ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵکو هاوشێوەی سیستمە سیاسییەکانە کە نایەوێت ئایدیۆلۆژیا و ئایین بەسەریدا زاڵ ببێت. واتە واقیع بینانە دەڕوانێتە شتەکان، بەبێ کاریگەریی هەست و سۆزی یۆتۆپی. ئەمەش پشتڕاستکردنەوەی وتەکانی فاروق ڕەفیقە کە پێشتر لە پەراوێزدا ئاماژەمان پێدا..

**<u>دووەم</u> :- لە ڕوانگەی دەستەواژەییەوە**

مانای دەستەواژەی (ئەقڵی سکیوڵاری) کە زۆرجار بە ( سکیوڵاریزم- secularism ) * ناودەبرێت،

---

* لەزۆر بابەتی تایبەت بە عەلمانیەت (واتە ئەقڵی سکیوڵاری)، وشەی (سکیوڵاریزم) بەدی دەکەین وەك هاوواتا و هاومانای (سکیوڵار) یان (عەلمانیەت). بەڵام من هەمان بۆچوونی بەڕێز (فاروق ڕەفیق)م هەیە لەو بارەیەوە کە نابێت وشەی سکیوڵار

**خۆی لە پێناسەیەکی بنچینەییدا دەبینێتەوە کە (جیاکردنەوەی ئایینە لە ژیان– فصل الدين عن الحياة) یاخود (ژیان بەبێ ئایین– إقامة الحياة على غير الدين)، هەروەها وەك (جیاکردنەوەی ئایینە لە دەوڵەت– فصل الدين عن الدولة) یان وەکو (جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەلآت– فصل الدين عن السلطة) ئاماژەی پێدەدرێت.**

**پێناسەی ئەم دەستەواژەیە لەگەڵئەوەی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، وە لەگەڵئەوەی هەوڵی جوداخوازی دین و دنیاش دەدات، کەواتە دەکرێت وەها تێبپروانین کە لەگەڵ هەردوو باڵە نائاینییەکان (اللادينية)دا هاوڕا و هاوتەریب دەبێت، هەروەك باڵی خۆرئاوایی (لیبراڵ دیموکراتی سەرمایەداری– الليبرالي الديمقراطي الرأسمالي) کە واڕادەگەیەنێت بەهیچ شێوەیەك ئایین ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو تەنها پەیوەندی دەسەلآت و ئایین ڕێکدەخات، یان ڕێنوێنی ئایین دەکات بەوەی تەنها لە چوارچێوەی شوێنەکانی پەرستندا بوونی هەبێت و ڕێگەنادات سنووری دیاریکراوی خۆی ببەزێنێت، یاخود پەل بهاوێژێت بۆ شوێنەکانی تر. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە باڵی خۆرهەلآتی (سۆشیالیزمی مارکسی– الاشتراكي الماركسي) کە یەکپارچە ئایین ڕەت دەکاتەوە، بگرە بوونی پەروەردگاریش ڕەت دەکاتەوە. هەرچەندە لەم حاڵەتەدا ئەم باڵە بە (بێباوەڕی ماتریاڵی– الملحد المادي) ناو دەبرێت..[1]**

**ئاشکرایە کە هەموو ئایین و ئایینزا و ئایدیۆلۆژیا و سیستم و دیاردەیەك بنەما و پرەنسیپی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو بنەمایانە بە کارەکتەرێکی سەرەکی بۆ ڕێنوێنیکردن دادەنرێن. عەلمانیەتیش بەدەر نییە لەو وتانەی ئاماژەی پێدرا، هەربۆیە لە گرنگترین بنەماکانی سکیۆلاری: بێلایەنی دەوڵەتە لە کاروباری ئایینییدا، کە بێلایەنی بواری پەروەردە و فێرکردن لە خاڵە سەرەکییەکانیەتی. هەروەها دەبێت زانکۆکان چەشە کرابن بە زانست و میتۆدی زانستی. خاڵێکی گرنگی تر، دابینکردنی ئازادییەکانە کە ئازادی ویژدان و هەڵسوکەوت و بیروڕا بەبێ جیاوازی، سیمای سەرەکییەتی. نە حکومەت، نە دەزگا ئایینییەکان بۆیان نییە بەهای ئاکاریی (قيم أخلاقية) بەسەر تاکەکاندا دابەش بکەن و لەناو کۆمەڵگادا پراکتیزەی بکەن. نابێت حکومەت و کۆمەڵگاش بێڕێزی بەرانبەر بەها و دەزگا ئایینییەکان بنوێنن، مانای دەبێت سەربەخۆ بن. ڕەتکردنەوەی هەموو شێوازێکی دەمارگیری ئایینی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی، لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ زیان بەو بوارە خۆی دەگەیەنێت. زۆر گرنگە دەوڵەت کار بۆ جێگیرکردنی پرەنسیپی "هاولآتیبوون" لەسەر هەموو ئاستەکان بکات. کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە دەستەواژەی عەلمانیەت مانایەکی زۆر قووڵ بەخشە، هەروەها زۆرترین بواری ژیانیش دەگرێتەوە..[2]**

---

**پاشگری (ریزم)ی پێوە بلکێنین، بۆئەوەی نەبێتە ڕێباز یان ئایدیۆلۆژیا، بەڵکو مۆدێلێکی حوکمڕانییە... بەلآم زۆرجار واپێویست دەکات کە دەقێکی نووسەرێك لەسەر بابەتەکە، وەکوخۆی دەقاودەق بنووسینەوە.. (نووسەر)**

[1] **ابراهيم النشمي: هل العلمانية لا دينية؟ و هل هي كفر؟ (بناء الفكر و الثقافة، bn@benaa.com) الثلاثاء ٨/ ١٠/ ٢٠٠٩**

[2] **د.شاهۆ سەعید: گەشەی فیکری سکیۆلاری و قەیرانی ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەکان، زنجیرە لێکچەری فیکری سیاسی هاوچەرخ، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، قۆناغی چوارەم، ل ٦١– ٦٢**

## سێیەم :- لە ڕوانگەی جیاوازی دەستەواژەییەوە

پێشتر ئاماژە بەوە درا کە عەقڵی سکیۆلاری هەگیز ئایدیۆلۆژیا نییە و ناکرێت ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتیش بەبەری ولاَتدا بکرێت، بەڵکو سیفەتێکی نویٚ و مۆدێلێکی تازەی سیستمی حوکمڕانییە. واتە هاوشێوەی ئەو سیستمە سیاسییانەیە کە کار بۆ دابینکردنی چوارچێوەیەکی سیاسی و کەلتووری لەبۆ کۆمەڵگایەکی سیاسی هاوچەرخ دەکات. لەوەش گرنگتر، جوداکاری لەنێو پێکهاتە و دامەزراوە سیاسی و ئایینییەکانی دەوڵەتدا دەکات بەشێوەیەکی پۆزەتیڤی، بۆئەوەی هیچکام لەوانە مافی ئەوی تر زەوت نەکات، بەوەی لایەنگریی هەرلایەکیان مانای زیان پێگەیاندنی ئەو لایە، لە بەرانبەردا لاکەی تر سوودمەند دەبێت. ئەمەش ڕاستی ئەو داکەوتە دەسەلمێنێت کە دەوڵەت هەگیز نابێت ئایدیۆلۆژیا، یان ئایینێکی تایبەت، وە یاخود بالاَدەستی نەتەوەیەکی بەسەردا ببڕێت و ببێتە پێناسە بۆی، چونکی ئەوە کارێکی تۆبزییە و هەمان پێناسە زیانێکی زۆر و زەوەندی پێدەگەیەنێت، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا.

ئێستاکە عەلمانیەت بەرچاو ڕوونییەکی زیاتری بەخۆوە دیت، واتە ئەو وتانەی ئاماژەی پێدرا، مەبەستێکی سەرەکی لەپشتە کە " یەکسانی بوونە لەبەردەم یاسادا" یاخود دەتوانین بڵێین "دەوڵەت دەبێتە دامەزراوەیەك کە پارێزگاری لە چەمکی هاولاَتیبوون و ئازادی بیروڕا و عەقیدە دەگرێت." ئەوەش بە پەیڕەو کردنی تەواوی یاسا دەبێت، لێرەوە دەوڵەت لەبری ئەوەی ئایین یاخود ئایدیۆلۆژیایەك وەیان کەمینەیەك یاساغ بکات، ئەوا بە پێچەوانەوە پارێزگاری لێدەکات..

لەگەڵئەوەی عەلمانیەت ئایدیۆلۆژیا نییە و هەرگیز دژی دابڕینی ئایدیۆلۆژیایە بە بەری ولاَتدا، بەلاَم دەکرێت نموونەی ئەقڵی سکیۆلاری یەکیەتی سۆڤێت وەك مۆدێلێکی تایبەتیی (**سکیۆلاریزمی ئایدیۆلۆژیا**)* وەربگرین، لەبەرئەوەی مۆدێلێکی توندڕەو بوو وە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیمۆکراتییدا نەدەهاتەوە، مۆدێلێك کە هەرگیز دانی بە بوون و مافی ئایینیدا نەدەنا، هەردەم جەختی لەسەر ئاوێتەبوونی یەکیەتییەکە بە ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم دەکردەوە، ئاشکرایە کە وەکی (ئەفیوون و مادده هۆشبەرەکان) دەیڕوانییە ئایین. مەبەستیش لەم مۆدێلەی باسکرا، ئاماژەدانە بە باڵی نائایینی (سۆشیالیزمی مارکسی)، کە بە "بیباوەڕی ماتریالی" ناوزەد کرا، هەرچەندە ئەم مۆدێلی سکیۆلاریزمی ئیلحادییە (کۆمۆنیزم) لەگەڵ خۆی هێنای. هەروەها ئەو عەلمانیەتە توندڕەوە ئایدیۆلۆژییەی کە لە فەرەنسا و پاشان لە تورکیا پەیڕەو کرا، تووشی چەندین ململانیٚ و بەرخورد هاتووە لەگەڵ دیمۆکراسیدا، تەنانەت هەندێکجار سکیۆلاریزمی ئایدیۆلۆژی وەك ئایینێکی سەرزەمینی خۆی نمایش دەکات، بەوەی خۆی وەك ئەڵتەرناتیڤی ئایینی ئاسمانیی پیرۆز دەبینێت. بۆ نموونە لەناو یەکیەتی سۆڤێتی پێشوودا، دەسەلاَتی کۆمۆنیستی وێنەیەکی ئەوتۆی لە دژایەتی کردنی عەقیدەی ئایینییدا نیشاندا، کە دەرفەتی ئازادی ئایینی و بانگەواز کردن بۆ عەقیدەی ئایینی زۆر بەرتەسك کردبووەوە، لە کاتێکدا بۆخۆی بە ڕەوای دەبینی هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت بەکار بهێنیٚ بۆ بانگەوازکردن بۆ عەقیدەی کۆمۆنیستی.

---

* نووسەری بابەتەکە سکیۆلاریزمی بەکارهێناوە. (نووسەر)

مۆدێلێکی تری ئەقڵی سکیۆلاری کە لەگەڵ دێمۆکراسیەتدا هاوڕایە، (**سکیۆلاریزمی لیبراڵی**)یە. ئەم مۆدێلە لەگەڵ پرەنسیپەکانی سیستمی دێمۆکراتیدا یەکدەگرێتەوە، بەوەی دژی بیروباوەڕی ئایینی نییە و هەردەم ڕێزی لە هەموو مانا لاهوتییەکانیش گرتووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەگەڵ دابینکردنی هەموو ئازادییە ئایینییەکاندایە. بەدڵنیاییەوە نموونەی ئەم مۆدێلە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتانی ئەسکەندەناڤیدا بەدی دەکرێت. ئەم جۆرەی عەلمانیەت بە "سکیۆلاریزمی نەرم" ناودەبرێت..[1]

**<u>چوارەم :- لە ڕوانگەی لێکچوونی دەستەواژەییەوە</u>**

گەر ئەقڵی سکیۆلاری ئەرکی سەرەکی پارێزگاریکردنی مافەکان و ئازادییەکانی تاک بێت، وە هەوڵ بۆ ناساندنی دەوڵەت بدات وەك دەزگایەکی دامەزراوەیی، هەروەها دامەزراوە سیاسی و یاساییەکان لە ئایینییەکان جیابکاتەوە بەبێ پەراوێزکردنی هیچکام لەوانە، ئەوە مانای پەیڕەوکردنی **پرەنسیپەکانی سیستمی دێمۆکراتییە**. واتە ناکرێت ئاماژە بە عەلمانیەت بدرێت بەبێ بوونی دێمۆکراسی، هەروەك چۆن ناکرێت ڕەوتی دێمۆکراسی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بەبێ بوونی عەلمانیەت. جا لەبەرئەوەی عەلمانیەت و دێمۆکراسی هەردووکیان دوو مۆدێلی سیستمی حوکمڕانین، یاخود دوو ڕەوتی تەواوکەری یەکترن، وە لێکچوونێکی تەواو هەیە لە بنەما و پرەنسیپەکانیاندا، بۆیە دەتوانین بڵێین هاوشێوە و پاڵپشتی یەکترن. پێشتریش جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە هەردووکیان ئایدیۆلۆژیا نین بەڵکو دوو فۆرمی سیستمین وە بە شێوەی سیستماتیکی کاردەکەن، یاخود وەك دوالیزمی سیستمیی (هاو پرەنسیپ) تەماشا دەکرێن، هەرچەندە یەکێکیان لەمێژ وە ئەوی دی مۆدێرنە..

دەکرێت بوترێت کە عەلمانیەت ئاڕاستەیەکی هزری، زانستی، ڕامیارییە هەوڵ بۆ بەهەند وەرگرتنی بەها کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، هزرییەکانی کۆمەڵگا دەدات. عەلمانیەت بەرهەمی داکەوتی (واقع) ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، زانستی، مەعریفی، مافپەروەری، مرۆیی و ڕامیارییە، کە نادیار (الغیب) بەرهەم هێنی نییە، یاخود بالادەست نییە بەسەریدا. ئەم ئاڕاستەیە کار بۆ هۆشیارکردنەوەی مرۆڤەکان دەکات، لەبۆ بەدیهێنانی چارەنووسی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ڕامیاری، ئەوەش لە ڕوانگەی ئاستی بەرەوپێشچوونی ئەو مرۆڤانەوە لەو کۆمەڵگایانەدا، جا ئیتر کۆمەڵگای سەرمایەداری بێت یا سۆشیالیستی. هەرچەندە ناتوانین بڵێین کۆمەڵگای دەرەبەگی، لەبەرئەوەی لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا عەلمانیەت بوونی نابێت، چونکی کارلێکی بەرژەوەندی لەگەڵ چینی دەرەبەگی خاوەن دەسەلاتدا دەکات..[2]

مانایەکی تری عەلمانیەت، یەکسان بوونی هەموو هاولاتیانە بەبێ جیاوازی لەبەردەم یاسادا، کە هەمان خواست و بۆچوونی دێمۆکراسییە، لەوەش گرنگتر گرنگیدانە بە چەمکی "هاولاتیبوون." لەم بارودۆخەدا، کە تێکڕای دەسەلاتەکانی ولات سەربەخۆ لە (کار و یەکتر) هەڵسوکەوت دەکەن، ماف و

---

[1] د.شاهۆ سەعید: گەشەی فیکری سکیۆلاری و قەیرانی ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەکان، زنجیرە لێکچەری فیکری سیاسی هاوچەرخ، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، قۆناغی چوارەم، ل ٦٤

[2] حسن کامل: حول العلمانیة (: اتحاد المثقفین الکورد- غرب کوردستان في الخارج Rojava. Net ) الثلاثاء ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧

ئازادییەکان دەستەبەر کراون، کاروباری دنیایی جودا لە دیینی بەڕێوەدەچێت، ئەوا تاکەکانی کۆمەڵگا بیٚ سڵکردنەوە و ئازادانە دەتوانن ژیان بگوزەرێنن بە هەموو مانا و بوارەکانیەوە. دەوڵەت ناتوانێت ڕێگری بکات، گەر ئەو تاکە سەر بە هەر ئایین، مەزهەب، نەتەوە، ڕەگەز، ئایدیۆلۆژیا، ناوچە و ڕەنگێك بێت، دەوڵەت تەنها ئەو کاتە بۆی هەیە دەست وەربداتە کاروباری هاوڵاتیانەوە کە کەسێك سنووری ئازادییەکانی خۆی ببەزێنیٚ و ئازادی کەسێکی تر پێشێل بکات. هەموو ئەوانەی وتران پراکتیزەکردنی ئەو چەمکەیە کە دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین، ئەویش "یەکسانی بەردی بناغەی عەلمانیەتە.."

## بەشی دووەم :- لە ڕووی دژە کارلێکەوە

دژە کارلێك، مەبەست لە کارلێکی ئەو ئایدیۆلۆژیا، سیستم، ستراکتور، گروپ، دەستە و تاقمانەن کە -------------بە شێوەیەکی نێگەتیڤانە کاردەکەنە سەر چەمك و تێڕوانین و ماناکانی عەلمانیەت، جا ئەگەر ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بۆسەر خودی عەلمانیت بێت یان بۆسەر مرۆڤایەتی وەیان بۆسەر سیستمی حوکمڕانی وڵات، واتە هەموو کارێکی مەبەستداری تێکدەرانە و زیانبەخش. مەغزای مەبەستەکەش لەوەدا دەردەکەوێت کە هەریەکە و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە عەلمانیەت هەڵبسەنگێنێت و بە پێوەر و کێشانەی خۆی (عەلمانیەت) بکێشێت.

ناکرێت هەموو کاتێك وە لە هەموو ڕوویەکەوە سەیری ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم یاخود سۆشیالیزم وەك دێوەزمەیەك بکەین، واتە هەڵسەنگاندن سەنگی مەحەکە. ئەمڕۆ لە ڕووی ڕێڕەوی سیاسییەوە (سۆشیال دێمۆکراسی)* بە ڕاستترین تەوژمی مارکسیزمی سیاسی دادەنرێت، ئەم تەوژمە سیاسییە هاوکات لەگەڵ (لیبراڵ دێمۆکراسی) دا وەك رکابەری یەکتر ئەکتیڤانە کار دەکەن، کە بە سیستمی سیاسی باو لە هەندێك لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دادەنرێن..[1] بەڵام لێرەدا بابەتەکەمان کار لەسەر باڵە توندڕەوە بێباوەڕەکان دەکات، کە پێشتر ئاماژەی پێدرا..

لەگەڵئەوەی بێباوەڕی (الحاد) سیمایەکی سەرەکی ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستەکانە، لەهەمان کاتدا دەشێت لیبراڵیزمی بێباوەڕیش (ملحد) بوونی هەبێت. کەوابوو کارێکی سانایە کە هەردوو باڵی ناوبراوی نائایینی یاخود بێباوەڕ، لەگەڵ میکانیزمی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت و دەسەڵات و ژیان، یاخود لەگەڵ فیکرەی وەلانانی ئاییندا یەکبگرنەوە، وە لەبەرئەوەی (هەردوو باڵەکە و عەلمانیەت)یش (باڵادەستی ئایین) لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بە کۆسپی سەرەکی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆیی دادەنێن، بۆیە بە

---

* سۆشیال دێمۆکراسی: سەرەتا بزوتنەوەیەکی کرێکاری بوو لە ئەڵمانیا سەری هەڵدا، (کارڵ کاوتسکی)(١٨٥٤- ١٩٣٨) لە گرنگترین ڕابەرانی بوو، لە ژێر کاریگەری ئەودا بوو کە پارتی سۆشیال دێمۆکراتی ئەڵمانیا وەك یەکەمین پارتی کرێکاران ڕێبازی مارکسیزمی وەکو ئایدیۆلۆژیای فەرمی پارتەکەی پەسەند کرد. لە ساڵی (١٨٩١ن)دا ئەم پارتە ستراتیژی خۆی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم ڕێکخست.

[1] د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (سەدەی بیستەم)، و: ئازاد وەڵەد بەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی- سایمانی، ٢٠٠٥، ل ١٣٩

ڕای ئەوان، باشتر وایە کە ئایین لە کۆمەڵگادا یاساغ بکرێت (بەڕای بێباوەڕان)، یاخود هەرنەبێت سنوورێکی لەبۆ دابنرێت (بەڕای عەلمانیەت). وەلێ باڵەکانیش وەك خۆیان زۆرکات بەناوی بەرژەوەندی گشتی یاخود بەهۆی بەرژەوەندی تایبەتییەوە، جۆرێك لە کۆسپیان دروست کردووە لەبۆ کۆمەڵگا، یاخود بۆ عەلمانیەت. شۆڕش و گۆڕان و ناڕەزایی دەربڕین و پەنابردنە بەر یاسا لە دژیان، پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییانەیە..

گەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە، ئەوا بەئاشکرا پێشێلکاری و دەستوەردانی پیاوانی ئایینی و سەرمایەداران و کۆمۆنیستەکان بەدی دەکەین، دەبینین کە هەریەکە و بەشی خۆی کاری نامرۆڤانە و نایاساییانەی دەرهەق بە مرۆڤایەتی ئەنجام داوە، ئەوەش شتێکی بەڵگەنەویست و حاشاهەڵنەگرە. ئەم ئاماژەپێدانانە ئەو مەبەستە دەخەنە ڕوو کە "ئەوانەی هاوڕان لەگەڵ عەلمانیەتدا لە جیاکردنەوەی دنیا و لاهوتدا، هەر خۆشیان زۆرجار لێدەری پرەنسیپەکانی عەلمانیەت بوون." جا لێرەدا ئەو سێ نموونەیەی ئاماژەیان پێدرا، زیاتر ڕوونکردنەوەیان لەسەر دەدەین:

## نموونەی یەکەم/

ئەگەر پیاوانی ئایینی چاخەکانی ناوەڕاست بە نموونە بهێنینەوە "لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ ئایینە ئاسمانییە پیرۆزەکان و گشت ئایینزاکان و پەیڕەوانیان" ئەوا مێژوو گەواهیی ڕاستی ئەم وتانە دەدات کە "زۆربەیان" چ زەبرێکی کوشندەیان لە کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی و زانست و پێشکەوتن داوە. گەندەڵی و داوێن پیسی و قۆرخکردنی دەسەڵات سیمای سەرەکییان بووە، وەنەبێت تەنها ئەوروپای خۆرئاوا لەو بارودۆخە ناهەموارەدا بووبێت، بەڵکو ئەوانەی باسکرا ببوە دیاردەیەکی جیهانی. کاتێك (مارتن لۆسەر- مارتن لوثر)(١٤٨٣-١٥٤٦ز) * بە دوو چاوی خۆی (پسووڵەی لێبوردن- صکوك الغفران)ی پاپا (لیئۆی دەیەم)ی دیت (بە مەبەستی دابینکردنی خەرجی بۆ نۆژەنکردنەوەی کۆشکی "سان پێترۆ" ڕێپێدانی فرۆشتنی "پسووڵەی لێبوردنی" دەرکرد) هێندەی تر شێتگیر بوو، ئەم ڕووداوە ڕۆڵێکی بنەڕەتی و گرنگی گێڕا لە جودابوونەوەی لۆسەر لە کڵێسەی کاتۆلیکی..[١]

لۆسەر ئاماژە بەوە دەدات کە "هەموو مرۆڤێك دوو وڵاتی هەیە، یەك لە گیانستان و یەکی دی لە دونیاستاندا. لە گیانستاندا هەموو یەکسانن، چ پیاو بێت چ بۆرە پیاو، هەرهەموویان گوناهبارن و سزایەکی

---

* مارتن لوسەر: ساڵی ١٤٨٣ لە شارۆچکەی (ئیسلیبین) لە هەرێمی سەکسۆنیا لەدایك بووە، ساڵی (١٥٠١ز) دەچێتە زانکۆی (erfurt) دوای چوار ساڵ ماستەر وەردەگرێت، پاشان یاسا دەخوێنێت. بەڵام ساڵی (١٥٠٥ز) بەهۆی ڕووداوێکەوە لەپڕێکدا دەبێتە ڕاهیب، دواتر لە ساڵی (١٥٠٧ز) دەبێتە قەشە، لە (١٥١٢ز) دا لە زانکۆی (ڤێتنبێرگ) بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێت و پاشان دەبێتە مامۆستا.بەڵام ساڵی (١٥١٧ز) لەبەرامبەر فرۆشتنی (پسوڵەی لێبوردن- صکوك الغفران) لە کڵێسەکاندا شاڵاوێکی توندی ناڕەزایی دەست پێدەکات. لە مانگی (تشرینی یەکەمی ١٥١٧ز) دا و لە ڕۆژی جەژندا دەست دەکات بە هەڵواسینی هەر (٩٥) برگە بەناوبانگەکەی بە دەرگای کڵێسەی زانکۆدا لە ڤێتنبێرگ. ناوبراو یەکەم کەس بوو کە ئایینزای پرۆتستانتی هێنایە گۆڕێ و ئینجیلی پیرۆزی گۆڕییە سەر زمانی ئەڵمانی و کڵێسەی نەتەوەیی هێنایە ئاراوە....

[١] سارا فلۆوەرز: چاکسازی ئایینی، و: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی- هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ل ٢٥

هەمیشەکییان لێڕەوایە. بەڵام لە دونیاستاندا، هەرکەسە ئەرکێکی تایبەتی هەیە، جا چ میر بێت چ نۆکەر، چ کارمەند بێت چ وەستا، جیاوازی پێگەی ئەمانە فراوانە و دەشبێ وەها بێ. ئەمە ویست و فەرمانی خودایە، دەبێ هەموو کەس بە بەختی خۆی ڕازی بێت"..[1]

هەر هەمان ڕیفۆرمخواز "واتە مارتن لۆسەر"، کاتێك چاکسازی و جیاوازی کرد لە نێوان دەسەڵاتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسیدا، وە ئایینی ملکەچی دەوڵەت کرد، بەڵام دواتر هەر ناوبراو خۆی، دەرکەوت کە لە ژێرەوە دەستی لەگەڵ میر و پادشاکاندا تێکەڵکردووە، بۆئەوەی لە ڕێگەی دەسەڵاتی سیاسی ئەوانەوە تێکڕای مەبەستەکانی خۆی جێبەجێ بکات.. هەربۆیە "سەپاندنی سزا"ی لەلایەن حکومەتەوە کردە ئەرك و بەگژداچوونەوەی فەرمانڕەوای بە کارێکی خراپ و تاوان دەرهەق بە یەزدان لەقەڵەمدا. لۆسەر لەگەڵئەوەی وەك ڕیفۆرمخوازێك خۆی نیشان دەدا، بەوەی هەوڵ بۆ خۆشگوزەرانی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا دەدات، بەڵام هەرگیز متمانەشی بە گەل نەبوو، لەمبارەیەوە وتەیەکی بەناوبانگی هەبوو کە دەیووت " من هەڵەی میرێکم لە چاکەی گەلێك پێچاکترە"....[2]

لەوانەیە ناوبراو زۆر بەباشی درکی بەوە کردبێت کە سەرکەوتنی ڕیفۆرمی ئایینی بەند بێت بە چۆنێتی کاری میرەکانە، ئەمەش دوابەدوای ئەوە دێت کە سەرکەوتنی چاکسازی پرۆتستانتی لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا بەند بوو بە ڕۆڵی کارا و کاریگەری میرەکانەوە..[3] کەواتە پیاوە ئایینییە چاکسازەکەی ئاڵای ڕیفۆرمی بەرز کردبووەوە، کەسێکی هەلپەرستی خاوەن بەرژەوەندی دووربین دەرچوو... لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، حوکمڕانەکان شان بەشانی چەند دامەزراوەیەکی تر دەسەڵاتیان پراکتیك دەکرد، وەك کەنیسە و دەستەی پیاوماقوڵان و دەستەی دەرەبەگەکان. بە حەقیقەت، کارێکی زۆر ئاسایی بوو کە دەسەڵاتێکی ئایینی وەك دەسەڵاتی پاپا لەسەرووی هەموو دەسەڵاتە کاتییەکانی حوکمڕانی سەر زەوی بێت. بەڵام دەوڵەتە مۆدێرنەکان، کە لە سەدەی پازدە و شازدەی زایینییدا لە ئەوروپا پەیدا بوون، شێوەی سیستمێکی حوکمڕانی "ناوەندییان" وەرگرت، کە شوێنی هەموو گرووپ و دامەزراوە لاوەکییەکانی گرتەوە بە دامەزراوە کاتی و هەمیشەییەکانیشەوە...[4]

چاکسازی و کاردانەوەی کارەکان، دەرکەوتنی هەقیقەت و ئەقڵ و ڕەخنەیان بەدوای خۆیاندا هێنا، لەمبارەیەوە فەیلەسوفەکان مەشخەڵی زەینیان ئەوە بوو کە تەنها ئەقڵ و زانست پەی بە دۆزینەوەی هەقیقەت دەبات، بۆیە هێرشێکی بەربڵاویان بۆسەر کڵێسە دەستپێکرد، تا کۆمەڵگا لە نەخۆشییەکانی ئایین

---

[1] سڤێن- ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی ئاپێك- سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩، ل ١٠٢

[2] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٥٥- ٥٨

[3] د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسي الحديث، دار الحكمة للطباعة و النشر، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد- بغداد، ١٩٩٠، ص ٢٥٦

[4] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٢٩

بپارێزن. لە دیدی فەیلەسوفەکانەوە کڵێسە لە ڕێگەی وانەکانییەوە خەسارەتێکی زۆری لە کۆمەڵگا دەدا..[1]

## نموونەی دووەم/

نموونەی دووەم دەربارەی کۆمۆنیستەکانە. سەرەتا بە کەسایەتی (کارڵ مارکس) [*] دەستپێدەکەین، ناوبراو لەو باوەڕەدا بوو کە فراژووبوونی کۆمەڵگا شارستانییەکان بە پلەی یەکەم بە کاریگەریی هۆکارە ئابوورییەکان شێوە وەردەگرێت. ئەو وای بیردەکردەوە کە ئەو فراژووبوونە بە قۆناغگەلێکدا تێدەپەڕێ، کە خۆلێدەربازبوونی نییە. پێش ئەوەی سۆشیالیزم بەرقەرار ببێ، دەبێت قۆناغی سەرمایەداری وەدەربکەوێت. کاتێکیش دێتە سەر باسی ڕژێمی سەرمایەداری، ئابەم شێوەیە پێناسەی دەکات:" کارگەکان، هێڵەکانی ڕێگای ئاسن، بازاڕی فرۆشتن و شتی تر، بەدەست ژمارەیەك سەرمایەدارەوە دەبێت کە سوود لە دەست و ڕەنجی کرێکاران وەردەگرن. بەو پێیە سەرەنجام مشتێك لە سەرمایەداری دەوڵەمەند دەبن بە خاوەنی هەموو سەرمایەی وڵات، لە بەرانبەر کرێیەکی کەمتر لەبۆ کرێکاران، ئەم ڕەهەندە نائارامی و شۆڕشێکی بەرفراوان لەنێو کرێکاراندا دەڕەخسێنێت، کە ڕژێمی سەرمایەداری و حکومەتەکەی پشتیوانی ئەو مشتە دەوڵەمەندە دەکەن، هەربۆیە دواتر بارودۆخەکە ژێروژوور دەبێت"..[2]

دەکرێت ئاماژەدان بە مارکس و کۆمۆنیست وەك لادان لە بابەتەکە وەربگیرێت، بەڵام ئەوەی باسکرا جەخت کردن لەسەر پرەنسیپەکانی هزری سۆشیالیستی و هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش لە کۆمەڵگاکاندا بوو. بەمانایەکی تر، گەر ئەو هزرە هێندە دووربین و چاکساز بووبێت، ئەدی لەپای چی سەرلەبەری یەکیەتی سۆڤێت هەڵوەشایەوە؟! یاخود هاتنەدی وتەکەی خودی مارکس خۆیەتی کە وتبووی " هەموو سیستمێکی کۆمەڵایەتی لە ناو خۆیدا هۆکاری لەناوچوونی خۆیی هەڵگرتووە." لەوەش زیاتر "ڕاوەستانی کتوپڕی جوڵەی دیالەکتیك لە یەکیەتی سۆڤێت لە قۆناغی کۆمۆنیزمدا بوو."...[3] کەواتە چلۆن ئایینە ئاسمانییە

---

[1] جان. ام. دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محمد ولی کاکایی، جیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل ٥٧

[*] کارڵ مارکس ١٨١٨- ١٨٨٣: کەسایەتییەکی جوولەکەی ئەڵمانی بوو، باوکی پارێزەر بوو، داهێنەری هزری کۆمۆنیستی و سۆشیالیستی بوو. هەرزوو دەستی بە کار و چالاکی فیکری کرد، بە شێوەیەکی تایبەت دەستی کرد بە خوێندنی یاسا و فەلسەفە و مێژوو، ساڵی (١٨٤١ز) بڕوانامەی دکتۆرای لە فەلسەفەدا وەرگرت. ئەو لەژێر کاریگەری فەلسەفەی هیگڵدا بوو، بۆیە دواتر دەبێتە یەکێك لە هیگڵییە چەپڕەوەکان. هەژاری و چەرمەسەری و ڕاوەدونانێکی زۆر دەبینێت. ساڵی (١٨٤٨ز) هاوڕێ لەگەڵ (ئنگڵز)دا مانەفێستی کاری کۆمۆنیستی بڵاودەکەنەوە، ئیتر لێرەوە دەبێتە ڕابەر و داینەمۆی ئینتەر ناشناڵ و فەیلەسوفێکی نێودەوڵەتی. لە گرنگترین کتێبەکانی (سەرمایە) یە. لە ساڵی (١٨٦٤ز) بزوتنەوەی (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کرێکاران) دادەمەزرێنێت، دواجار ساڵی (١٨٨٣ز) لە تاراوگە لە (لەندەن) گیانی بەخاك دەسپێرێت..

[2] جۆن ئارِ، ماتیوز: سەرهەڵدان و ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ل ١٢- ١٣

[3] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٠٤- ٣٠٥

پیرۆزەکان کە هەر پیرۆزن و بەو پیرۆزییەش دەمێننەوە، لەگەڵئەوەی زۆرجار لێکدانەوە هەڵەکانی پیاوانی ئایینی یان مەبەست و بەرژەوەندی تایبەت، توندوتیژی و هێڵی سوور بۆ نەبەزاندنی پرسیارە سوورەکان دروست دەکەن، یاخود خۆشگوزەرانی ئەوان و نەداری عەوامی میللەت، داهێنەری چاکسازی و بەرپابوونی شۆڕشەکان بووە، ئەوهاش یەکیەتی سۆڤێت و بلۆکی سۆشیالیستی، هەڵە ستراتیژییەکانی ڕابەرانی و داخراوەیی کۆمەڵگاکەیان و داڕمانی ژێرخانی ئابووری شورەوی، تووشی ئەو داڕمانەی کردن.

دوای ساڵی (١٩٨٩ز) کە دراماتیکیترین ڕووداوەکانی سەدەی بیستەمی لەخۆ گرتبوو، ئەویش داڕمانی یەکیەتی سۆڤێت و هاوپەیمانانی بوو، ئیدی پرۆسەیەکی زانستی دەستبەکار بوو، کە ئامانج لێی هەوڵی تێگەیشتنی "چی ڕوویدا لە جیهاندا؟ بۆچی ڕوویدا؟" بوو. یەکەمین داتاکانی ئەو پرۆسەیەش ئەو دیراسەیە بوو کە بڵاوکرایەوە بە ناونیشانی (گۆڕانی جیهان، دیالێکتی داڕمان و هەستانەوە و ناڤینی– تغيير العالم، جدلية السقوط و الصعود و الوسطية)، کە تیایدا جەخت لەسەر داڕمانی تۆتالیتاریی کرابوو وەك سیستمێکی سیاسی بۆ هەتاهەتایە. بەڵام جەخت لەسەر ئەوەش کرابووەوە کە ئەوە مانای "داڕمانی مارکسیزم ناگەیەنێت وەك ئایدیۆلۆژیا،" لەبەرئەوەی ئەگەر سیستمی سیاسی وڵاتێك ڕووخا، ئەوا ئایدیۆلۆژیای نێو ئەو وڵاتە (کە پابەندە بە بەها و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانەوە) دەشێت لاواز ببێت، دەشێت ببوژێتەوە، بەڵام هەگیز لەناوناچێت.. "مارکسیزم" ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی ئەوپەڕی ئازادی مرۆییە، لە چوارچێوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی گشتگیردا، ئەدی چلۆن ئەو بەها مرۆییانە دادەڕمێن کە لە ڕاستیدا گوزارشت لە مرۆڤایەتی دەکەن، لە مێژەوە هەتا ئەمڕۆ؟! [١]

بەلای مارکسەوە ئامانجی "سۆشیالیزم" ڕزگاربوونی مرۆڤ بوو، ئەو ڕزگارییەی خۆی لەخۆیدا پرۆسەی بەدیهێنانی خودی مرۆڤ بوو، لەناو ڕەوت وپرۆسەی بەتاکبوون و بەردەوامبوونی بەرهەمهێنەرانەی لەگەڵ مرۆڤ و سروشتدا. واتە ئامانجی سۆشیالیزم بریتییە لە گەشەدان بە کەسایەتی تاکەکەس...[٢]

## نموونەی سێیەم/

سێیەمین نموونە، دەربارەی سەرمایەدارییە.. لە بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی مێژوودا بەباشە لەسەر سیستمی سەرمایەداری نەنووسراوە، چونکی ئاشکرایە کە سەرمایەداری تەنها بەرژەوەندی خۆیی لاپەسەند بووە. نموونەی زۆر و زەوەندیش لەسەر پێشێلکارییەکانی ئەم سیستمە دەرهەق بە مرۆڤایەتی تۆمارکراوە. پێشتر ئاماژە بەوەش درا کە بەشێك لە شۆڕشە جەماوەرییەکان، کاردانەوەی کۆمەڵگاکان بوون دژ بە سیستمی سەرمایەداری.

سەرمایەداران بەدوو شێواز هەوڵی زیادکردنی ڕێژەی (زێدەکاری– فائض العمل)یان دەدا کە:

---

[١] أسامة أمين الخولي (و مجموعة من كتّاب العرب): العرب و العولمة، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية– بيروت، لبنان، ابريل/ نيسان، ٢٠٠٠، ص ٢٣

[٢] ئەریك فرۆم: چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و: ئارام جەمیل سابیر، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، بەهاری ٢٠٠٥، ل ٨٢

**یەکەمیان– بەدرێژ کردنەوەی کاری ڕۆژانە بەچەندین هۆکار، مانای زیادکردنی ڕێژەی زێدەکاری کە لە کرێکاران هەڵدەلوشرا. سەرمایەداران گەر بیانتوانیایە و بۆیان بلوایە، ئەوا (٢٤) کاتژمێر کاری توانا پڕوکێنیان بەکرێکاران دەکرد لە ژینگەیەکی نا تەندروستدا، بەلاّم ئەمە شتێکی مەحاڵ بوو، لەبەرئەوەی کرێکاران دەبوو چەند کاتژمێرێك پشوویان بدایە بۆئەوەی لە ڕۆژی داهاتوودا بتوانن کاربکەن.**

**دووەم– بەدەستهێنانی ئامێری نویٚ، بۆئەوەی بەنوێترین میکانیزم زۆرترین بەرهەم بەدەست بێت، بەمجۆرە زۆرترین سوود و قازانجیان چنگ دەکەوت لەبەرانبەر کەمترین پێدانی بڕە پارە بە کرێکار. نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە داهێنانە زانستییەکانی ئەو سەردەمە و گۆڕانکارییەکان و بەرەوپێشچوونی کارگەکان، لە بەهای دەستی کرێکارانی کەم دەکردەوە، بەوەی بەرهەمهێنان زۆرتر و زووتر بەئەنجام دەگەیشت بە بڕە پارەیەکی کەمتر، مانای کرێکاران دەبوو زۆر زیاتر لە جاران کار بکەن بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان..[١]**

**پێشتر ئاماژە بە تیۆرییەکانی "کارڵ مارکس" دەربارەی سەرمایەداری درا، بەوەی سیستمی سەرمایەداری هۆکارێکی سەرەکی هەڵگیرساندنی چەندین شۆڕشی چینی کرێکاران و بێدارانی کۆمەڵگا مرۆییەکانە. ئەگەرچی مارکس بە ئاشکرا لە سیستمی سەرمایەداری بە گومان بوو، وە لە گرنگترین بەرهەمەکانیشی ئەوانە بوو کە دەربارەی تیۆریزەکردنی چۆنیەتی ڕوخانی ئەم سیستمە بەهۆی ناکۆکییەکان و لێکدژییە کۆمەلاّیەتییەکانەوە بوو، بەلاّم هەرگیز دژی زانست (بە مانا پۆزەتیڤەکەی و پیشەسازی و مۆدێرنیزمەوە) نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە لای وابوو کە مرۆڤ بەهۆی بلاّوبوونەوەی تێکنۆلۆژیا و توانا زانستییەکانەوە، دەتوانێت لە ڕەنجی بێهودە ڕزگاری ببێت..[٢]**

**ئەمڕۆ لێرە و لەویٚ، بەر گوێمان دەکەویٚ، ئاڕاستەبوونێك (پلوراڵیزە) گەلاّڵە بووە کە بڕوای وایە لە دوای داڕمانی یەکیەتی سۆڤێت، سیستمی سەرمایەداری لە هەڵکشاندایە و ئەکتەری سەر شانۆی جیهانییە بیٚ رکابەر. دواتر ئەم ئاڕاستەیە لەسەر دەستی بیرمەند (فرانسیس فۆکۆیاما) * بەرەوپێش چوو، بەتایبەت لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (کۆتایی مێژوو– نهاية التأريخ) کە گەورەترین هەوڵدانی هاوچەرخ بوو لەبۆ داڕشتنەوەی هۆشیارییەکی گەردوونی، مەبەستیش ئەوە بوو بیسەلمێنیٚ کە "سیستمی سەرمایەدای دەبێتە تاکە ئایینی مرۆڤایەتی هەتاهەتایە." [٣]**

---

[١] **ل. ليونتيف: الاقتصاد السياسي– أسئلة و أجوبة، ت: د. محمد رشاد الحملاوي، الطبعة الثانية، دار الثقافة الجديدة– القاهرة، ١٩٧٤، ص ٦٥– ٦٦**

[٢] **د. حسەین بەشیرییە: مارکسیزمی فەلسەفیی ڕۆژئاوایی، و: مەنسوور تەیفووری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٦٨– ٦٩**

* **یۆشیهیرۆ فرانسیس فۆکۆیاما: گەورە فەیلەسوف و نووسەر و بیرمەندێکی هاوچەرخی ئەمریکی ڕەگەز ژاپۆنییە، لە ساڵی (١٩٥٢ز) لە شیکاگۆ لە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایك بووە، مامۆستای (ئابووری سیاسی نێودەوڵەتی)یە، ئێستاکە بەڕێوەبەری (بەرنامەی گەشەسەندنی نێودەوڵەتی– برنامج التنمية الدولية)یە لە زانکۆی (هۆبکنز). لە گرنگترین کتێبەکانی (کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ– نهاية التأريخ والانسان الاخير)(داڕمان یاخود درزتێبوونی مەزن– الانهيار أو التصدع العظيم).**

[٣] **أسامة أمين الخولي (و مجموعة من كتّاب العرب): العرب و العولمة، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية– بيروت، لبنان، ابريل/ نيسان، ٢٠٠٠، ص ٢٣– ٢٤**

**کۆتایی مێژوو، بەو مانایەی "تازە مێژوو هەگیز سیستمێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوشێوەی (دیموکراتیەتی لیبراڵی) بەخۆیەوە نابینێتەوە." کەواتە ئەوە لەلایەك مردنی یەکجارەکی مارکسە، لەلایەکی تریشەوە مەزنکردنی ئایدیۆلۆژیای سەرمایەدارییە کە مارکس هەوڵیدا لەمیانەی تێزێکی فەلسەفی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێکی هەڵوەشێنێتەوە و لەباری ببات و خەونی جیهانێکی یەکسان و ئازاد بە گوێی جیهاندا بچرپێنێ...[1]**

## بەشی سێیەم :- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە

**لەگەڵ ئەو ڕوونکردنەوە و ئاماژەپێدان و پێناسانە، دەتوانین بڵێین سکیۆلاریزم** (secularism)[*] **وشەیەکی ئینگلیزییە کە لە وشەی (سیکۆڵۆم- saeculum)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە چەرخ یان نەوە وەیان سەدەی دەگەیاند، هەروەها جیهان وەیان دنیا، یاخود سەردەمیشی دەگەیاند. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە فۆنەتیکی (مۆندۆس)ی لاتینی هەیە کە هاوتای (کۆزمۆس)ی یۆنانییە و مانای گەردوون یاخود (ڕەهەندی شوێنی- البعد المكاني) دەگەیەنێت..[2]**

**وەك زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، گەیشتینە ئەو کۆڕایەی کە سکیۆلاریزم** (secularism) **وشەیەکی ئینگلیزییە و مەبەستیش لە (عەلمانییەت- العَلمانية) یاخود (دنیایی- الدنيوية)یە، هەردوو واتاکەش دەستەواژەیەکی مانا فراوانتر وە قووڵتر دەبەخشن کە ئاماژەدانە بە (جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت- فصل الدين عن الدوله)، یان لە دەسەڵات، وەیاخود لە ژیان، وەیان ....هتد. بۆ یەکەم جار لە مێژوودا زاراوەی (سکیۆلار-** secular) **بەکارهێنرا، لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی (سی) ساڵەی نێوان ئایینزای (کاتۆلیك و پرۆتستانت) لە ساڵی (١٦٤٨ز)، کە تیایدا ڕێکەوتننامەی (وێستڤالیا) واژۆ کرا، واتە مێژووی سەرەتای دەرکەوتنی (دەوڵەتی نەتەوەیی).. زۆرینەی مێژوونووسان جەخت لەسەر ئەو مێژووە دەکەنەوە وەك سەرەتایەك بۆ لەدایك بوونی دیاردەی عەلمانیەت لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا....[3] (پێشتر ئاماژە بەم زانیارییانە درا)......**

**زۆرجار پێبەپێی وشەی سکیۆلاریزمی ئینگلیزی، وشەی (لاییك-** laic)**ی فەرەنسیمان بەرچاو دەکەوێت، بەو مەبەستەی هەمان مەدلول و دەربڕین دەگەیەنن.. لە ڕاستیدا وشەی** (laic) **لە وشەیەکی لاتینی بنەڕەتەوە وەرگیراوە کە** (laicus)**ە، ئەویش لە وشەیەکی یۆنانی** (laikos)**ەوە وەرگیراوە کە مانای (گەڕاوە بۆ گەل- المنتمي للشعب) دەگەیەنێت، واتە شتێك کە تایبەت بێت بە زۆرینەی گەل یاخود گەل**

---

[1] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٧- ٨

[*] پێشتر ئاماژە بەوە درا کە ناتوانین گۆڕانکاری لە نووسینی تێکستی نووسەراندا بکەین، واتە دەبێت دەقاودەق وشەکە بگوازینەوە نێو بابەتەکە. بۆیە دووبارە ناچارین وشەی (سکیۆلاریزم) وەك خۆی بنووسینەوە. (نووسەر)

[2] حسن كامل: حول العلمانية (: اتحاد المثقفين الكورد- غرب كوردستان في الخارج **Rojava. Net** ) الثلاثاء ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧

[3] ابراهيم النشمي: هل العلمانية لا دينية؟ و هل هي كفر؟ (بناء الفكر و الثقافة، **bn@benaa.com**) الثلاثاء ٨/ ١٠/ ٢٠٠٩

خاوەنداری بێت. بەپێی (فەرهەنگی گەورەی لارۆس– معجم لاروس الكبير) ئەم دەربڕینە مانای (نەگەڕاوە بۆ کڵێسە و پیاوانی ئایینی) یاخود (سەربەخۆ بەرامبەر دامەزراوە ئایینییەکان)ی دەگەیاند. لەمبارەیەوە (فێردیناند بۆیسون)(١٨٤١– ١٩٣٢ز)(بەدەستهێنەری خەڵاتی نۆبڵ لەبواری ئەدەبدا، ساڵی ١٩٢٧ز) یەکەمین کەسایەتی فەرەنسی بوو کە داکۆکیکرد لە عەلمانیەت، وە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەم دەربڕینەی داڕشتەوە. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە عەلمانیەت مانای سیستمێکی سیاسی جیاواز دەگەیەنێت، کە کار بۆ لابردنی دەسەڵاتی ئایینی لەنێو دەوڵەتدا، وە گوڵبژێری بواری پەروەردە و یاسا لە بابەتە ئایینییەکان دەکات، ئەویش بەپێی پرۆگرامێکی تایبەت.. ئەم سیستمەی ناوبراو تا ڕادەیەکی زۆر پەنجەکاریی ئەزموونی فەرەنسی بۆ عەلمانیەت پێوە دیار بوو (مەبەست ئەزموونی شۆڕشی فەرەنسییە)، ئەویش ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شتانە بوو کە تایبەت بە ڕژێمی کۆن بوو..

ئەوەی باسکرا، دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو دەربڕینی (سیکیۆلار) و (لاییك)ی لەخۆ گرتبوو لەبەرئەوەی (لاییك) "عەلمانیەتی سیاسی" لەخۆ دەگرێت، لەکاتێکدا (سیکیۆلار) زیاتر "بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی گشتگیر" دەگەیەنێت.. هەڵەیە گەر وا وێنا بکرێت کە (لاییك) تەنها وەرگێڕانێکی فەرەنسی دەربڕینی (سیکیۆلار)ە، بەوەی هەردوو دەربڕینەکە یەکتربڕن نەك هاوتا...[1]

لە سەرەتادا ناوەڕۆکی ئەم دەستەواژەیە مەبەست و سنوورێکی دیاریکراوی هەبوو، بەواتای ئەوەی مانایەکی گشتگیری نەبوو. تەنها ئەوە نەبێت کە ئاماژەدانێك بوو بە (عەلمەنە) کردنی خاوەندارێتییەکانی کڵێسە، واتا گواستنەوەی ئەو خاوەندارێتییە بۆ سەر دەسەڵاتی نائایینی، کە دەسەڵاتی دەوڵەتی دەگەیاند. سەدەی هەژدە لە فەرەنسا، ئەم وشەیە لە ڕوانگەی کڵێسەی کاتۆلیکییەوە " دەستبەسەراگرتنێکی ناشەرعی خاوەندارێتی و کەلوپەلەکانی کڵێسەی دەگەیاند." بەڵام هەمان وشە بەلای کەسە ڕۆشنگەرەکانی ئەورووپای خۆرئاواوە " دەستبەسەراگرتنێکی شەرعی دەگەیاند،" کە لە بەرژەوەندی دەوڵەتدا بوو.. دواتر مانای ئەم دەستەواژەیە بوارێکی فراوانتری بۆ ڕەخسا، بەوەی وشەکە بەرەو پێکهاتە و ئاوێتە بوون و پەنجە خستنە سەر ئاڕاستە کرا، ئەوەش لەسەر دەستی کەسایەتی (هۆلیۆك) (١٨١٧– ١٩٠٦ز) دا بوو..*

---

١ حسن كامل: حول العلمانية، اتحاد المثقفين الكورد– غرب كوردستان في الخارج **rojava@rojava.net**، الثلاثاء، ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧

*جۆرج جاکۆب هۆلیك (هۆلیۆك) " **George Jacobb Holyoak**" (١٨١٧– ١٩٠٦ز): کەسایەتییەك بوو لە بەریتانیا دەژیا، بە شێوەیەکی هاوچەرخ زاراوەی سکیۆلاریزمی داڕشتەوە و شرۆڤەیەکی زانستیانە و بوارێکی فراوانتری پێبەخشی. کەسێکی (نازانمکار– لا أدري– **agnostic**) بوو، (واتە یەکێك کە بڕوای وابێت مەحاڵە لە سروشتی پەروەردگار تێبگات، یاخود لە شتێك کە ماددی نەبێت)... بۆ یەکەم جار لە مانگی دوازدەی ساڵی (١٨٤٦ز) دا وشەی عەلمانیەتی لە وتارێکیدا لەنێو گۆڤاری (گفتوگۆکاری ئەقڵانی) دا بڵاوکردەوە، دوای ئەوەی خۆی و هاوڕێیانی هەستیان بەوە کرد کە (مەسیحییەت) چیتر لەلای زۆرینەی کۆمەڵ خوازیار نییە، ئیتر کاتی ئەوەش هاتووە کە بگۆڕدرێت بە پرەنسیپێکی نوێ کە (عەلمانیەت)ە. ئیدی لێرەوە عەلمانیەت بە (ئایینی ئەقڵانی) ناوبرا. پاش ئەوەی لە ساڵانی (١٨٥٣– ١٨٥٤ز) وەك بزوتنەوەیەکی عەلمانیەت گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆوە دی، ئەوجا لە مانگی دوازدەی ساڵی (١٨٥٥ز) دا بووە ڕەوتێکی بەرفراوانی جەماوەری، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیان و بەشداری سیاسیدا دەگێڕا، بە شێوەیەك کە چیتر نەدەکرا نکووڵی لێبکرێت.. تا کار گەیشتە ئەوەی قەشە (بێردین گرانت)ی ئینگلتەرا بەناچاری بەرەنگاری ئەم شەپۆلی گۆڕانکارییە ببێتەوە.. هەر لە هەمان ساڵ و لەسەر

پاش ئەوەی گۆڤاری (گفتوگۆکاری ئەقلأنی) وەك تاکە گۆڤاری عەلمانیەت خۆی ناساند، ڕۆژبەڕۆژ دابەشکردن و بلأوبوونەوەی ئەم گۆڤارە زیادی دەکرد، بەشێوەیەك کە تیراژی (٥٠٠٠)ی بەیەکجار بەچاپ بگەیەنرێت. پاشان چەندین کۆمەڵەی هاوشێوە لە سەرانسەری شانشینی بەریتانیادا بلأوبووەوە، لە گرنگترینیان (کۆمەڵەی لستری عەلمانی) و (کۆمەڵەی بۆڵتۆنی عەلمانی) بوو.

پێبەپێی ناوبراو، کەسایەتییەکی تر کە ناوی (چارلس برادلاف– Charles Bradlaugh)(١٨٣٣–١٨٩٤ن) * بوو، ئەویش ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە چەسپاندنی بنەماکانی عەلمانیەتی نوێدا، بەتایبەت لە ساڵی (١٨٥٨ن) دا، کاتێك کە سەرۆکایەتی کۆمەڵەی لەندەنی عەلمانی گرتەدەست لەبری هۆلیۆك. ناوبراو لە ساڵی (١٨٦٠ن)دا بەشداری لە دەرکردنی گۆڤاری (چاکسازی نەتەوەیی) دا کرد، کە شوێنی گۆڤاری (گفتوگۆکاری ئەقلأنی) پێشووی گرتبوەوە. هەروەها لە ساڵی (١٨٦٦ن) دا دامەزراندنی (کۆمەڵەی عەلمانی نەتەوەیی) ڕاگەیاند. دواتر و لە ساڵی (١٨٨١ن)دا گۆڤاری (چاکسازی نەتەوەیی) هەڵوەشایەوە و لەشوێنیدا گۆڤارێکی تر بەچاپ گەیەنرا کە ناوی (بیرمەندی ئازاد) بوو. جۆرێك لە بێباوەڕی و گومڕایی بەم گۆڤارەوە دیار بوو، بەوەی هەردەم لە ململانێی توند و دژایەتیکردنی ئایینی کریستیانی پیرۆزدا بوو...

دوابەدوای شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩ن)، کاتێك بواری پەروەردە و فێرکردن سەربەخۆ بوون لە کڵێسەی بەخۆوە بینی، ئیدی ئەو بوارە بە ( ceculaire) ناسرا، مەبەستەکەشی هەمان ئەو مەبەستە کۆنەی دەگەیاند کە بە کەسێکی عەوامی دەرەوەی کڵێسە دەوترا. وە هەریەك لە وشەکانی پێشوو (دنیایی، هەتاهەتایی، سەردەمی،....هتد) لەگەڵ هەمان وشەی فەرەنسی (seculaire) دەگونجا، تەنها (زانست) نەبێت کە نەدەچووە نێو بابەت و مەدلولەکانیەوە.... [١]

مێژوونووسە فەرەنسییەکان هاوڕان لەسەرئەوەی یەکەمین "دەق" کە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باسی لە چەمکی عەلمانی (پەروەردە) کردبێت، (ڕاپۆرت و پرۆسەی مەرسوم دەربارەی پەروەردەی گشتی–

---

دەستی هۆلیۆك (کۆمەڵەی لەندەنی عەلمانی) دامەزرێنراLondon Secular Scocity ، کە تیایدا سیستمێك خرابووە ڕوو کە گرنگی دەدا بەو پرسیار و بابەتانەی دەکرا تاقیکردنەوەیان لەسەر بکرێت، یاخود لە ژیاندا جێبەجێ بکرێت. تەنها گرنگی بەو شتانە دەدا کە ماددی یا ئەقلأنی وەیاخود ئاکاری بوون، بەدەر لە پیرۆزی یاخود بابەتێك کە تایبەت بێت بە ئایین و ئەودنیا و خزمەت کردنی ئایین. هۆلیۆك هەردەم نەیدەویست دەستەواژەی سکیۆلاریزم پێکدادان دروست بکات لەگەڵ ئایینەکاندا، هەربۆیە ناوبراو عەلمانیەتی وەك چەمکی (خواستی بێلایەنی) ناساند. لەمبارەیەوە ئاماژەی بە عەلمانیەت دابوو کە" بڕوابوونە بە توانای چاکسازی لە گوزەرانی مرۆڤدا بە ڕێگەچارەی ماددی، بێجگەلە بەرەنگار بوونەوەی پرسی باوەڕداری، جا ئەگەر بە ڕازیبوون یا ناڕازیبوون بێت."

*(چارلس برادلاف)(١٨٣٣– ١٨٩٤ن): دیارترین سومبولی بێباوەڕی (الحاد) لە سەردەمی ڤیکتۆریدا بوو لە بەریتانیا، هەردەم نەیارێکی سەرسەختی کڵێسە و داکۆکیکەرێکی بیۆچانی عەلملنیەت بووە. وەك پەرلەمانتارێك هەڵبژێردرا بۆ پەرلەمانی بەریتانی، بەلأم ئەو مافەی لێسەندرایەوە لەبەرئەوەی سوێندخواردنی یاسایی ڕەت کردبووەوە. چەند جارێکیتر هەڵبژێردرایەوە تا دواجار توانی (کۆمەڵەی عەلمانی نیشتمانی– الجمعیة العلمانیة الوطنیة) یاخود (نەتەوەیی) دابمەزرێنێت. ساڵی (١٨٨٦ن) توانی بە ئاشکرا وەك یەکەمین پەرلەمانتاری بێباوەڕ (ملحد) بچێتە نێو هۆڵی پەرلەمانی بەریتانییەوە..

[١] د.أحمد إدريس الطعان: هل العلمانية من العِلم (العِلمانية)، أم من العالَم (العَلمانية) ؟ منتدى التوحيد– قسم الحوار عن المذاهب الفكرية، لقاء علمي مع الدكتور حول العلمانية، كلية الشريعة، جامعة دمشق، ١/ ٩/ ٢٠٠٦

تقرير ومشروع مرسوم حول التعليم العام)ە، کە (کۆندۆرسێ– Condorcet)* نووسیبووی وە ساڵی (١٧٩٢ن) پێشکەش بە پەرلەمانی فەرەنسی کردبوو. هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لەگەڵئەوەی بەشێکی ناوەڕۆکەکەی وەکخۆی وەرنەگیرا بوو، بەڵام دواتر توانیبووی ببێتە بنەما و سەرچاوەیەکی گرنگ لەبۆ یاسادانەرە عەلمانییەکان. سەرەتا ئەم پرۆسەیەی بەو مەبەستە ئاڕاستەکردبوو، یاخود داڕشتبوو تاوەکو ببێتە یاسایەك، بەڵام پرۆسەکەی ناوبراو ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا تا دواتر گۆڕانکاری تێدا کرا، ئەمەش بۆئەوە بوو کە پرۆسەکە واقیعیتر بێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێت لە نێوکۆ (سیاق)ی گشتیدا وەکی فەلسەفەیەکی پێشکەوتوو وە هزرێکی نوێ تێبڕوانین..[1]

وترا عەلمانیەت ئایدیۆلۆژیا نییە، واتە نابێتە هزر، لەبەرئەوەی بابەتەکان و تایبەتمەندییەکانی (ئایینی) لێدادەماڵرێت، ئەمەش پێچەوانەی پرەنسیپی عەلمانیەتە. واتە عەلمانیەت هەڵوێستەیەکە بەرامبەر بە ژیان، شەرعییەتیش لە دنیاییبوونەکەی وەردەگرێت نەك لە نادیارییەکەی، وەك دەسەڵاتی ئایینی. کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە عەلمانیەت مۆرکێکی مرۆیی دنیایی بە ژیان دەبەخشێت. مادامەکی عەلمانیەت باوەڕی بە داکەوت (واقع) هەیە، کەواتە لەگەڵ گۆڕانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاشدا یەکدەگرێتەوە. ئەمەش لە سەدەی شازدەوە و دوابەدوای سەرنەکەوتنی کڵێسەی پاتریارکی ئەوروپی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بوو.. مانای عەلمانیەت ڕێکخەرەوەی کۆمەڵگایە لە جەوری ئایین، وە بنەمایەکی کۆمەڵایەتی تۆکمەی بۆخۆی دەستەبەرکرد، لەڕێگەی سیستمێکی دنیاییەوە، کە لەنێو نەتەوەکانی تردا دەنگدانەوەی هەیە، هەربۆیە عەلمانیەت بە (هەوڵێك) بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێك دادەنرێت کە دۆستایەتی تێکڕای ئایینزاکان بکات. پێشتر ئاماژە بەوە درا کە عەلمانیەت ئایدیۆلۆژیا نییە، مانای پاش زنجیرەیەك گۆڕانکاری ئابوری و کۆمەڵایەتی کە لەداکەوتی کۆمەڵگاکاندا ڕویدا، عەلمانیەت سیفەتێکی زانستی وەرگرت و بوو بە "**زانستێکی کۆمەڵایەتی ڕامیاری**" وەکی هەر زانستێکی تر کە تایبەت نەبێت بە کۆمەڵگایەك، ناوچەیەك یان وڵاتێك یاخود کیشوەرێك، بەڵکو گۆڕدرا بۆ ئەتمۆسفێری جیهانی مرۆڤایەتی..[2]

مامۆستا (سەلاح عەلی نەییوف– صلاح علي نيّوف)* کاتێك دێتە سەر باسی (چەمکی عەلمانیەت)، ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو چەمکە دوالیزمی (فراوان و تەسك)ی هەیە لە یەك کاتدا. فراوان: لەو ڕوانگەیەوە

---

* ماری کۆندۆرسێ (١٧٤٣– ١٧٩٤): فەیلەسوف و زانایەکی بواری بیرکاری فەرەنسی بوو، لەوەش زیاتر وەك سیاسەتمەدار و چالاکوانێکی سیاسیی ناسرابوو. لە گرنگترین کارەکانی، دیراسەکردنی ناوبراو بۆ "تیۆری گریمانەیی" بوو.

[1] الدكتور صلاح علي نيّوف:مقدمة في العلمانية مع قراءة في النموذج الفرنسي، الأكاديمية العربية المفتوحة في الدنمرك، ص ٥٣

٢ حسن كامل: حول العلمانية، اتحاد المثقفين الكورد– غرب كوردستان في الخارج rojava@rojava.net، الثلاثاء، ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧

* د. سەلاح عەلی نەییوف: کەسایەتییەکی ڕەگەز سورییە، بەڵام ئێستا دانیشتووی فەرەنسایە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزانستە سیاسییەکان لەدیمەشق بەدەستهێناوە. هەروەها بڕوانامەی ماجستێریش لەفیکری سیاسی وفەلسەفەی عەرەبی لەفەرەنسا. دواتر، بڕوانامەی دکتۆرای بەپلەی نایاب لەفیکری سیاسی ودیراساتی شەرقی لەزانکۆی (سۆربۆن) لەپاریس بەدەستهێناوە. دواتر ولەهەمان زانکۆ، بڕوانامەی ڕێزلێنانی وەرگرتووە. ئێستاش، مامۆستای وانەبێژە (أستاذ محاضر)

**که تایبەتە بەو سیستمەی ڕێز لە ئازادی تاك و بیروڕا و ئاینزاكان دەگرێت. بەو مانایەی "دەوڵەت" تایبەت نییە بە کەمینەیەکی مەزهەبی، یان کۆمەڵە کەسانێك یاخود بەشێکی میللەت، بەڵکو موڵکی تێکڕای گەلە، بێئەوەی ڕێگری لە هەڵوێست و خواستی تایبەتی هیچ کەسێك بگیرێت. تەسك: ئەویش بەمانای جیاکردنەوەی ئایینە لە دەوڵەت...[1]**

**لە (فەرهەنگی مونیر بەعلەبەکی- المورد لمنیر البعلبكي)دا کە سەرچاوەیەکی عەرەبییە، ئاماژە بەوشەی (عەلمانیەت) دراوە، کە دەقاودەق (دنیایی) یاخود (مەزهەبی دنیایی) بۆ بەکارهێنراوە. هەروەها (عەدنان خەتیب- عدنان الخطیب) کاتێك باس لەم وشەیە دەکات، ئاماژە بەتایبەتمەندییەکانی زمانی فەرەنسی دەدات کە وشەی (seculaire) مانای "دنیایی، سەردەمی، ساڵی، سەدەیی، هەتاهەتایی، خاکی، جیهانی" دەگەیەنێت...**

## بەشی چوارەم :- لە ڕووی سەرچاوەی ئاماژەپێدانەوە

**وەك زیاتر ئاماژەپێدانێك بەبابەتەکە و پێناسەکردنێکی چڕ و پوختی وشەی عەلمانیەت، سەرەتا دەبێت ئەو فەرهەنگ و فەرهەنگۆکانەی ئاماژەیان بەو وشەیە و بە چەمکی ئەو وشەیە داوە پۆلێن بکەین، بۆیە واباشترە لەپێشدا سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان پۆلێن و ئاماژە پێبدەین..**

**دیارە لەگەڵئەوەی بابەتەکە لە زۆر ڕووەوە ڕاڤە و ئاماژە و شیکاریی و لێکدانەوەی بۆ کرا، دەکرێت لە ڕووی سەرچاوەییشەوە ئاماژە و پۆلێنی بۆ بکرێت. بۆیە وا باشترە ئاماژە بەو سەرچاوانە بدەین کە باس لەم بابەتە دەکەن:**

### ١- فەرهەنگە ئەوروپییەکان (المعاجم الاوروبیە):-

**سەرەتا لە (فەرهەنگی زمانی بەریتانی- معجم اللغة البريطانية)یەوە دەست پێدەکەین کە تیایدا ئاماژە بە وشەی (عەلمانیەت- secularism) دراوە، وەك گرنگیدان بە کاروباری دنیایی و نەیاری کاروباری ڕۆحی، وە بەتایبەت بڕوابوون بە بواری دنیایی. هەروەها ئاماژە بەوە دراوە کە وشەی (secularist) بە کەسێکی عەلمانی دەوترێت، کە خۆشگوزەرانی مرۆیی لەم دنیایەدا فەراهەم بکات، بێگوێدانە سیستمە ئایینییەکان یاخود شێوازەکانی عیبادەت. وە ئاماژەش بە وشەی (secular) دراوە کە تایبەتە بەم جیهانە، یان واتای (ژیانی ئێستاکیْ) دەبەخشیْ. بەواتایەکی تر سەردەمی، جیهانی یان پێچەوانەی هەموو ئایینی و ڕۆحانییەك، یاخود ملکەچ نەبوون بۆ دەسەلآتی کڵێسە. یان بەواتای سیڤیلی، ناڕۆحانی، گوێنەدان بە ئایین**

---

**لەبەشی زانستە سیاسییەکانی ئەکادیمیای عەرەبی کراوە لەکۆپنهاگن لەدانمارك (الاكاديمية العربية المفتوحة في كوبنهاغن في الدنمارك). لەگەڵئەوەی مامۆستای زانکۆیە، خاوەنی چەندین کتێب وتوێژینەوەشە..**

**[1] الدكتور صلاح علي نیّوف:مقدمة في العلمانية مع قراءة في النموذج الفرنسي، الأكاديمية العربية المفتوحة في الدنمرك، ص ٢**

و پیرۆزی.. ئەمەو چەندین وشەی تر دەربارەی هەمان بابەت...

لە (**فەرهەنگی ئۆکسفۆرد– معجم أوکسفورد**)دا مانای وشەی (secular) خراوەتە ڕوو کە دوو ڕای هاومانای لەخۆ گرتووە. یەکەم: دنیایی، ماددی، ناڕۆحانی، نائایینی، وەکی پەروەردەی نائایینی و هونەر و پەروەردەی موزیکی نائایینی و دەسەڵاتی نائایینی یاخود حکومەتی دژ بەکڵێسە. دووەم: ئەو ڕایەی کە دەڵێت "پێویست ناکات ئایین بنچینەی ئاکار و پەروەردە بێت."

لە لایەکی ترەوە (**فەرهەنگی ویبستەر– معجم ویبستر**) ئاماژەی بە وشەی عەلمانی داوە و (دنیایی) بۆ بەکارهێناوە. واتاکەشی ئاشتەنگ (شت)ێك دەخاتە ڕوو، زۆر پەیوەست بە ژیانی هاوچەرخەوە، یاخود شتێك کە یەکجار لە سەردەمی خۆیدا، یان لە ژیاندا ڕوودات.. وە لە گرنگترین ماناکانی "شتە دنیاییەکان، جودا لە ڕۆحییە خاوەن بیروباوەڕەکان، یاخود ئەو شتانەی سیفەتی نەمرییان هەیە، لەخۆ دەگرێت."

بەڵام (**فەرهەنگی سێهەمی نێودەوڵەتی نوێ– المعجم الدولي الثالث الجدید**) بابەتی (secularism) بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو "ئاڕاستەیەکە لە ژیاندا یاخود لە هەر کاروبارێکی تایبەتدا، لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات کە ئایین و بابەتە ئایینییەکان نابێت دەستوەربدەنە کاروباری میرییەوە، بەمانای "دوورخستنەوەی ئایین لەو بوارانە" دەبێتە ئامانجی سەرەکی. ئەمەش "پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نائایینی پەتی لە حکومەتدا دەگەیەنێت." واتا بوونی سیستمێکی کۆمەڵایەتی چەشەکراو بە مۆراڵێك، کە دامەزرابێت لەسەر هزرێك، بەها مۆراڵی و هەڵسوکەوتییەکان هاوتا بکات لەگەڵ ژیانی هاوچەرخدا، بەبێ تێڕوانینە ئایین.

تێکڕای باس و ئاماژەپێدانەکانی (فەرهەنگە ئەوروپییەکان– المعاجم الاوروبیە) بەم چەند دێڕە کۆتایی پێدێنین، بەوەی جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە لەگشت فەرهەنگە ئەوروپییەکاندا تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدە، وشەی (secularism) ئەم مانایانەی گەیاندووە:

* ئەوەی لە هەموو سەدەیەکدا یەکجار ڕوو دەدات، سەدەیی، جیهانی.

* ئالودەبوو یان پەیوەست بە جیهانی سەرزەمینییەوە (دنیاییەکان)، ئەوانەی دژ بە چینی کاهین و قەشە و ئیکلیرۆس و پیاوانی ئایینی و سیستم و باڵادەستی ئایینین.

* گشت ئەوانەی ئاهەنگ دەگێڕن بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەد ساڵەوە (سەدەی سەردەمی).

## ٢- ئینسایکلۆپیدیا ڕۆژئاواییەکان (دوائر المعارف الغربیە):-

دیارە لەم فەرمانگانەدا، زانیارینامە و کەشکۆڵی زانیاری ڕۆڵێکی کارا دەبینن، زانین و زانیاری دەربارەی وشەی عەلمانیەت هێندەی تر زیاد دەکات و بەرچاو ڕوونییەکی زیاتر دەبەخشێت و خزمەتێکی زیاتر بە بابەتەکە دەکات.. بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە وشەکە و ماناکانی، لەمبارەیەوە ئاماژە بە (**ئینسایکلۆپیدیای بەریتانی– دائرة المعارف البریطانیة**) دەدەین کە تیایدا وشەی (secularism) وەکی "بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی" خراوەتە ڕوو کە هەوڵ بۆ هۆشیار کردنەوە و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵانی خەڵك دەدات، لەبۆ زیاتر گرنگیدان بەم دنیایە. لەبەرئەوەی لەپێشدا کۆمەڵگا مرۆییەکانی چاخی ناوەڕاست زیاتر گرنگیان بە کاروباری ئایینی و ئەودنیا دەدا. وە ئاماژە دراوە کە دواتر لەسەردەمی (ڕێنیسانس)دا خەڵکی

زیاتر پەیوەست بوونی خۆیان بە داهێنانە ڕۆشنبیری و مرۆییەکانەوە دەرخستووە، وە لەو بڕوایەدا بوون کە خواست و ویستەکانیان تەنها لەم دنیایەدا فەراهەم دەبێت، بۆیە بەردەوام ئاڕاستەبوون بەرەو عەلمانیەت بەرەو پێش دەچوو، بەتایبەت لە مێژووی نوێدا، بەو پێیەی بزوتنەوەیەکی دژ بە ئایین و مەسیحییەت بوو...

لە (**ئینسایکلۆپیدیای ئەمریکی- دائرة المعارف الأمريكية**) دا کاتێك باس دێتە سەر بابەتی عەلمانیەت، بە سیستمێکی مۆراڵیی سەربەخۆ لەقەڵەمی دەدات، کە لەسەر پرەنسیپەکانی (دروستبوونی سروشتی) بنیاتنراوە، سەربەخۆ لە ڕووکەشی ئایینیی یاخود میتافیزیکی. بەوەی ئەم بابەتە بۆ یەکەمجار لە بەریتانیا لە دیسەمبەری ساڵی (١٨٤٦ز) لەسەر دەستی (جۆرج جاکۆب هۆلیۆك) لە شێوەی سیستمێکی فەلسەفیدا خراوەتە ڕوو. ئاماژەی داوە کە ناوبراو هەردەم جەختی لەسەر ئازادی "مافی باوەڕبوون- حق العقيدة" کردووە، وە شتێکی سروشتییە کە لەو ئازادییەوە مافی "جیاوازی بیروڕا- اختلاف الرأي" دەربارەی بابەتە بیروباوەڕییەکان دروست ببێت. ئەم مافی جیاوازی بیروڕایە بوونی نابێت، بەبێ بوونی "مافی پۆزش و گفتوگۆی ئەو جیاوازییە- حق التبرير و مناقشة ذلك الاختلاف." لە کۆتاییدا جارێکیتر ئاماژە بەوە دەدات کە عەلمانیەت جەخت لەسەر مافی دیالێکت و گفتوگۆی گشت پرسیارە زیندووەکان دەکاتەوە، لەوانەش نمونەی بیروباوەڕە بەهادارەکان کە بنەمای پەیوەست بوونی ئاکاری لەخۆ دەگرێت، وەك بوونی پەروەردگار، نەمری ڕۆح، دەسەڵاتی ویژدان. وە عەلمانیەت ئەوە ناگەیەنێت کە خێر بۆ ئەودنیا نییە، بەڵام باشترین خێر بۆ ئەمدنیا و ژیانی ئێستایە، کە خێری ڕاستەقینەیە....

دوایین تێڕوانین (**ئینسایکلۆپیدیای ئایین و ئاکار- دائرة معارف الدين والأخلاق**)ە کە وەسفی عەلمانیەت وەکو بزوتنەوەیەکی دژ بە ئایین دەکات، کە مەبەستێکی ئاکاریی لەگەڵ پێشکەشکردنێکی سیاسی و فەلسەفی لەخۆدەگرێت. پێدەچێت ئەم فەرمانگەیە ئەوە دەربخات کە عەلمانیەت دامەزراوەیەکە و مەبەستەکەشی پێشکەشکردنی تیۆرییەکی دیاریکراوە تایبەت بە هەڵسوکەوت و ژیان، کە ئایینزای مۆراڵیی پەیڕەو دەکات. ئەمەش لە کاتێکدایە کە پێویست بە گەڕانەوە بۆ خواوەندی و ژیانی کۆتایی ناکات. مانای، مەبەستی سەرەکی عەلمانیەت بریتییە لە تەواوکردنی وەزیفەی ئایین و بیروباوەڕ، وە جێگرتنەوەیان بە عەلمانیەت...[1]

لەکۆی وتەکانی باسکرا، ئەوەمان چنگ دەکەوێت کە دەربڕینی عەلمانیەت یاخود سکیۆلاریزم، بوارێکی مەعریفی زۆر فراوان لەخۆ دەگرێت. لەڕاستیدا، کاتێك مەزنیی وشەکە دەردەکەوێت، کە کەش وهەوایەکی دیمۆکراتی لەوڵاتدا بەرقەرار بێت، یاخود بەبێ بوونی ئازادی بیروڕا وعەقیدە وجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وسەرباری ئەوانیش، جیاکردنەوەی ئایین لەدەسەلات، مەحاڵە عەلمانیەت ڕۆڵی کارا بەخۆوە ببینێت. وەلێ، دەرکەوتنی دەستەواژەی "ئەقڵی سکیۆلاری" لەئەوروپای خۆرئاوادا، لەئەنجامی ئەو حەمکە گۆڕانکاری وکاردانەوە جەماوەرییانەی دژ بەدەسەڵاتی پیاوانی ئایینی وسیستمی حوکمڕانی ئەو سەردەمە بوو، کە کۆمەڵگا مرۆییەکانی پێدا تێپەڕ دەبوو، یاخود زەرورەتێکی مێژوویی سەردەم بوو، هاتەدی ..

هەژیی گۆتنە، چەمکی دیمۆکراتییەت، پاش چەندین سەدە لەخۆرئاوابوونی لەئەتینا، جارێکیتر

---

[1] د. أحمد ادريس الطعان: العلمانية في المصادر الغربية، منتدى التوحيد- كُتّاب و مقالات، ٩/ ٦/ ٢٠٠٥

وبەگوڕ وتینێکیترەوە لەنێو کۆمەڵگا مرۆییەکانی ئەوروپای خۆرئاوادا دووبارە سەریهەڵدایەوە، بەڵام هێشتا چەمکی عەلمانیەت لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەدا نامۆ وپێش وەخت بوو، لەبەرئەوەی ئەم کەش وهەوا دیمۆکراتە هاوچەرخەی ئێستاکە لەهەمان کۆمەڵگادا بەدیدەکرێت، هەرگیز لەو سەردەمانەدا (بەتایبەت لەدوای دووبارە سەرهەڵدانەوەی دیمۆکراتیەتەوە) بەم شێوەیە بەدی نەدەکرا وکامڵ نەبوو، بۆیە سەرهەڵدانی ئەم چەمکە لەم دواییەدا تا ڕادەیەك نوێیە ..

بەدەر لەفەرهەنگ وئینسایکلۆپیدیا ووشەدانە ئەوروپایی ونێودەوڵەتییەکان، وەڵێ لە (فەرهەنگی مونیر بەعلەبەکی– المورد لمنير البعلبكي)دا، کە سەرچاوەیەکی عەرەبی باوەڕپێکراوە، ئاماژە بەوشەی (عەلمانیەت) دراوە، کە دەقاودەق (دنیایی) یاخود (مەزهەبی دنیایی) بۆ بەکارهێنراوە. هەروەها (عەدنان خەتیب– عدنان الخطيب) * کاتێك باس لەم وشەیە دەکات، ئاماژە بەتایبەتمەندییەکانی زمانی فەرەنسی دەدات، کە وشەی (seculaire) مانای "دنیایی، سەردەمی، ساڵی، سەدەیی، هەتاهەتایی، خاکی، جیهانی" دەگەیەنێت...

## بەشی پێنجەم :- لە ڕووی ئایندەوە

ئەمڕۆکە چەمکی عەلمانیەت، هاوشێوەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی، توانیویەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو سنووری پێشووی خۆی ببەزێنێت، واتە کامڵبوونی ئەم دەستەواژەیە لەڕووی مەدلول و خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی، یاخود مانای دەرچوون لەو چوارچێوەیەی کە سەرەتا بەدەستی هێنابوو.. هەروەك چۆن گێتی، بەجیهانیبوونی (عولمە) بەخۆوە دیوە وەك قۆناغێکی نوێ کە سەرجەم بوارەکانی لەخۆ گرتووە، وەك چۆن قۆناغی تازەگەری لەمڕۆدا (پۆست مۆدێرنیزم) * ی بەخۆوە دیوە، ئاساییە عەلمانیەتیش قۆناغێکی

---

* عەدنان خەتیب: (عدنان بن عبدالقادر الخطيب)، (١٩١٤– ١٩٩٥ز) لە(دیمەشق) لەسوریا لەدایك بووە. کەسێکی مافپەروەر (حقوقي) وئەمینداری گشتی کۆڕی زانیاری سوری ومێژوونووسێکی ژیانە (مؤرخ السيّر)، خوێندنی زانکۆیی لە(بەغدا) تەواو کردبوو، پاشان ڕوویکردبووە پاریس ولەوێ بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری (مافەکان)دا بەدەستهێنابوو. پاشان گەڕابووەوە بۆ سوریا وکاری پارێزەریی دەکرد. بەشێوەیەك، کە دواتر چەندین پۆستی باڵای حکومی وەرگرتبوو، لەوانە (ڕاوێژکار لەدادگای پیاچوونەوە ونوێنەری گشتی وەزارەتی داد لەدیمەشق). ئەمە بێجگەلەوەی ناوبراو، مامۆستای زانکۆ بووە ولەهەردوو کۆلێژی حقوق وشەریعە وانەی وتووەتەوە، پاشان لەقاهیرەش وەك مامۆستایەکی زانکۆ وانەی وتووەتەوە. کاتێکیش خانەنشین کرا، پلەی (پارێزەری شەرەف)ی پێبەخشرا. خاوەنی چەندین کتێب وتوێژینەوە ووتار بووە.

* پۆست مۆدێرنیزم: لە بواری سیاسیدا، ئەم ڕێبازە پێیوایە کە خەباتی چینی کرێکار لەنێو کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا بەرەو کوژانەوە چووە و لەنێو هەناوی بەرژەوەندییەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا تواوەتەوە. بەبڕوای لایەنگرانی ئەم ڕێبازە، ویستەکان و خەباتی (بان چینایەتی) وەك بزوتنەوەی پاراستنی ژینگە و بەرگری لە مافەکانی هیمۆسێکسڤالەکان، جێگای خەباتی چینایەتی گرتووەتەوە. بەبڕوای "دانیاڵ بێڵ" (کۆمەڵناسی ئەمریکی)، پۆست مۆدێرنیزم سەردەمی دژەنۆرمەکانی بۆرژوایی و حاشاکردن لە ناسنامەی کۆمەڵایەتی، تاکگەرایی لەڕادەبەدەر، چێژوەرگرتنی کاتی، بەرەنگاربوونەوەی کەلتووری مۆدێرنیزم، سیاسەتی دیمۆکراتیك، ئابوری سەرمایەداری و بەها ئاییینییەکانە. هەندێك

**نویٚ بەخۆوە ببینێت کە قۆناغی (پۆست سکیۆلاریزم)ە، واتە (پاش عەلمانیەت). گەر سیستمی عەلمانیەتی خۆرئاوایی لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دامەزرابێت کە پەیوەندی نێوان مەزهەبە مەسیحییە جیاوازەکان ڕێك بخات، ئەوا پۆست سکیۆلاریزم خولیایەکە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ئایین و عەقیدە و ئایینزا جیاوازەکان لە سەرانسەری جیهاندا..[1]**

**وێڕای سکیۆلاریزم، "مۆدێرنیزم" دیاردەیەکە پەیوەندی بە (١٥٠) ساڵی ڕابردووی کەلتووری ڕۆژئاواوە هەیە و لەگەڵ "مۆدێرنیتە" دا جیاوازی هەیە، هەڵبەت لێرەدا دەبێ بەوردی بزانین مۆدێرنیتە بە چ شتێك دەڵێین. زۆر لە نووسەران لەبەر هۆگەلێك کە جێی پەسەندن، مۆدێرنیتە بە کۆی گۆڕانکارییە ئابوری، کەلتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێنیسانس بەملاوە لەڕێی زاراوەی مۆدێرنیتەوە دیاری دەکەن. لەم نێوەدا تاقمێك لە نووسەران مۆدێرنیتە بە (ئایدیۆلۆژیی مۆدێرنیتە) دەزانن. ئەمانە هزر و کەلتوورێك بە مۆدێرن دەزانن کە لە دژی دامەزراوەکان، باوەڕەکان و پڕوپووچە نەریتییەکان بەرخۆدان بکات، وە لەگەڵ ئارمانجەکان (ئایدیاڵەکان)ی مۆدێرنیتە و لەگەڵ "ئاوەزباوەڕی یان ڕاسیۆنالیزم" ((کاری هۆشیارانە))، هەروەها "مرۆڤ باوەڕی"و "دیتە دنیایی" یەکانگیر دەبێت. بەمجۆرە لە دیدی ئەم نووسەرانەوە، کاری گرنگ و سەرەکی مۆدێرنیزم، لە هەنگاوی یەکەمدا داکۆکی لە ئاوەزباوەڕی مۆدێرنیتەیە..[2]**

**کەواتە"مۆدێرنیزم" بە پرۆسەی ڕێکخستن و گونجاندنی دامودەزگا نەریتییەکان لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و شارستانییەتدا دەگوترێ. هەرچی "مۆدێرنیتە"یە بەمانای دژایەتی نێوان کۆن و نوێیە، کە لە دوای سەدەکانی ناوەڕاست یان لە ڕێنیسانسەوە دەستی پێکردووە و لە بنەڕەتدا چەمکێکە لە زانست، تێکنۆلۆژیا، فەلسەفە، هونەر، بیناسازی و بابەتی هاوشێوەی ئەمانەدا دەردەکەوێ، هەربۆیە دەوترێت مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتە جیاوازن. واتە مۆدێرنیزم، ئاسەواری دەرەوەی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە، بەڵام مۆدێرنیتە، توخمە دەروونییە هزری و فەلسەفییەکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە و خاوەنی کۆمەڵێك چەمکی بنەڕەتییە کە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆ نموونە "ئەقڵ" کە یاسا و دەوڵەتی مۆدێرنی پێداڕێژراوە، بەرهەمی مۆدێرنیتەیە..[3]**

**ئەمڕۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، عەلمانیەت تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی جیهانگیری، هەوڵ بۆ بچووککردنەوە و بەیەکترناسین و پەیوەندی دروستکردن دەدات. بە واتایەکیتر، عەلمانیەت کار بۆ دروستکردنی پەیوەندییەك لەسەر ئاستی جیهانی دەکات لەنێوان دەسەڵاتەکان و ئایین و ئایینزاکاندا،**

---

**بیرمەندی تر، پۆست مۆدێرنیزم بە سیاسەتێکی "جیهانی سیستمی سەرمایەداری" دەزانن. هەروەها کەسانێکی تریش لەو بڕوایەدان کە پۆست مۆدێرنیزم هیچ دەسکەوتێکی بەهاداری فیکری پێنییە، بێجگەلە هەژاری فیکریی و نەبوونی ڕێگەچارە.**

**[1] د.شاهۆ سەعید: گەشەی فیکری سکیۆلاری و قەیرانی ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەکان، زنجیرە لێکچەری فیکری سیاسی هاوچەرخ، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، قۆناغی چوارەم، ل ٧٠**

**[2] بابەك ئەحمەدی: هەقیقەت و جوانی (وانەکانی فەلسەفەی هونەر)، و: مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی- دهۆك، ٢٠٠٨، ل ٤٥**

**[3] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٧١٠**

عەلمانیەتێك كە مانای (ڕێزگرتن و لێبوردەیی) پرەنسیپی سەرەکی کارنامەی بێت. هەربۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، زۆرینەی بیریاران بڕوایان وایە کە لەم سەردەمەدا دووبارە دروست بوونەوەی ئایدیۆلۆژیای گشتگیر (شمولی– تۆتالیتار)ی کارێکی مەحاڵە، لەبەرئەوەی تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ ژیان و جیهان گۆڕاوە. دیارە بەهەمان شێوە، چەمکی (پاش تازەگەری)ش خاوەنی هەڵوێستەیەکی ئاکاریی جیاواز و تایبەت بەخۆیەتی، کە دەشێت کورت بکرێتەوە بۆ (ڕێزگرتنی جیاوازییەکان)..[١]

لەم سەردەمەدا، کۆمەڵگاکان لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیخوازی (Communication) لەنێوان یەکتردان، ئەم هەوڵە جیهانییە دادەبەزێتە خوارەوە بۆ نێو تاکەکانیش (بەشێوەیەکی مۆدێرنانە نەك بەراییانە). زۆرینەی کۆمەڵگاکان بە سیستمەکانیشیانەوە لەوە گەیشتوون کە (کۆمەڵگای داخراو) چیتر سوودی نەماوە، دنیا دنیای کرانەوە بەڕووی دەرەوەدایە، مەحاڵە ڕێگری بکرێت لەو حەمکە زانست و پێشکەوتن و پەیوەندییە نێودەوڵەتییە زۆرەی لە جیهاندا ئەمڕۆ بەدیدەکرێت..

بیرمەند (هابرماس) [*] یەکێکە لەو کەسانەی کە پشتگیرییەکی تەواو لەو پەیوەندیخوازییە دەکات، بۆچوون و فەلسەفەکەشی لەگەڵ (سکیۆلاریزمی لیبراڵی)دا یەکدەگرێتەوە، لەبەرئەوەی کەسێکە بڕوای بە دیمۆکراسی و دایالۆگ و ڕێزگرتن لە مافی ئایینەکان هەیە. هابرماس جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ئەمڕۆ هەرگیز ئەقڵی زانستی بێلایەن نییە، ناکرێت پروپاگەندەی ئەوەش بکرێت کە مرۆڤی هاوچەرخ دەستبەرداری (دەمارگیری ئایینی) بووە، خۆئەگەر ئەوەش ڕاست بێت ئەوا هەمان مرۆڤ گیرۆدەی دەمارگیرییەکیتر بووە کە (دەمارگیری زانستییە). لەبەرئەوە کاتێك ئەقڵی زانستی بەهۆی پێشکەوتنەکانەوە دادەبەزێتە خوارەوە بۆ نێو کۆمەڵگا، ئەوا ڕاستەوخۆ دەسەلأتداران لەڕێی ئەو ئەقڵە زانستییەوە کۆنترۆڵی مرۆڤە ژێردەستەکان دەکەن.

پێشتر ئاماژە بەوە درا کە ناوبراو گرنگییەکی زۆر بە پردەکانی پەیوەندیکردن دەدات، لەوەش زیاتر گرنگیدانیەتی بە دایالۆگ و مافی ئایین و عەقیدە، بەلأم لەهەمان کاتدا ڕەخنەش لە عەلمانیەتی مۆدێرن دەگرێت، لەبەرئەوەی بەڕای هابرماس (ئایدیۆلۆژیای عەلمانیەت) [*] لە چاخی مۆدێرندا، بۆ حوکمدان لەسەر هەموو پرسە زانستی و سیاسی و ئەخلاقییەکان ئایدیۆلۆژیایەکی گشتگیر بووە. ئەمەش بەمانای ڕەتکردنەوەی بابەتە لاهوتی و مۆراڵییەکان وە سوور بوون لەسەر دیدوبۆچوونە زانستییە پەتییەکان،

---

[١] مارتن غريفيش و تيري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، الطبعة الاولى، مركز الخليج للابحاث– دبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٨، ص ٣٥٦

[*] یۆرگن هابرماس: لەدایکبووی ساڵی (١٩٢٩ز)ە لەشاری (دۆسیلدۆرف)ی باکووری (ڕاین)ی ئەڵمانی، نزیك شاری (کۆلۆنیا)، سەر بە بنەماڵەیەکی مامناوەند بووە. پێشەنگی نەوەی دووەمی قوتابخانەی ڕەخنەیی فرانکفۆرتە، هەڵگری پاشخانێکی مارکسییە، ڕەخنەگرتن ڕۆڵێکی سەرەکی فیکری ناوبراوە. فەیلەسوفی یەکەمی ئەڵمانیا و پێشەنگی گوتاری سیاسی ڕەخنەگرییە. بەر لە پەنجا ساڵ، (یۆشکا فیشەر)ی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا نازناوی (فەیلەسوفی کۆماری ئەڵمانیای نوێ)ی پێبەخشیبوو. لەگەڵئەوەی وەك کەسێکی فەیلەسوف و سیاسەتمەدار ناوبانگی دەرکردبوو، بەلأم لە بواری سایکۆلۆژیدا شارەزایەکی تەواویشی هەبووە.. هابرماس پێیوایە کە ئەقڵی زانستی ئەقڵێکی بێلایەن نییە، بەڵکو ئەقڵێکی ئایدیۆلۆژییە. ئەو کەسێکە کە بڕوای تەواوی بە دیمۆکراتیەت و دایالۆگی نێوان فیکری ئایینی و فیکری سکیۆلاری هەیە.

[*] نووسەری ئەم بابەتە لەبەرئەوەی (ئایدیۆلۆژیا)ی بۆ عەلمانیەت بەکارهێناوە، بۆیە وەکخۆی نووسیومانەتەوە.

بەمەش تەسکبینی مرۆڤەکان دەردەکەوێت، یاخود ڕێنەدان بە دایالۆگ و دانوستان لەسەر بابەتە ئایینی و ئەخلاقییەکان. لە هەمان کاتدا هابرماس پێیوایە کە تەنها دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدارە خاوەن بڕیارەکان، دەتوانن عەلمانی تەواو بن، لەبەرئەوەی پێویستە لەسەریان بە یەك چاو وە یەك پێوەر تەماشای هەموو خاوەن بیروڕا ئایینی و ئایینزاکان بکەن. لەوان بترازێت، خەڵکی عەوام ئازادە لەوەی عەلمانی بێت یان نا، چۆن بیردەکەنەوە و ژیانی خۆیان چۆن ڕێك دەخەن...[1]

گەر لە ڕووی مێژووییەوە بڕوانینە جیهان و بەتایبەت ئەوروپا، دەبینین کە عەلمانیەت بە چەندین قۆناغدا ڕۆیشتووە. ڕاستە وەك ناو، "عەلمانیەت" لەو قۆناغە بەراییانە نەنراوە و نەزانراوە, بەڵام میکانیزم و تێڕوانین و لێکدانەوەکانی ئەمڕۆ بۆی، ڕاستی وشەکە دەسەلمێنن، یاخود دەتوانین بڵێین بەپێی پێوەرە مەعریفییەکان، هەمان مەبەستی عەلمانیەتی ئەمڕۆی گەیاندووە.

سەرەتا قۆناغی یۆنانی و ڕۆمانی، کە عەلمانیەت تیایدا وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای هەبووە، واتە دەسەڵات هەژموون وپێگەی تایبەتی خۆی هەبووە. هەرچی ئایینی بتپەرستییە، تەنها ڕۆتینێك بۆ تێرکردنی پێداویستییە مرۆییە پێشینەکان بووە. قۆناغی دووەم، باوەڕبوونی (کۆستانتین– قسطنطین) وەك یەکەمین ئیمپراتۆری ڕۆمانی بە ئایینی کریستیانی پیرۆز بووە، وە پەیڕەوکردنی ئەم ئایینە نوێیە وەك ئایینێکی یەکگرتووی فەرمی وڵات. واتە ناوبراو لەگەڵ بەڕێوەبردنی وڵاتدا وەك دەزگایەکی فەرمانڕەوایی، لەهەمان کاتیشدا توانیبووی ئایینی بتپەرستی بە ئایینێکی ئاسمانی پیرۆزی نوێ بگۆڕێت. لەم قۆناغەدا عەلمانیەت و مەسیحیەت پێکەوە هاوگوزەران بوون. دیارە مەسیحیەتی ناوبراو پشتئەستوور بووە بە وتەی (عیسا) پێغەمبەر (د. خ) کە فەرموویەتی "ئەوەی بۆ خودایە با بۆ خودا بێت، ئەوەی بۆ سیزەرە با بۆ سیزەر بێت." "دع ما لله لله، و ما لقیصر لقیصر." ماناى ئەم وتە پیرۆزە خۆی لەخۆیدا جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات دەگەیەنێت، کە ناوەڕۆکی چەمکی عەلمانیەت دەپێکێت..

قۆناغی سێیەم، ستەمکاریی کڵێسە وپیاوانی ئایینی ئەو سەردەمە دەخاتە ڕوو, کە بەهۆی چەندین هۆکارەوە توانیبویان هەژموونی کڵێسەی کاتۆلیکی بەسەر تەواوی دامودەزگا حکومییەکاندا بسەپێنن. کڵێسە توانیبووی دەستوەربداتە تێکڕای کاروبارە دینی و دنیاییەکان، بۆیە زۆرێك لە چین وتوێژە جیاجیاکان و فەیلەسوفان و منەووەرانی ئەوروپای ئەو سەردەمە بەهەموو شێوەیەك دژی فەلسەفەی لاهووتی و میتافیزیکی ئەو سەردەمە تاریکە وەستابوونەوە. چیتر بابەتە فیکرییەکان گەر لە بێژنگی ئەقڵگەرایی نەدرانایە پەسەند نەدەبوون. بەڵام بەداخەوە، دیارە ئەم کارە چەندین گیانی بێگەردی زانایان و فەیلەسوفانی سووتماك کردووە.

قۆناغی چوارەم، قۆناغی عەلمانیەتی (زیادەڕەو– مفرط) بوو وەك کاردانەوەیەك لەدژی کڵێسە، کە تیایدا ئەقڵگەرایی و زانستی پەتی، توندڕەوییەکی زۆری بەخۆوە دیبوو. هەروەها فەلسەفەی لاهووتی پاشەکشەیەکی تەواوی لەنێو کۆمەڵگاکانی ئەوروپای خۆرئاوادا کردبوو. ئەم قۆناغە هێندەی نەخایاند،

---

[1] د.شاهۆ سەعید: گەشەی فیکری سکیۆلاری و قەیرانی ئایدیۆلۆژیا تۆتالیتارەکان، زنجیرە لێکچەری فیکری سیاسی هاوچەرخ، کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان، قۆناغی چوارەم، ل ٦٧– ٧٠

بەتایبەت لە ئەوروپای خۆرئاوادا.

دوا قۆناغ، قۆناغی ئێستایە کە دووبارە هەستکردنەوەی کۆمەڵگاکانە بە پێویستیی بوونی ئایین، بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێك ڕۆڵی کۆمەلاَیەتی و ئاڕاستەکاریی پێویست، لەگەڵ هێشتنەوەی تێکڕای بوارەکانی ژیان دوور لە پابەندبوون بە ئایینەوە. ئەمەش خاڵی بەیەکگەیشتن و کۆدەنگی ڕۆژئاوایە، (وەك کاردانەوە و دەرەنجامی بزربوونی خەسڵەتە گشتییەکانی تری ئەم کۆمەڵگایانە، کە جیاوازی زمان و بوونی جەنگ و ململانێی نێوان گەلانی ئەوروپی هێناویەتیە ئاراوە)، هەروەها وەك هاوپەیمانێتییەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلی ئیسلامی و موسوڵمانان.. هەربۆیە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ ڕۆژئاوا (بە ئایین عەلمانی و بە پێناس کریستیانی)یە..[1]

ئەم هەستکردن بە پێویستی بوونی ئایین و کاریگەریی فاکتەرە ئابووری و سیاسی و کۆمەلاَیەتی و ئایینی و کەلتووری و زۆرێکیتر، هەروەها ڕەهەند و کاریگەری جیهانگیری و جیاوازی دوو شارستانیەتی "ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاَتی" وە ئەقڵییەت و کێشمەکێشەکان، جیهانی ئەمڕۆی تووشی ململانێیەکی توندی نێوان دوو بەرەی دژ بەیەك کردووە، کە هەرگیز ئاسۆی لەیەکگەیشتنیان لێڵ ودوورە. ئاشکرایە وەك دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو، ئەم لەیەك نەگەیشتن و نەبوونی دیالۆگە، کەشێکی دژوار و ناهەموار دێنێتە بەرهەم، کە بەهۆیەوە فۆرمێکی دژیەکی لەنێوان هاوکێشەی ڕێژەگەری و ڕەهاگەریدا دروست دەبێت.. بەمانایەکیتر، دروستبوونی ململانێی توند لەنێوان "عەقیدە و فیکر"دا، یاخود لەنێوان "گلۆبالیزە و پۆست مۆدێرنیزم لەگەڵ فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامیدا."

ئاشکرایە کە سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت. یەکێك لە نیشانەکانی ئەوەیە کە دژایەتییەکانی ئەمڕۆ تەنها لەلایەن کۆنەپارێزان یان پۆزەتیڤیزمی توندڕەو و مارکسیزمی لەبرەو کەوتوو، ئاڕاستە نابێت، بەڵکو لەلایەن کەسانێکەوە دژایەتی پۆست مۆدێرنیزم دەکرێت کە لەمپەر و ئاستەنگەکانی زانست و ئەقلانیەت و سیاسەتی نەریتی چەپ درك پێدەکەن. ئەمانە پێیان وایە کە دەبێت نرخاندنی ڕابردوو، ئاسۆی داهاتوو ڕۆشن بکاتەوە.. ئاخۆ چ ڕەوتێك جێگەی "پۆست مۆدێرنیزم" دەگرێتەوە؟ مێژوو پێمان دەڵێت کە پێشبینی کردنی داهاتوو حەتمی نییە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەتوانین ترس و ئومێدی خۆمان ئاڕاستە بکەین. لێرەدا دوو ئەگەر دێنە پێش: یەکەمیان دژەکردەوەیەکی توندوتیژە کە لە شکڵی فەندەمێنتاڵیزمی ئایینییدا دەردەکەوێت. ئەگەری دووەم ئەوەیە کە ڕۆشنبیران لانیکەم تا دوو دەیەی دیکە بۆ ڕەخنە و توێژینەوەی هەمەلایەنەی دۆخی کۆمەلاَیەتی هەوڵێك نەدەن، یاخود بەشێوەی گوێ لەمستانە دۆخی سەردەم قەبوڵ بکەن، یان بەتەواوی لە ئەرك و دەربەستی سیاسی پاشەکشە بکەن..[2]

فۆکۆیاما لە دوا بەشەکانی "کۆتایی مێژوو"دا، ئاماژەی بەوە داوە کە:" لە جیهاندا خەڵکێکی زۆر لەو باوەڕەدان، لەسەر ئاستی زەینی سەرکەوتنێکی سەرمایەداریی و دیمۆکراتییەتێکی لیبراڵیان دەوێت. وەلێ بەدەستهێنانی ئەم کارە بە پراکتیکی لەبەردەم هەموان والاَ نییە، لەگەڵ نەبوونی ڕووکەشیانەی

---

[1] عبدالمنعم الشحات: الغرب علماني ام مسيحي؟ صوت السلف (www. Salaf voice. com) ٧/ يوليو/ ٢٠٠٦

[2] ئالێن سوکال، ژان برك مۆنت: بنەماکانی پۆست مۆدێرنیزم، و: هادی محەمەدی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٢٦

هەڵبژاردنە دیمۆكراتییە ڕێكخراوەكان لەكاتی ئێستادا، لەوانەیە لە ئایندەدا هەندێك گۆڕانی تۆتالیتاری نوێ دروست ببن، كە پێشتر نەماندیون. ئەو هەڵبژاردنە تۆتالیتاریانەش دوو گرووهی دیاریكراو پێی هەڵدەستن، ئەوانەی بەهۆكاری (ئابووری) ڕووبەڕووی شكستی ئابووری بەردەوام بوونەتەوە و ئەوانەشی لە گەمەی سەرمایەداریدا بەپلەی سەركەوتنی بێهاوتا سەركەوتوو بوون. دیاردەی یەكەم، سەرهەڵدانی (مەزهەبی نالیبراڵی) لێدەكەوێتەوە، ئەمەش لەئەنجامی شكستی ئابوری كەلەڕابردوودا ڕوویانداوە، هەروەها ژیانەوەی هەنوكەیی ئسوڵیەتی ئیسلامی لەهەموو دەوڵەتانی جیهاندا، كە ڕێژەیەكی زۆری دانیشتوانیان موسوڵمانن. دەكرێت بەگشتی وەك كاردانەوەیەكی شكستی كۆمەڵگا موسوڵمان نشینەكان تەماشا بكرێت، لە پاراستنی كەرامەتیان لە بەرانبەر ڕۆژئاوای ناموسوڵماندا.." [1]

وەك تیشك خستنەسەر كتێبی (پێكدادانی شارستانییەتەكانی ساموئێل هانتنگتۆن)، [*] تیایدا ئاماژە بەوە دراوە كە: " گەر هەردەم شێوازی پەیوەندی نێوان ژیاری (ئیسلامی و ڕۆژئاوایی) بە ئەرێنی تەماشا بكەین، ئەوا مەحاڵە بگەینە دەرەنجامێكی واقعی. ئەوەش بە پشتبەستن بە ستراكتووری فیكریی هەردوو ژیارەكەوە، كە یەكەمیان بڕوای تەواوی بە چوارچێوەیەكی ڕۆحی یەكتاپەرستییە، لەكاتێكدا دووەمیان پشت بە چوارچێوەیەكی فەلسەفی ماتریاڵی دەبەستێت. ئەم جوداییە لە هزر و ستراكتوردا كارەكە هێندەیتر ئاڵۆز دەكات، لە كرداری پێكەوە گونجان و پێكەوە هەڵكردندا.." [2]

جیهانی ئیسلام، وێنەیەكی ئەوتۆ لە جیهانی نوێ پێشكەش دەكات كە مایەی گرنگی و بایەخدانە. زانایانی كۆمەڵناسی بیریان زۆر لە تیۆری عەلمانیەت كردووەتەوە، جارەهای جار پەسەندیان كردووە، تیۆرەكەش بەم ڕێچكەیەدا ڕێدەكات: لە كۆمەڵگای پیشەسازی- زانستی، ئیمان لاواز دەبێت و پەیڕەوكردنی دابونەریتە ئایینییەكان سوك دەبێت. مرۆڤ دەتوانێت هۆی هزریی بۆئەمە بخاتە ڕوو: عەقیدەكانی ئایین مل وەبەر بنەماكانی زانستەوە دەنێن، كە بە دەوری خۆیان پێگەیەكی گەورەیان هەیە و ڕێسا و بناغەگەلی تەكنیكاریەتی نوێ پێكدێنن، بەمەش ئابووری نوێ پێكدێت. لەبەرئەوە، ئیمانی ئایینیی كز دەبێت و جێگە و شان و شكۆی لەگەڵ بەرز بوونەوەی پلەوپایە و هەژموونی ڕكابەرەكەی، شكست دێنێت.

فەندەمینتاڵیزم موكوڕانە نكوڵی لەو شێوازەی لاوازبوونی ئاسەواری خواستە ئایینییەكان دەكات و بزوتنەوە بناوانگرەكانیش لە چەندین ئایینەوە سەرهەڵدەدەن، وێڕای ئەوەی هەر هەموویان بەهەمان ئەندازە چالاك و بەهێز نین. لەو سەردەمەی ئێستاماندا، بناوانگرێتی ئەوپەڕی هێزی خۆی لە ئیسلامدا دەبینێتەوە،

---

[1] فرانسیس فۆكۆیاما: كۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل كوردە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٤- ٤٠٥

[*] ساموئێل هنتنگتۆن: بیرمەندێكی بواری سیستمی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی كەسایەتییەكی ناسراوە ، (پێكدادانی شارستانییەتەكان و دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی جیهانی) یەكێك لە كتێبە ناودارەكانی ناوبراوە كە سەرەتا ساڵی (١٩٩٣)ی زایینی وەك وتارێك لە گۆڤاری كاروباری دەرەوەی ئەمریكا بلاوكرایەوە.

[2] د. ابراهیم قاسم درویش بالانی: صدام الحضارات لهانتنغتون- دراسة جیوبولتیكیة، الطبعة الاولى، مركز كردستان للدراسات الستراتیجیة- السلیمانیة، ٢٠٠٧، ص ١٥٨

لەبەرئەوە چاوگەی بەڵگە و بیانووەکانی کە پێشکەشیان دەکەین، تەرکیز دەکەنە سەر ئیسلام..[1]

ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە شارستانیەتی پیشەسازی لەماوەی (سێ) سەدەی ڕابردوودا هێناویەتیە دی، ئەوەی ئەمڕۆ لەگەڵ شۆڕشی زانستیی لە بواری زانستەکانی بۆشایی ئاسمان و ئەتۆم و بایۆلۆژیا و بۆماوەناسی و ئابووری ناسی و کۆمەڵناسیدا هاتووەتە دی، کە هەموو ئەمانە لەچوارچێوەی جیهانگیریدا جێبەجێ دەکرێن، ئەم گۆڕانکارییانە وادەکەن کرانەوە لەڕووی ئەم زانستانەدا پێویستییان بە شارەزایی و پسپۆڕییەك هەبێت کە بوار بۆ ئیجتیهاد بڕەخسێنێت. هەر ئەم کرانەوەیەش لەڕووی هزری سەردەمدایە وادەکات ئیجتیهاد شانبەشانی ژیان و پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکان هەنگاو بنێت. بەڵام ئەم کرانەوەیە لە دیدی زۆربەی زانایانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا بەدیناکرێت، لەبەرئەوەی پێبەپێی ژیانی بەرەوپێشەوەچوو هەنگاو نانێن، بەڵکو ئەوان وەك ڕابردوو ئیجتیهاد دەکەن و حوکم و فەتواکانی ڕابردوو دەجوونەوە. ئەمەش بەکەڵکی ئەمڕۆ نایەت..[2]

وێڕای ئەوانەی وتران، مەرج نییە وێنای جیهانی ڕۆژئاوایی وەك خاکی بەڵێنەکان و خۆشگوزەرانی و بەدیهێنانی گشت ئاواتەکان بکەین، لەکاتێکدا جیهانی ئیسلامی وەك مۆڵگەی نەزانی و تاریکستانی و بێبەهابوونی مرۆڤایەتی لەقەڵەم بدەین. دیارە مرۆڤی مۆدێرن هەوڵدەدات ژیانی لەسەر یەقین بونیاد بنێت، زانستە هاوچەرخەکانی کەم تا زۆر سیستمێکی پتەوی بەڵگەسازی پێشکەش دەکەن، کە قابیلی ئەزموون کردن و سەلماندنن، بەڵام ئەو بەڵگەسازی و دڵنیابوونە زانستییەی کە مۆدێرنە پێشکەش بە مرۆڤی دەکات لە کۆمەڵێك ئایدیۆلۆژیا وجەنگ وجینۆسایددا کۆتایی دێت..[3] دیارترین سیمای ژیانی هاوچەرخ، گۆڕان وگۆڕانکارییە. ئەو گۆڕانکارییانەش کە ڕوویانداوە یان لەداهاتوودا ڕوودەدەن، چ خەڵك بەچاوێکی پێشکەوتن وبەرزبوونەوە بەسەر پلیکانەکانی شارستانییەت وگەشەکردندا سەیریان بکەن، یاخود وەها سەیریان بکەن، کە گومڕاییەکی زۆر بەخۆیەوە دەگرێ وبەها مرۆڤایەتییە شکۆمەندەکان بەرەو دواوە دەگێڕێتەوە، ئەوا ئەو واقعەی دەبێت دانییپابنێین، ئەوەیە کە پێشهاتەکان لەبوارە جیاجیاکاندا یەك لەدوای یەك دێن وتێکدەڕژێن. ئەو شتەشی بەسەر خەڵکە شارستانی وپێشکەوتوخوازەکاندا دەسەپێندرێت، ئەوەیە کە بەدوای ئەو یاسایانە، یان شەریعەتانەدا بچن کە بۆخۆیان دادەنێن وبەهۆیانەوە ڕەفتاری تاکەکەسی وکۆمەڵییان پێ ڕێکدەخەن..[4]

---

[1] ئەرنست گیلنەر: پۆست مۆدێرنیزم و ئەقڵ و ئایین، و: بەهزاد حەوێزی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی– دهۆك، ٢٠٠٨، ل ١١

[2] دۆسێی ئیسلام: وەرزە گۆڤارێکی تایبەتە بە ئیسلام، ژمارە (٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان– سلێمانی، ئابی ٢٠٠٨، ل ٤٨

[3] ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆریی کولتوورییە، ژمارە (٢)، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٩

[4] د. محەمەد عابد جابری: ئایین ودەوڵەت وپیادەکردنی شەریعەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧

# تەوەری دووەم/ کورد سێکیولار

## *بەشی یەکەم* :- پێناسەکان

یەکەم :- پێناسەی دەسەڵات
دووەم :- پێناسەی پارتی سیاسی
سێیەم :- پێناسەی میللەت (گەل)
چوارەم :- پێناسەی شەرعیەت
پێنجەم :- پێناسەی دیمۆکراسی

## *بەشی دووەم* :- ململانێی دەسەڵات

## *بەشی سێیەم* :- دەوڵەتی لیبراڵی وچەمکی میانڕەوی

## *بەشی چوارەم* :- دیسکۆرس و پرۆژەی نەتەوەیی

## *دەرەنجام*

## *سەرچاوەکان*

# کورد سێکیولار

***تەوەری دووەم/***

لەگەڵئەوەی دەستەواژەی (کورد سێکیولار) لەڕووی وشەوە، تەنها دروستکراوێکی نێو بابەتەکەیە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆك و شرۆڤەوە، مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتە دەپێکێت..

ئەم بەشە، مەبەست لە ڕۆڵی سیاسی وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری پارتە سیاسییە کوردییەکانە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا، هەروەها بەشداری سیاسییان وکاریگەرییان لەسەر دامودەزگا حکومییەکان. یاخود بەمانایەکیتر، کاریگەرییان لەسەر ناوەندی بڕیاردان و بابەتە ستراتیژییەکان. ئەمە لەلایەك، لەلایەکیترەوە پێگەی ئەم پارتانە لەنێوخۆی هەرێمی کوردستاندا و لەنێو شەقامی کوردیدا، هەروەها پۆلێنکردنیان لەسەر ئاستی ئایینی وعەلمانی. ئاخۆ ئەم پارتە کوردییانە تا چەند هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ گەڵاڵەکردنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ نەتەوەی کورد؟ ئایا کورد چۆن دەڕوانێتە ئەم پارتە سیاسییانە؟ ئەدی ئەوان چیانکردووە بۆ نەتەوەی کورد؟ ئایا لەم سەردەمەدا، کێشەی کورد لەوەدایە کە (جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات– فصل الدين عن السلطة)، یاخود (جیاکردنەوەی حزب لە دەسەڵات– فصل الحزب عن السلطة) پەیڕەو بکرێت، وە هەوڵ بۆ بەئامانج گەیاندنی بدرێت؟ ئەمە و زۆر پرسیاریتر کە دواتر بەدەر دەکەون..

ئاشکرایە کە هەموو کۆمەڵگایەکی سیاسی لە هەناویدا چەندین پارتی سیاسی بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنەوە بوونی هەیە، هەریەکە و بەجۆرێك هەڵسوکەوت دەکات، واتە بەپێی بەرژەوەندی و پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی پارتەکە.. دروستە، هەر پارتە و بەپێی میکانیزمێکی گونجاوی خۆی کار بکات، لە چوارچێوەی شەرعیەت و یاسادا، بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێت بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگاکە ڕەچاوبکرێت، لەبەرئەوەی پارتی سیاسی زیاتر بۆ خزمەتی گەل وجەماوەر دروست بووە (لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا)، واتە زۆر گرنگە کار بۆ سەرخستنی خواستەکانی جەماوەر و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و نەتەوە بکات، نەوەك بەرژەوەندی تایبەتی و تەسکی حزبایەتی بەتەنها. جا دەشێت ئەو بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی، ئیتنی، کەلتووری، ئایینی، یان هەر بەرژەوەندییەکیتری گەل بێت. بەڵام بەپێچەوانەوە، لەزۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێ و وڵاتانی دواکەوتووی خاوەن سیستمی تۆتالیتاریدا، دەبینین کە حزب باڵادەستە و بەرژەوەندی تایبەتی حزب لەپێش بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەوەیە، بگرە گەل لەخزمەتی حزبدایە.. مەحاڵە ڕێگە بە بەشداری سیاسی پارتی ئۆپۆزسیۆن بدرێت (سیستمی تۆتالیتاری)، کۆمەڵێك کۆمپانیا ودامەزراوەی ئابووری کارا لەبرەودان کە تایبەت بە حزب یان گروپ ودەستە وتاقمی نێو پارتەکەن، ئەمانە شادەماری ئەو حزبانەن..

لەم دۆخەدا، سروشتییە کە لەنێوخۆی کۆمەڵگادا لەلایەن جەماوەرەوە دەنگی نارەزایی بەرزبێتەوە و هەوڵ بۆ بنبڕکردنی تێکڕای گەندەڵییەکان بدرێت. چیتر پێشێلکارییەکان پەسەند ناکرێت، دەسەڵات دەبێتە دێوەزمەیەك و جەماوەریش شۆڕشگێڕ، تیۆرەکانی بەرپابوونی شۆڕش لە دژی حزب و چینایەتی و

گەندەڵییەکان پراکتیزە دەکرێن. بەمەش گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری لەکۆمەڵگادا فەراهەم دەبێت، گروپێکی تر دەسەڵات دەگرنە دەست. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە، ئایا ئەو گروپە یان پارتە سیاسییە نوێیە هەتا چەند یاساکان پەیڕەو دەکات و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی وشەرعیەت دەدات لەو کۆمەڵگایەدا. گەر شەرعیەتی بەدەستهێنابوو ئایا دەتوانێت یاسایی کار بکات؟ ئاخۆ مەبەستی سەرەکی پارتی تازە گەیشتوو بە هەرەمی دەسەڵات، قۆرخکردنی دەسەڵات نییە؟! دیارە چوونەناو بابەتەکە پێویستی بە دەسپێك هەیە، بۆیە باشتر وایە لەدەسپێکی بابەتەکەدا چەند پێناسەیەك بخەینە ڕوو..

## بەشی یەکەم :- پێناسەکان

### یەکەم :- پێناسەی دەسەلات

دەسەڵات، کۆمەڵە هۆکارێکی زۆرەملێ و نازۆرەملێیانەیە کە حکومەتەکان لەبۆ بەئەنجام گەیاندنی کارە تایبەتییەکانیان هەیانە و بەکاری دێنن. پاراستنی سەرچاوەکانی دەسەڵات و دابەشکردنیان و ململانێ لەبۆ دەستبەسەراگرتنیان، لە گرنگترین کۆباسەکانی زانستی سیاسییە. سیاسەت، تەنها مانای بەکارهێنانی سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵات بۆ کارە تایبەتییەکانی حکومەت ناگەیەنێت، بەڵکو سیاسەتمەدارانیش لەبۆ ئەو سەرچاوانە لەتەك ڕکابەرەکان ونەیارەکانیاندا دەبێت بکەونە ململانێوە. لەنێو زانستی سیاسی ئەمڕۆدا، زۆر بەڕوونی کارەکانیان دابەشکراون. ئەو بەشەی تایبەت بە باسی حکومەت و سیاسەتەوە بێت و لەمەڕ ململانێکان لەبۆ دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی دەسەڵات، لەڕێی شۆڕش وەیان هەر شێوەیەکی تری خەبات یان هەڵبژاردنەوە بێت، وا باوە لە لقی (کۆمەڵناسی سیاسی)دا تاوتوێ دەکرێت. لە بەرامبەردا و لەو بەشەی کە پەیوەست بە سیاسەت و حکومەت (بەواتای بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە و پاراستنی یاسا و ئارامی وە جێبەجێکردنی هەموو سیاسەتە جیاوازەکان)، لە لقی (زانستی سیاسەت)دا تاوتوێ دەکرێت و دەخوێندرێت..[١]

دەسەڵات، چەمکێکە بەکۆمەڵە دامودەزگایەکەوە بەستراوەتەوە، هەروەك چۆن بەوەش بەستراوەتەوە کە بە(توندوتیژی ڕەوا) ناودەبرێت. لێرەوە، بیرمەند "ماکس ڤێبەر" [*] هێز وا دیاریدەکات، کە تاکە ڕێگا

---

[١] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت- تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٢

[*] ماکس ڤێبەر: ماکسیمیلیان کارڵ ئیمیل وێبەر، لە(٢١/ ٤/ ١٨٦٤ز) لە(ئێرفۆرت) لەویلایەتی ساکسۆنیای پروسیا لەدایك بووە. زانا وئابووریناسێکی سیاسی وکۆمەڵناسێکی ئەڵمانی بوو، لەخێزانێکی پرۆتستانتی دەوڵەمەند هاتووەتە دنیاوە. باوکی ئەند امێکی گرنگی (پارتی نەتەوەیی لیبراڵی) بوو، کە پارتی چینی بۆرژوا ورۆشنبیران بووە. ماکس وێبەر، یەکێك لەسێ دامەزرێنەرەکەی (کۆمەڵناسی نوێ) بووە، کە (کارڵ مارکس وئیمیل دۆرکهایم وماکس ڤێبەر) خۆیەتی. یەکەم کەس

یان تاکە هەلێك بێت بۆئەوەی کەسێك ئیرادەی خۆی بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێ، وکارێکی وەها بکات کە ئەو ئیرادەیە لەکاکڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان سەربکەوێت. ناوبراو، پێی وایە کۆنترۆڵکردن، هەلی ڕێکەوتن وبوونی کەسانێکە، کە ئامادەن ملکەچ وگوێڕایەڵ بن. چونکە، لەهەموو کۆنترۆڵێکی سیاسیدا، پەیوەندییەکی سیاسی لەنێوان دوو لایەندا هەیە، فەرمانڕەوا وفەرمان لەسەرکراو. هەروەها، کۆمەڵە هۆکارێکی جیاجیا، کار لەو پەیوەندییە دەکەن. وەکو ڕێزگرتن، ترس، سوود وەرگرتن، سەرکەوتن، نەریت، بەلاّم هەژموون وەك زاراوە، شتێکی بنەڕەتییە بۆ هەموو دەسەلاّتێکی سیاسی. لەبەرئەوەی، گشت دەسەلاّتێکی سیاسی لەڕێگەی هێزەوە، هەوڵدەدەن بۆ گەیشتن بەهەژموون، کە جۆرە هەستێکی (خۆبەزل زانین وگەورەییەك) لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەمە ولەگەڵئەوەی، لەو کاتەدا کە دەسەلاّت دەبێتە میراتی، لەنێو بنەماڵەیەکی دیاریکراودا، ماکس ڤێبەر پێی وایە "سیستمی میراتگری،" ئەو نموونەیەیە کە بەهۆیەوە دەسەلاّتی نەریتی پێدەناسرێتەوە..[١]

هەرچەندە سیاسەت لەڕووی نەریتەوە پەیوەستە بە مومارەسەکردنی هێزەوە، کەچی زۆرجار چڕتر لەسەر دیاردەیەك دەوەستێت کە پێی دەوترێت "دەسەلاّت." بەتایبەت "دەسەلاّتی سیاسی." لە فراوانترین مانایدا، دەسەلاّت بریتییە لە فۆرمێکی هێز. بەلاّم زۆرجار، هێز و دەسەلاّت لەیەکتر جیادەکرێنەوە وەك دوو ناوەندی دژ بەیەك، کە لەڕێگەیەوە پابەند بوون یان گوێڕایەڵی بەدەست دەهێنرێت. لەکاتێکدا دەکرێت هێز پێناسە بکرێت وەك توانایەك بۆ کارتێکردن لە هەڵسوکەوتی یەکتر، بەلاّم دەسەلاّت دەکرێت بەو مافە پێناسە بکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە..[٢]

ئاشکرایە، کە بوونی (دەوڵەت) سێ کۆڵەکەی سەرەکی دیاریدەکات، ئەویش "هەرێمێکی سنوور دیاریکراو، گەلێك کە دانیشتووی ئەو هەرێمەبن، هەروەها دەسەلاّتێکی سیاسی کە کاروباری ناوەوە ودەرەوەی ئەو دەوڵەتە بەڕێوە ببات. لەپاڵ هەردوو ڕەگەزی (گەل و هەرێم)دا، ڕەگەزی سێیەم زۆر پێویستە بۆ دروست بوونی دەوڵەت. ئەو ڕەگەزەش بە بوونی دەستەیەك یان ئەنجومەنێك کە "دەسەلاّتی فەرمانڕەوایەتییان لەدەستدایە"و کۆمەڵ یان گەل قایل بێت بە فەرمانڕەوایەتییان دێتە ئاراوە، ئەو ئەنجومەنە خاوەن دەسەلاّتەش (حکومەتە)..[٣]

کەوابوو ئێستا لە ڕووی سیاسییەوە، لەوە گەیشتین کە دەسەلاّت لە دەوڵەتدا بەمانای کۆمەڵە هۆکارێك دێت، کە حکومەتەکان پەیڕەوی دەکەن. هەروەها لە ڕووی یاساییەوە، زامنکردن و فەراهەمکردنی

---

بووە کە پێناسەی (بیرۆکراتی) بەشێوەیەکی زانستییانە کردووە، زۆر گرنگی بەدیاردەی (تازەگەری) داوە، هەروەها گرنگی زۆری بەئاکار وئایینزای پرۆتستانتی دەدا. بۆیە لەو بارەیەوە، کتێبێکی گرنگی بەناوی (ئاکاری پرۆتستانتی ورۆحی سەرمایەداری) دەرکردبوو. ناوبراو، لەتەمەنی (٥٦) ساڵیدا ولە (١٤/ ٧/ ١٩٢٠ز) لە شاری (میونیخ) لەهەرێمی باڤاریای سەربە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردبوو.

[١] کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠، ل ٥

[٢] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢١٣

[٣] نەورەس ڕەشید: دەوڵەت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بابان– سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٦٥

**هێمنی و ئارامی بۆ کۆمەڵگای سیاسی، لە گرنگترین بەرپرسیاریێتی دەسەلاَتی سیاسی دەوڵەتە، کە خۆی لە دەستەبەرکردنی سیستم و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکاندا دەبینێتەوە. هەربۆیە دەسەلاَتی دەوڵەت، مانای بوونی فەرمانڕەوا کە فەرمان و نەهی بە ناوی دەوڵەتەوە دەردەکات. جا لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین دەسەلاَتی دەوڵەت، دیاردەیەکی "کۆمەلاَیەتی، سیاسی و یاساییە." [1]**

**شایستەی وتنە، لەڕووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشەوە، دەکرێت بەمانایەکی ساکار پێناسەی دەسەلاَت بکرێت، بەوەی توانای دەوڵەتێك دیاریدەکات، بۆ کۆنترۆڵکردن یاخود لانیکەم، توانای ئەو دەوڵەتە بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر ولاَتانیتر، وەیان لەسەر دەرەنجامەکانی ڕووداوە دیاریکراوەکان. زۆرینەی بیرمەندان وبیریاران، کاتێك تیشك دەخەنە سەر "دەسەلاَت،" ئاماژە دەدەن بەوەی کە ئامرازێکە، یاخود ئەو هێزەیە کە توانای کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتی لایەنەکانیتر دەبەخشێت، بەشێوەیەك کە لەگەڵ ئامانجەکانی مرۆڤدا بگونجێت.. [2]**

**ئاشکرایە کە ناوەڕۆکی دەسەلاَتی سیاسی لە بنچینەدا پەیوەستە بە بابەتی دەستنیشانکردنی بنچینەکانی گردبوونەوەی تاکەکان لەنێو هەیئەتێکی کۆمەلاَیەتی دیاریکراودا. هەربۆیە دەسەلاَت لە بنچینەدا داکەوتێکی کۆمەلاَیەتی سیاسییە، کە پێناسەکردنی کارێکی ئاسان نییە، ئەوەش بەهۆی خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانیەوە. بە وتەی "ئەرستۆ" [*] (مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسی، یان سڤیلە)، مانای ناتوانێت بە تەنیا بژی، بەڵکو مەیلی ئەوەش دەکات کە لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیدا بژی.. کۆمەڵ، دیاردەیەکی سروشتی و خۆڕسکە وە بەهۆی خواستی کۆمەلاَیەتی مرۆڤەوە دروست دەبێت. کەواتە "گردبوون" دیاردەیەکی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەکانە و لەمێژەوە تاك هەرگیز نەیتوانیوە و ناشتوانێت فەرمانڕەوایی ژیانی خۆی دوور لە تاکەکانیترەوە بکات.. [3]**

**لە ڕوانگەی ئەتینایییەکانی سەدەی پێنجی پێش زاییندا، بڕیاردان لەسەر یاساکان و هەڵبژاردنی دروست و عادیلانە، هیچ کات لە ئەستۆی یەك تاکدا نەبووە، بەڵکو بەستراوە بە هێزی کۆمەڵێکەوە. هەر لەبەرئەوە، ئەرستۆ لە "بەشی سێهەم، بەندی یەکەم، پاراگرافی (١٢٧٥)ی کتێبی سیاسەتدا" دەنووسێ: " لە ئەتینای دێمۆکراتدا، دەسەلاَت موڵکی هیچ کەس نییە." ئەو ئەتینایییانەی بەشداری دەکەن لە**

---

[1] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٤٩

[2] مارتن غريفيش وتيري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، مصدر سابق، ص ٢٥٦

[*] ئەرستۆ(٣٨٤پ.ز- ٣٢٢پ.ن) لە ستاجیری لەدایك بووە. بە باوکی زانستی سیاسی و یەکەمین مامۆستا دادەنرێت، سەرۆکی قوتابخانەی مەشائییە لە مێژووی فەلسەفەدا، بۆماوەی بیست ساڵ قوتابی ئەفلاتۆن بووە. ئەرستۆ (واقعیەت) بەسەر فیکریدا زاڵ بووە، هەوڵی داوە میتۆدی توێژینەوەیی و مێژوویی لەبارەی سیاسەت و کۆمەڵەوە بەکاربهێنێت. لە ساڵی (٣٦٧پ.ن) دا پەیوەندی کردووە بە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتۆنەوە و تا مردن لەوێ ماوەتەوە. ئەرستۆ لە دوای مردنی (ئەسکەندەری مەکدۆنی)، وە پاش ئەوەی بە لادەر لە ئایین تۆمەتبار کرا، ناچار ساڵی (٣٢٣پ.ن) ئەتینای بەجێهێشت و هەلاَت، ناوبراو لەدوای یەك ساڵ لەم مێژووەوە کۆچی دوایی دەکات.

[3] زانا رؤوف حمه كريم: مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون- دراسة تحليلية، من منشورات مكتب الفكر و الوعي للاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر- السليمانية، ٢٠٠٩، ص ٢١- ٢٢

بڕیارگەلێکی سیاسیدا و هەموان خاوەنی بەرابەری دەربڕین و بەرابەری لە بەرانبەر یاسادان، شارۆمەندانی پیاوی سەروو هەژدە ساڵن و لە دایك و باوکی ئەتینی داکەوتوون..[1]

بەرپرسێتی ئەوە کە مافەکان ببنە ڕاستییەك و بەڕێوەبچن، دەکەوێتە سەر شانی ڕژێمەکان و ئەوەش خاڵێکی زۆر گرنگ و باشی مەسەلەی مافی مرۆڤە.. ئەو ئەرکانەی دەکەونە سەر بەرپرسانی ئیدارە و دامەزراوەکانی ئەو ڕژێمانە، دەکرێت بکرێنە سێ بەش:

* ئەوە کە بۆخۆیان ڕێز لە مافەکانی تاك بگرن.

* ئەوە کە مافەکانی تاك لە دەستدرێژیکردنی تاکی دیکە و گروپەکان بپارێزن.

* ئەوە کە دەبێت ئەوان کارێکی وا بکەن کە پێویستییە سەرەکییەکانی تاك، وەك مافی مرۆڤ دانیان پێدابنرێت، وە ئەو پێویستییە سەرەکییانەی تاك بۆخۆی ناتوانێت پێیان بگات.

ئەوەش بەو مانایەیە کە ڕژێمەکان و ئیدارە و دامەزراوەکانیان نەك هەر دەبێت بێئەوملاو ئەولا ئەو خالآنە جێبەجێ بکەن، بەڵکو دەبێت بۆ خۆشیان ڕێز لە مافەکان بگرن. هەرئەوەندە بەس نییە، ئەوان ئەرکی ئەوەشیان لەسەر شانە پەیوەندییەك دروست بکەن کە لەو پێوەندییەدا تاکەکان بەشێك لەو مافانەیان وەدەست بکەوێت کە بۆخۆیان لە توانایادا نییە..[2]

بەم شێوەیە، واتای دادوەری دەبێتە هۆیەك بۆ بەدیهێنانی حاڵەتێکی دیاریکراو، ئەویش بەخشینی هەموو ئەو شتانەیە کە هەر تاکێك خاوەنیەتی و ئەوەشی لە ئەستۆیدایە و پۆستەکەی لێی دەخوازێ. چەمکی "دادوەری" بەو پێیەی باسکرا، زیاتر لە نموونەی ئەخلاقییەوە نزیکە تا لە نموونەی سیاسییەوە.[3]

لەگەڵئەوەی "دادوەری" لە نێوکۆی بابەت و پێناسەکەدا نییە، بەلاّم ڕێنوێن و نیشاندەرێکی زۆر باشی دەسەلاّتە، مانای دەسەلاّت بە پێوەری دادوەری دەپێورێت. ئەمڕۆ لە سەرجەم ولاّتە دێمۆکراتخوازە پێشکەوتووەکاندا، دەسەلاّت چەمکی دادوەری بەکاردێنێ، بەو هۆیەشەوە شەرعیەت بەدەست دێنێ. بەلاّم لە بەرانبەردا، زۆرینەی ولاّتانی جیهانی سێ، بەم چەمکە نامۆن. واتە لەبری دادوەری، "قۆرخکردنی دەسەلاّت" لەئارادایە. هەربۆیە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایانە، لەڕووی (وەلا و ئینتیما و دڵسۆزی)یەوە هەژارن..

وێڕای هەموو ئەوانەی باسکران، کارێکی سانا و سروشتییە کە هەموو پارتێکی سیاسی چاوبڕێتە دەسەلاّت (بەمانا پۆزەتیڤەکەی)، گەر پارتێکی سیاسی هەبێت و هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەلاّت نەدات، یاخود کار بۆ ئەوە نەکات ڕۆژێك لەڕۆژان ئەو پۆستە حکومییانە بەدەست بهێنێت، ئەوە هەرگیز پارتی سیاسی نییە. لەبەرئەوەی تەنها لەڕێی گرتنە دەستی دەسەلاّتەوەیە، حزب دەتوانێت بەشداری وە پرۆگرام و

---

[1] ن. رامین جەهانبەگلو: دەسەلاّت و ئازادی، و: عەتا جەماڵی، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاّحەددین و دەزگای موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٦– ١٧

[2] تۆماس هاممارباری: عەدالەتی کۆمەلاّیەتی، و: عوسمان ئیسماعیلی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێران، چاپخانەی منارە– هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٨– ٤٩

[3] د. غانم محمد صالح: بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، و: سەلام کەریم، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلاّوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠٢

کاری سیاسی خۆی جێبەجێ بکات..[1]

## **دووەم :-** پێناسەی پارتی سیاسی

شتێکی بەڵگە نەویستە، کە لە کۆمەڵگا سیاسییەکاندا دەسەڵات لەلایەن پارتی سیاسییەوە دەبێت بەڕێوەببرێ، واتە جڵەوی کاروباری حکومەت بەدەست پارتی سیاسییەوە دەبێت.. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، لە کۆمەڵگا دیمۆکراتخوازەکاندا دەسەڵات لەلایەن پارتێك یان چەند پارتێك و بەنۆرە و بەپێی یاسا دەبرێت بەڕێوە، جا سیستمی حوکم سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی یاخود هەر هەیئەتێکی یاسایی و شەرعی تر بێت. پێچەوانەی هەموو ئەوانەی کە وترا، لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەدیدەکرێت، مانای نەبوونی کەشێکی دیمۆکراسی تا لە ڕێیەوە زۆرترین بەشداری سیاسی بوونی هەبێت. لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە:"کۆمەڵگای پێشکەوتوو لەڕووی سیاسییەوە، دامەزراوە جێگیرەکان دەیبەن بەڕێوە، لەکاتێکدا کۆمەڵگای دواکەوتوو لەڕووی سیاسییەوە، کەسانێك دەیبەن بەڕێوە." [2]

سەرەتا پێش ئەوەی درێژە بە بابەتەکە بدەین، باشتروایە پێناسەیەکی گشتگیری پارتی سیاسی بکەین.. کارێکی سروشتییە کە لەهەموو کۆمەڵگایەکی سیاسیدا ململانێ هەبێت، مەبەستیش ململانێی گشتی ڕێکخراوە، کە لە هەناویدا پارت و ڕێکخراوی سیاسی هەڵدەتۆقێ. واتە سەرەتا پارتی سیاسی بۆئەوە دروست بووە کە دەزگایەکی ململانێ بێت، کار بۆ سەرخستنی مافە ڕەواکانی تاك و چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵ بکات، هەربۆیە پارتی سیاسی زۆرترین پێناسە هەڵدەگرێت..

ماکس ڤێبەر وتەنی: هەموو هێزێکی سیاسی، کۆششکردنە بۆ بەدەستهێنانی هەژموون. لەبەرئەوەی یەکە ودامەزراوە سیاسییەکان، تەنها لەپێناو سەپاندنی هەژموون وکۆنترۆڵکردنی ئەوانیتردا، پەنا دەبەنە بەر ململانێ ورکابەرایەتی. کەواتە، جۆرە ڕەواکانی کۆنترۆڵکردن لەنێو دامەزراوە سیاسییەکاندا کامانەن؟ بەڕای ڤێبەر، سێ جۆر کۆنترۆڵکردنی ڕەوا هەیە. یەکەمیان، ئەوەیە کە خۆی سروشتێکی ژیرانەی هەبێت، ولەسەر بنەمای ڕەوایەتی کۆنترۆڵکردن وڕەوایەتی پیادەکەرانی ئەو کۆنترۆڵە دامەزراوە. کۆنترۆڵی دووەم، کۆنترۆڵی نەریتییە، کە لەسەر بنەمای باوەڕهێنان بەپیرۆزی نەریتە باوەکان دامەزراوە. سێهەمیشیان، کۆنترۆڵکردنی کاریزمی یان ڕۆحییە، کە بەپیرۆزی کەسی پێشەوا دەناسرێتەوە.. [3]

لە کۆمەڵگا دیمۆکراتە نوێیەکاندا، پارتی سیاسی بەمانای گوزارشت کردنە لەوپەڕی ململانێی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکان، کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینە جیاوازەکان دەکەن. هەربۆیە جەخت لەسەرئەوە دەکرێت کە لە بنچینەدا پارتی سیاسی پێکهاتووە لە چینە نزم و مامناوەندی و بەرزەکانی کۆمەڵ.

لەم بوارەدا، بیرمەندان زۆر بۆچوونی هەمەکییان هەیە کە بابەتی پارتی سیاسی دەوڵەمەند دەکات.

---

[1] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة بغداد، ص ٧١

[2] د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات- الكويت، ١٩٨٥، ص ١٧

[3] کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠، ل ٥

وەك ئەوەی ئاماژە دەدات کە پارتی سیاسی، بریتییە لە یەکگرتنی کەسانێك کە باوەڕیان بە هەمان پرەنسیپی سیاسی هەیە. یاخود یەکگرتنی کۆمەڵە کەسانێك کە خاوەن یەك بیروڕان، تاوەکو بەهۆیەوە کاریگەرییەکی ڕاستەقینە دروست بکەن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیدا. دوا پێناسە، ئاماژەدانە بەوەی کە کۆمەڵێکی ڕێکخراوی سەربەخۆن، پاڵێوراوی خۆیان کاندید دەکەن بۆ شەڕی هەڵبژاردن، تا لەڕێیەوە پۆستی حکومی و هەژموون بەسەر پلانەکانی حکومەتدا بەدەست بهێنن.[١]

هەروەك ئاماژەی پێدرا، لەبەرئەوەی پارتی سیاسی ئامرازێکە کە بەهۆیەوە "هاوڵاتی" دەتوانێت بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکات، کەواتە شتێکی سروشتییە کە حزب لەڕێی کارگەلێکەوە هەوڵی بەدەست هێنانی مەبەستی سەرەکی خۆی بدات، کە خۆی لە گەیشتن بە دەسەلآت و بەدەسەتهێنانی لایەنگریی گەلدا دەبینێتەوە، بەوەش پەیڕەو و پرۆگرامی سیاسی و کۆمەلآیەتی داڕێژراوی ئەندامانی حزب جێبەجێ دەکرێت، بەوەی ڕێکخراوێکە کۆیاندەکاتەوە..[٢]

وەڵێ دەشێت تاکە حزبێکی پاوانخواز (تۆتالیتار) تێکڕای دەسەڵآتەکان و بوارەکانی ژیانی پاوان کردبێت، یان هەر هەمان حزب، چەند حزبێکی بچوکی بێ دەسەلآت و بێ ئیرادەی کارتۆنی تری دروست کردبێت، بەمانای چاوبەستکردن لە گەل. کاتێك ڕاپرسییەکی وێنەیی (صوري) یاخود شێوازێکی دەنگدان لەسەر بابەتێکی چارەنووسساز دێتە پێش (هەرچەندە لەو کۆمەڵگایانەدا دەنگدان و هەڵبژاردن و شێوازەکانی تری دیمۆکراتی زۆر لاوازن یان هەر بوونیان نییە)، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو حزبە بچوکە کارتۆنییانە کارا دەبن. مانای حزبی دەسەلآتدار ئەمانە دێنێتە پێش وەك ڕووکارێکی سیاسی، تا بۆ جەماوەری ئاشکرا بکات کە بەتەنها دەسەلآت بەڕێوە نابات ، بەڵکو شان بەشانی ئەو، چەندین پارتی سیاسی تریش بوون و بەشداری سیاسییان هەیە، وە ڕێز لە ئیرادەی نەپساوی گەل دەگرێت. ئەوەش بۆئەوەیە بە جەماوەر و ڕای گشتی ڕابگەیەنن کە بەشداری سیاسی کارێکی ئەرێنی و پیرۆزە. لە ڕاستیدا نە ئیرادەی گەل، نە ڕای گشتی، نە مافی مرۆڤ و نە دیمۆکراتی لەم کۆمەڵگایانەدا لە ئاستێکی پێویستدا نین.

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی (وەك شتێکی زانراو و ئاشکرا)، دواتر حزبی دەسەڵآتدار لە سەرانسەری ولآتدا گەورەترین کەرنەڤاڵی سەرکەوتن دەگێڕێت. لەم کۆمەڵگا دواکەوتووانەدا، هەردەم خەڵکی بەم جۆرە کەرنەڤاڵ و ڤیستیڤاڵ و ئاهەنگ گێڕانە جەماوەرییانەوە سەرقاڵن. دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەبنە گەورەترین کەرەنای حزب، هەردەم سەرووەرییەکانی حزب بەگوێی گەلدا دەدەن، کەسە خاوەن بەرژەوەندی و خۆبەرەپێشەوەکانی نزیك لە دەسەلآت ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن، دەوڵەت سەرتاپا دەبێتە ئامێرێکی زەبەلاحی پڕوپاگەندەکردن لەبۆ حزبی دەسەلآتدار.

یەکیەتی سۆڤێتی جاران، هاوشێوەی ئەو کۆمەڵگایانە بوو کە ئاماژەی پێدرا، هەرچەندە لە ڕووی زانست و تێکنۆلۆژیاوە زۆرجار کێبڕکێ و کێشمەکێشی لەگەڵ ولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کردووە، واتە ناکرێت لەڕووی زانستییەوە وەك کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو هەژمار بکرێت.. تەنها ئاماژەدانی ئێمە بۆ

---

[١] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة بغداد، ص ٦٢- ٦٤

[٢] د. يوسف محمد عبيدان: مبادىء العلوم السياسية، الطبعة الثانية، دار الكتب القطرية- الدوحة، ١٩٩٦، ص ١٥٠- ١٥١

خودی پارتی دەسەڵاتدارە، واتە پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت، کە نموونەی پارتێکی پاوانخواز بوو.

هەیئەتە (دەستە) سیاسی ودەستورییەکانی دەوڵەت ملکەچی ئیرادەی پارتی کۆمۆنیستی فەرمانڕەوا بوون، کە باڵادەست بوو بەسەر گشت کاروبارەکانی دەوڵەتدا، بەشێوەیەك کە وەك هێزی بەڕێکەری دەوڵەت وەسف دەکرا، وە هەژموونی بەسەر تێکڕای ڕێکخراوەکاندا هەبوو، بێجگەلەوەی ئاڕاستەکردن و پرۆگرام و پلان و سەرپەرشتیاری دەوڵەتی سۆڤێتی بوو. ئەمە لە کاتێکدا کە هەیئاتی ناوبراوی دەوڵەت تەنها ئامرازێك بوون بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجە سەرەکییەکانی پارتی باڵادەست..[1]

نمونەیەکی زەقیتر، حزبی بەعسە وەك مۆدێلێکی پارتی پاوانخواز وتاکە حزبی فەرمانڕەوا. پانتایی حزبی بەعس لە هەموو شوێنێك بەدی دەکرا، شانە و لقی بەعسی لە سەرجەم یەکە کارگێڕی و ناوچەییەکاندا، لە سەرجەم شار و شارۆچکە و لادێ و کارگە و زانکۆ و خوێندنگە و سەندیکا و نەخۆشخانە و ....هتد بڵاوببونەوە. وڵات ببوە دەزگایەکی داپڵۆسێنەری سەربازی کە بەهیچ جۆرێك ڕێگە بە ئۆپۆزسیۆن و ڕەخنەگرتن نەدەدرا، پۆلیسی نهێنی باڵادەست بوو بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا. تەنها ئەوەی لەسەر گەل بوو، جێبەجێکردنی وشە بەوشەی ڕاسپاردەکانی حزب و سەرکردەی حزبی دەسەڵاتدار بوو، کە وەك کاریزمایەکی مێژوویی پێویست نیشان دەدرا. دەبوایە گەل، هەردەم سوپاسگوزاریی پەروەردگاری بکردایە بۆ ئەو کەسە فریادڕەسەی بۆی ناردوون، لەوەش زیاتر ئەوەبوو کە لە زۆر بۆنە و کۆڕ و کۆمەڵدا وەك کەسێکی پیرۆز ئاماژەی پێدەدرا.

بەعس پێکهاتبوو لە سستمێك لە بیروباوەڕ، کە کاری بۆ بەرزڕاگرتن و پیرۆزاندنی "ناسیۆنالیزم" دەکرد، ئەمەش بە بەرزترین بەهای پەیڕەوی سیاسی بۆ بەعس هەژمار دەکرێت. لەم هەڵوێستەوە بانگەشەی بۆ عەقیدەیەکی شۆڕشگێڕانە دەکرد، کە ئامانجەکەی دروستکردنی مرۆڤی نوێ و بنیادنانی پەیڕەوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نوێ بوو.. لەسەر بناغەی ئەم ئایدیاڵە، حزبی بەعس هەوڵی پێکەوە گرێدانی دوو قەوارەی سیاسی دەدا، ئەویش " ناسیۆنالیزم و سۆشیالیزم " بوو..[2]

لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی "جیهانی سێ"دا، ئەوەی گرنگی پێنەدرێت "ڕای گشتی"یە، ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگا هاوچەرخە پێشکەوتووەکاندا چارەنووسسازە و ئاییندەی نەتەوەکان دیاری دەکات، داینەمۆی بزواندنی هەموو گۆڕانکارییەکانە، لەبەرئەوە لە سادەترین پێناسە بۆ ڕای گشتی تەنیا ئەوەیە کە بڵێین (دەنگی خەڵکە)، ئەم دەنگە لەهەموو جێگەیەك و بە شێوەی جیاجیا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەبیسترێت.[3]

## سێیەم :- پێناسەی میللەت (گەل)

---

[1] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، ٢٠٠٩، ص ١٣٢

[2] د. ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی- لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی لەسەر بەعسی عێراقی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٤٥

[3] مەجید سالح: بنەما تیۆرییەکانی ڕایگشتی و ڕاگەیاندن، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، پاییزی ٢٠٠٦، ل ١٧

**ئەو بابەتەی هیچ جیاوازییەکی لەسەر نییە، وە زانایان لەسەری ڕێککەوتوون ئەوەیە کە: دەوڵەت پێکنایەت بەبێ کۆبوونەوەی کۆمەڵێك مرۆڤ، کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی دەژین لە سنووری چوارچێوەی هەرێمێکدا. بەمانای دەوڵەتێك نابینرێت بەبێ گەل..[1]**

**بیرمەند (مایکڵ گەنتەر) بڕوای وایە کە زاراوەی "میللەت" لەگەڵ سەرکەوتنی ئیسلام و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسلامیدا پەیدا بووە. بەبڕوای ئەو، میللەت هەموو ئەو نەتەوانەی دەگرتەوە کە باوەڕیان بە ئیسلام هەبووە، هەربۆیە لە سێبەری ئەو یاسایەدا، کەمینە نەتەوەییەکان تووشی سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی نەدەهاتن و زۆر لە مافە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان پارێزراو بوو. زاراوەی میللەت، تا کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی هەر مابوو، هەر هەمان مانای ئەو گەلانەی دەدا کە موسڵمان بوون و لەبن ئالأی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەژیان. لەگەڵ ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی، لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمی و دامەزراندنی دەوڵەتە هاوچەرخەکان، واتای ئەم زاراوەیە گۆڕا و ئێستا میللەت بە مانای "گەل، نەتەوە، قەوم" دێت..[2]**

**دەوڵەتی نەتەوەیی، لە گرنگترین یەکەی ژیانی سیاسی مۆدێرنانەی جیهانە. لە سەردەمانی کۆندا، ئیمپراتۆریەتەکان خێڵ و دەوڵەتی شار لە یەکەی سەرەکی ژیانی سیاسییان بوو. بەڵام میللەت، بەبەراورد کردنی لەگەڵ چەمکی وەك شار و خێڵ بەپێی ئەوەی کە یەکەی ژیانی سیاسیین، چەمکێکی ئاڵۆزترە. سەبارەت بە توخمە پێکهێنەرەکانی میللەتیش، لەو بارەیەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن. تیۆرسازان، توخمە پێکهێنەرەکانی میللەتیان لە بابەتی جیاوازی وەك "بوونی یەك ڕێکخراوی سیاسی، کەلتوور و زمانی هاوبەش، پێشینەی مێژوویی هاوبەش و ....هتد، لەبۆی گەڕاون و لێیان کۆڵیوەتەوە..[3]**

**وەك درێژەدانێك بە بابەتی میللەت، دەکرێت توخمە پێکهێنەر و شوناسەکانی ئاماژە پێبدەین، لەو ڕووەوە ئاماژەیەکی کورت بە فاکتەرێکی سەرەکی گەل کە "زمان"ە دەدەین. ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە کە میللەتان بە فاکتەری "زمان" لێکجودا دەکرێنەوە، یاخود زمان لە جەوهەردا ئەوەیە کە نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکیتر جیادەکاتەوە، وەیان "ئێمە" لە "ئەوان" جیادەکاتەوە. واتە یەکێك لە توخمە سەرەکییەکانی جوداکاری و ناسینەوەی میللەتان، فاکتەری زمانە کە دەبێتە شوناس بۆی، ئەمەو چەندین فاکتەری وەك مێژووی هاوبەش، ئایین، کەلتوور، ئیتنی، پۆشاك، هەڵسوکەوت، دابونەریت، پێگەی جوگرافی و زۆر فاکتەریتر.. تەنانەت زمانی هاوبەش کارەکتەرێکی سەرەکییە بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنان و سەرخستنی پرۆسەی نەتەوەیی، یاخود چڕکردنەوەی هەوڵەکان لەبۆ دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.. ئەم زمانە هاوبەشە یەکێکە لە گرنگترین هێماکانی نەتەوە کە بەکاردەهێنرێت. لەڕاستیدا زمانی هاوبەش هۆکارێکی**

---

[1] **نەورەس ڕەشید: دەوڵەت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بابان- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٨**

[2] **مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٦٧**

[3] **حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت- تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٠**

**لەڕادەبەدەر گرنگی یەکخستنی نەتەوەیە..** [1]

**وەلێ زمان، بەتایبەتی زمانی نەتەوە یان زمانی ئەدەبی و فەرمی هیچ نەتەوەیەك بەو شێوەیەی ئێستا نەبووە، بەڵكو لە ئەنجامی چەندین پرۆسەی مێژوویی و دەسەڵاتدارێتیدا هاتووەتە کایەوە.. لەپێشدا چەندین شێوەزمان (دیالێکت) هەبووە، پاشان لەئەنجامی پێداویستی مێژوویی ئەو میللەتە یان ئەو گەلە، یەکێك لەو شێوەزمانانە بوونەتە بنچینە بۆ پێکهێنانی زمانی یەکگرتووی ئەو گەلە یان ئەو نەتەوەیە. زمانی کوردی، سەرەڕای بوونی سێ شێوەزمانی گەورەی (گۆرانی، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی ژوروو) کە بووەتە یەکێك لەپێکهێنەرە کاریگەر و جیاکەرەوەکانی کورد لەگەڵ میللەتانی دیکەدا، بەڵام ئەگەر کورد خاوەن دەسەلاّت و دەوڵەتێکی هاوبەش و یەکگرتوو ببوایە، بێگومان هەوڵی بەدیهێنانی زمانی فەرمی و ئەدەبیی یەکگرتووی دەدا..** [2]

**میللەت، یاخود بە مانا نوێیەکەی "گەل"، ڕەگەزێکی گرنگ و گەوهەرییە کە هەرگیز وێنای دروست بوونی دەوڵەت ناکرێت بەبێ بوونی ئەو. گەل یان میللەت، پێکدێت لە کۆمەڵە کەسانێك یان دانیشتوانێك کە ڕازین بەو پێکەوە ژیانە لە سایەی دەوڵەتێکدا. بەم پێکەوە ژیانەشیان، هاوژیانی و هاوڕێکی و هاوگوزەرانی دێننە بەرهەم..** [3]

**یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکانی بنچینەی یاسایی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاّتەکان، تیۆری سەروەریی گەلە (نظرية سيادة الشعب). ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە کە ڕەگوڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ هزرە ڕاستەقینەکانی (ڕۆسۆ)** * **جەخت لەسەرئەوە دەکات کە سەروەری موڵکی میللەتە (السيادة ملك الشعب)، واتا موڵکی گشت تاکە ڕاستەقینەکانی نەوەی ئێستای میللەتن کە گەل پێکدێنن. لەبەرئەوە بەلای ڕۆسۆوە سەروەری (هەروەك ئاشکرایە) بریتییە لە "ئیرادەی گشتی" یاخود لەگەڵ ئیرادەی گشتیدا هاوڕێکە. ئەوەش (مانای ئیرادەی گشتی) لەڕێی پەیمانی کۆمەلاّیەتییەوە (العقد الاجتماعي) دێتە کایەوە، کە گوڵەوەچنەی تێکڕای ئیرادەی تاکەکانە کە کۆمەڵ پێکدێنن. بەو پێیە، سەروەری ئیرادەی گشتی تەنها کۆکردنەوەی**

---

[1] **مارتن غريفيش و تيري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، الطبعة الاولى، مركز الخليج للابحاث– دبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٨، ص ٣٤٠**

[2] **ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لە بلاّوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٦، ل ٢٣– ٢٤**

[3] **د. يوسف محمد عبيدان: مباديء العلوم السياسية، الطبعة الثانية، دار الكتب القطرية– الدوحة، ١٩٩٦، ص ٧٤**

* **ژان ژاك ڕۆسۆ (١٧١٢– ١٧٧٨): لە شاری (ژنێڤ) لە سویسرا لەدایك بووە، لە بنەماڵەیەکی فەرەنسی پرۆتستانت مەزهەب هاتۆتە دنیاوە. باوکی پیشەی سەعاتچی بووە، هەر لەمنداڵییەوە ژیانی پڕ لە نەهامەتی بووە، هەفتەی دوای لەدایك بوونی دایکی دەمرێت و پووری دەیگرێتە خۆی. سەرەتای تەمەنی بە پیشەی هەڵکۆڵین دەستپێکرد، بەڵام لە تەمەنی شازدە ساڵیدا ڕوودەکاتە ئیتالیا، ساڵی (١٧٤١ز) دەچێتە پاریس، پاش ماوەیەك ئەوێش جێدێڵێ و ڕوودەکاتە ڤینیسیا و دەبێتە نووسەری باڵیۆزی فەرەنسا. لە تەمەنی (٣٣) ساڵیدا دەگەڕێتەوە پاریس و لەوێ خێزان دروست دەکات، بەڵام بەهۆی هەژاری و دەست کورتییەوە منداڵەکانی دەنێرێتە هەتیوخانە. لەم قۆناغەدا زۆر سەردانی فەیلەسوفەکاان دەکات، بەتایبەت (دیدرۆ). ساڵی(١٧٦٢ز) دوو کتێب بلاّودەکاتەوە: (پەیمانی کۆمەلاّیەتی، ئەمیل)، لەسەر نووسینی (ئەمیل) ڕەخنەیەکی زۆری ئاڕاستە کرا لەلایەن باوەڕداران و فەیلەسوفانەوە. بەر لە شۆڕشی فەرەنسی بە دەساڵ، کۆچی دوایی کردووە.**

هەموو سەروەرییە تاکەکانە، کە هەموو تاکێك هەڵگرێتی..[1]

(ژان ژاك ڕۆسۆ) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە: " مومارەسەکردنی سەروەری، هەرگیز ناشێت لەڕێی نوێنەرانەوە بێت، لەبەرئەوەی دەست لەو مافە هەڵناگیرێت. سەروەری بریتییە لە ئیرادەی گشتی، کە کەس نوێنەرایەتی ناکات بێجگەلە خۆی. واتە یان خۆی یان کەسی تر نییە ئەو مافەی هەبێت، نێوەندیش نییە لەنێویاندا. لەبەرئەوە نوێنەرانی گەل نوێنەری ئەو ئیرادە گشتییە نین و ناشبن." [2]

بەپێی وتەکانی ڕۆسۆ (دیمۆکراتییەتی نوێنەرایەتی– الدیمقراطیة النیابیة) مانای (حوکمڕانی گەل– حکم الشعب) ناگەیەنێت، بەڵکو تەنها (حوکمڕانی کەمینە– حکم الاقلیە)یەك دەگەیەنێت. کەواتە حوکمڕانی گەل تەنها بە (دیمۆکراتییەتی ڕاستەوخۆ– الدیمقراطیة المباشرة) دەبێت، کە تێکڕای گەل بەشداری سیاسییان هەبێت لەو حوکمڕانی کردنەدا.

بەڵام ڕایەکی جیاواز بەم ڕایە هەیە، کە بڕوای بەوە نییە تێکڕای گەل پێکەوە بتوانن حوکمڕانی بکەن. واتە دیمۆکراتیەتی ڕاستەوخۆ یان حوکمڕانی گەل کارێکی مەحاڵە، تەنها و تەنها دەبێت لەڕێی کەمینەیەکەوە حوکمڕانی بکرێت کە نوێنەری گەلن..

بەڕای بیرمەند (ڕۆبێرت میشڵز): * " دیمۆکراتیەت بەمانای حوکمڕانی گەل، هەرگیز کارێکی مەحاڵە، لەبەرئەوەی زۆرینەی گەل ناتوانن حوکمڕانی بکەن، لەگەڵئەوەشدا کە مافی هەڵبژاردنی گشتییان هەیە. لە هەموو سیستمێکی دیمۆکراتیدا، بڕیارە گرنگەکان لەلایەن کەمینەیەکی (ئۆلیگارشییەوە) یان کەمینەیەکی بەهێزەوە دەدرێت." ناوبراو نکوڵی لەوەش ناکات کە دیمۆکراتییەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پارتە سیاسییەکان دەبێت، وە کۆتوبەندی ئاڕاستەی ئۆلیگارشی دەکات. بەڵام ناتوانێت بەتەواوی لێی دەرباز بێت..[3]

---

[1] القاضي لطیف مصطفى أمین: مبدأ الفصل بین السلطات و وحدتها و تطبیقهما في الدساتیر العراقیة– دراسة تحلیلیة مقارنة، من منشورات مکتب الفکر و التوعیة الاتحاد الوطني الکردستاني– السلیمانیة، ٢٠٠٧، ص ٨٥

[2] د. حافظ علوان حمادي الدلیمي: النظم السیاسیة في اوروبا الغربیة و الولایات المتحدة الامیرکیة، الطبعة الاولى، دار وائل للطباعة و النشر– عمان، الاردن، ٢٠٠١، ص ٥٠

* ڕۆبێرت میشڵز: زانا وکۆمەڵناسێکی ئەڵمانی بوو، لە(٩/ ١/ ١٨٧٦ز) لە(کۆڵۆنیا)ی ئەڵمانیا لەدایك بووە. لەخێزانێکی ئەڵمانی دەوڵەمەند هاتووەتە دنیاوە، لەبەریتانیا وفەرەنسا خوێندویەتی، پاشان زانکۆی میونیخ لەئەڵمانیا. ساڵی (١٩٠٧ز) لەزانکۆی (تۆرینۆ) ئابووری وزانستە سیاسییەکان وکۆمەڵناسی، لەگەڵ دیراسەکردنی هەڵسوکەوتی سیاسی دەستەبژێر (نخبە)ی ڕۆشنبیری خوێندووە. ناوبراو، لەژێر کاریگەری بیرمەند (مۆسکا)دا بوو، هەربۆیە ساڵی (١٩١١ز) کتێبێکی گرنگی بەناوی (پارتە سیاسییەکان)ەوە دەرکردبوو، کە باسی لەچینی (ئۆلیگارشییەکان) دەکرد. میشڵز، ساڵی (١٩١٣ز) بووە هاوڵاتییەکی ئەڵمانی، دواتر بووە ئەندامی (پارتی دیمۆکراتی ئەڵمانی). ساڵی (١٩١٥ز) لەزانکۆی (بازڵ) لەسویسرا بووە مامۆستا. هەروەها ساڵی (١٩٢٧ز) لەزانکۆی (شیکاگۆ) لەئەمریکا، وانەکانی کۆمەڵناسی سیاسی وئابووری دەوتەوە، پاشان لەپەیمانگای سیاسی وکۆلێژی (ولیامز) لەبەریتانیا وانەی دەوتەوە. کاتێك (مۆسۆلینی) هاتە سەر حوکم، ناوبراو گەڕایەوە بۆ ئیتالیا وبوو بەئەندامی (پارتی فاشی) ئیتالیا، لەو سەردەمەدا لەزانکۆی (پیروجیا) وانەکانی ئابووری ومێژووی ئایینزاکانی دەوتەوە. میشڵز لە(٣/ ٥/ ١٩٣٦ز) لە (ڕۆما)ی پایتەختی ئیتالیا کۆچی دوایی کردبوو..

[3] د. کمال المنوفي: نظریات النظم السیاسیة، الطبعة الاولى، وکالة المطبوعات– الکویت، ١٩٨٥، ص ٥١

یەکێك لەبنەماکانی دیمۆکراسی نوێنەرایەتی، جێگیرکردنی یاسای بنەڕەتییە. گریمانەی ئەوەش دەکرێت، کە ئەگەر دەسەڵاتداران لەخوارەوە، لەلایەن خەڵکەوە کۆنترۆڵ بکرێن، بەپێی پاڵنەری بەرژەوەندی تایبەتی بەرپرسیار دەبن، ئەوەش بەپێی بەرژەوەندی گشتی. بەواتایەکی دیکە، بەرژەوەندی خۆویستانەی ئەوان، بەبزاوتن بۆلای بەرژەوەندی گشتی هاوئاهەنگ دەبێت. بەو شێوەیە، سوودمەندی وبەرژەوەندی گشتی، تەنیا کاتێك پراکتیك دەکرێت، کە تێکڕای کۆمەڵگا، حکومەت لەڕێگای دیمۆکراسی نوێنەرایەتییەوە بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.. [1]

شایستەی وتنە، لەڕووی یاساییەوە گەر میللەت ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی بێت، مانای "تێکڕای تاکە نیشتەجێبووەکانی سەر هەرێمی دەوڵەتێك دەگەیەنێت کە ڕەگەزنامەی هەمان دەوڵەتیان هەیە." خۆ ئەگەر ڕاستییەکی سیاسی بێت، مانای تێکڕای ئەو تاکانە دەگەیەنێت کە مافی سیاسییان هەیە. هەربۆیە میللەت یاخود گەل، بە یەکەمین ماتریاڵی دەوڵەت دادەنرێت.. [2]

لە کۆتاییدا، ڕاستە دەسەڵات هۆکارگەلێکی زۆرەملێی لەدەستدایە، بەڵام لە بەرانبەریشدا میللەت هەردەم شکێنەری کۆت و بەندی دەسەڵات بووە. بەدرێژایی مێژوو، هەموو شۆڕشە پیرۆزەکانی جیهان، میللەت هەستاوەپێی، پاڵەوانە ئەفسانەییەکانی نێو ئەو شۆڕشانە هەر ڕۆڵەکانی میللەت بوون. میللەتان، بونیاتنەر و داینەمۆی شۆڕشەکان و شکێنەری دەسەڵاتەکان بوون، مانای لەکاتێکدا داهێنەری شۆڕشن، لەهەمان کاتیشدا ڕووخێنەری ستەمن..

## چوارەم :- پێناسەی شەرعیەت

شەرعیەت بە شێوەیەکی سادە بە "دروست، یاسایی" پێناسە دەکرێت. بەم شێوەیە، شەرعیەت زۆر گرنگە بۆ جیاوازی نێوان هێز و دەسەڵات. شەرعیەت ئەو خاسیەتەیە کە هێزی ڕووت (Naked power) دەگۆڕێت بە دەسەڵاتێکی دروست و یاسایی، پشتڕاستە بە ڕێکوپێکی یان فەرمانکردن بە خاسیەتێکی دەسەڵاتدار. جەخت دەکاتەوە لەسەرئەوەی کە گوێڕایەڵی شەرعیەت بین وەك ئەرکێك نەوەك وەکی ترسێك.. [3]

وەکی بابەتەکانیتر، لەڕووی یاساییەوە "شەرعیەت" بە کۆڵەکەیەکی بنچینەیی "دەسەڵاتی سیاسی" دادەنرێت. شەرعیەتی دەسەڵاتێك لە واقعی ئەو باوەڕەوەیە کە گەل بەو دەسەڵاتە هەیەتی، لەبەرئەوە دەسەڵات دەبێت لەگەڵ ئەو شێوە و ناوەڕۆکەدا ڕێکبکەوێت کە کۆمەڵگا لە هزرێکدا بۆیدارشتووە و باوەڕی پێکردووە و دواتر پێی ڕازیبووە. شەرعیەت، مانای ڕێککەوتنە لەگەڵ بنەما یاساییەکاندا، مانای پەیوەست

---

[1] کەمال پولادی: لەدەوڵەتی دەسەڵاتخوازەوە بۆ دەوڵەتی ئەقڵ، و: یوسف خدر چۆپان، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان- هەولێر، ۲۰۰۷، ل ۱۷٤

[2] د. احسان حمید المفرجي، د. کطران زغیر نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظریة العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شرکة العاتك لصناعة الکتاب- القاهرة، ۲۰۰۹، ص ۳۰

[3] ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ۲۰۰۷، ل ۲۳۱

بوونی هەریەك لە دەوڵەت و تاكەكانە بە سەرپێچی نەكردنی بنەما یاساییەكان، لەگەڵ بوونی سزا لەبۆ سەرپێچی كردنی ئەو پەیوەست بوونە. كەواتە شەرعیەت مانای "پرەنسیپی سەروەری بڕیارەكانی یاسایە- مبدأ سيادة أحكام القانون." [1]

شەرعیەت وەك "چەمك"، چەندین مانای جیاواز بەبەریدا بڕاوە لەڕووی جیاوازی كات و شوێنەوە. بەلاّم تاوەكو سەرەتای سەدەكانی ناوەڕاست، ئەم وشەیە چ وەك چەمك یاخود وەك دەستەواژەیەكی ئەكادیمی كە لەڕێیەوە دیراسەی دیاردەی دەسەلاّتی سیاسی بكرێت، گەلاّلە نەبوو یان تەواو نەبوبوو، هەروەها لە سەدەی حەڤدەدا سنووری زانینەكەی (حدودها المعرفيه) بەتەواوی چەسپیبوو.

دیراسەكردنی چەمكی شەرعیەت لەبۆ ڕاڤەكردنی دیاردەی دەسەلاّتی سیاسی و سیستمی سیاسی، بەسەر هەموو دیراسەكانی تردا زاڵە، لەبەرئەوەی "شەرعیەتی سیاسی" گرنگترین بابەتە كە دەسەلاّتی سیاسی بەهۆیەوە هەوڵ بۆ پتەوكردنی پێگە و مانەوەی خۆی دەدات، لەڕێگەی جەختكردن لەسەرئەوەی كە بوونەكەی پەسەند وە ڕێپێدراو بێت، بەشێوەیەك كە دانپیانانی میللی یاخود نەبوونی ئەو دانپیانانە ڕاستەوخۆ كاردەكاتە سەر ورە و بوونی ئەو دەسەلاّتە سیاسییە.. [2]

هیچ پرەنسیپێكی گرنگ لەبۆ هزری دیموكراتی، لە گرنگی "بەرگرتن لە دەسەلاّتی دەوڵەت" زیاتر بەدیناكرێت كە بەهۆیەوە پێویستە ڕێز لە مافە بنچینەییەكانی مرۆڤ بگیرێت. ئەمڕۆكە دوژمنی سەرەكی دیموكراتیەت، پادشایەتی و مافی خواوەندی پادشا، وە یاخود مۆنۆپۆڵی یەكێك لە ئۆلیگارشییە خاوەن موڵكەكان وە یان دەرەبەگایەتی نییە، بەڵكو دەسەلاّتی پاوانخوازییە (تۆتالیتاری). گرنگترین ڕێگاش بۆ قەلاّچۆكردنی ئەم پاوانخوازییە، دانپیانانە بە سنووری دەسەلاّتی دەوڵەتدا.. [3]

كاتێك توانرا دانبنرێت بە سنووری دەسەلاّتی دەوڵەتدا، مانای فۆرمێكی دیموكراتی بەدی كراوە، مانای ڕێز لە مافەكانی تاك گیراوە، مانای ئەو دەسەلاّتە بەخواستی تاكەكانی گەل دەجوڵێتەوە، مانای لە بەرانبەردا گەلیش دانیناوە بە بوونی ئەو دەسەلاّتە سیاسییەدا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا مانای شەرعیەتی ئەو دەسەلاّتە سیاسییەی دەوڵەت دەگەیەنێت. بەمانایەكیتر، ئەو دەسەلاّتە سیاسییەی نێو ئەو دەوڵەتە بەپێی ئەو شەرعییەتە كار دەكات كە تاكەكان پێیان بەخشیوە و بەدەستی هێناوە..

لە بەشەكانی پێشتردا، دوای ئەوەی ئاماژە بە ناوەڕۆكی چەمكی سكیۆلاریزم درا وەك جیاكردنەوەی دەسەلاّتی دەوڵەت لە ئایین، وە پەراوێز نەكردنی ئەو ئایینە پیرۆزە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە هەریەك لە دەسەلاّت وئایین، پیرۆزیی و پێگە و شەرعیەتی خۆیان هەیە. هەروەك پێشتریش ئاماژەی پێدرا، لەبەرئەوەی فۆرمێكی دیموكراتی بەدی كراوە، بۆیە بە شێوەیەكی ئاشتیخوازانە توانراوە ئەو دوو ئاشتەنگەی ئاماژەی

---

[1] د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٦٠

[2] زانا رؤوف حمه كريم: مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون- دراسة تحليلية، من منشورات مكتب الفكر و الوعي للاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر- السليمانية، ٢٠٠٩، ص ١٠٢- ١٠٣

[3] آلان تورين: ماهي الديمقراطية؟ حكم الاكثرية أم ضمانات الاقلية، ت: حسن قبيسي، الطبعة الثانية، الطبعة العربية (دار الساقي)- بيروت، لبنان، ٢٠٠١، ص ٥٣

**پێدرا لەیەك جودا بکرێنەوە، بێئەوەی هیچکام لەو دووانە شەرعیەتی خۆیان لەدەست بدەن. بوونی ئەو شەرعیەتەش مانای دانپیانان و ڕێزگرتنی تاکەکانە لەبۆ دەسەڵاتی دیینی و دنیەوی..**

## پێنجەم :- پێناسەی دێمۆکراسی

**باشترین و گونجاوترین سیستمی حوکمڕانییە، کە مێژووی مرۆڤایەتی بەدرێژایی ژیانی بەدەستی هێنابێت. دێمۆکراسی، زاراوەیەکی یۆنانییە لە (دێمۆس– کراتۆس)(Demos- Cratos)ەوە هاتووە، کە مانای (حوکمڕانی گەل– حکم الشعب) دەگەیەنێت..**

**دێمۆکراسی یان دێمۆکراتی، "دێمۆ" مانای خەڵك، وە "کراتۆس" مانای دەسەلاَت دەگرێتەوە، واتە "دەسەڵاتی خەڵك" یاخود "دەسەڵاتی گەل". دێمۆکراسی، جۆرە دەسەڵاتدارێتییەکی تایبەتە کە تیایدا دەسەلاَت بەدەست زۆربەی خەڵکەوە دەبێت.. نابێت بەربەستی لە ئازادی بکرێت، دەبێت ئەندامانی کۆمەڵ یەکسان بن وەکو یەك، ڕیفۆرمیستەکان هەردەم دێمۆکراسییان دەوێت و هەوڵی بۆ دەدەن..[1]**

**شێوەیەکە لە حوکمڕانی، کە تیایدا گەل (Demos) (لە گریکدا) بەکردەوە دەسەڵاتی ڕامیاری پیادە دەکات بەو پێیەی ئەو دەسەلاَتەیە کە ڕامیارییەکان دادەنێت (دێمۆکراسیەتە ڕاستەوخۆکان)، یان لە ڕێگەی هەڵبژاردنیەوە بۆ ئەوانەی کە ڕامیارییەکان دادەنێن لەبری (دێمۆکراسیەتی نوێنەرایەتی)..[2]**

**زاراوەی دێمۆکراسی، لە چەمکی یۆنانی (Demokratia) وەرگیراوە، پێشگری (دێمۆس) بەواتای "بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەی وڵات" دێت، دواتر (دێمۆس) بەمانای "هەژار و لێقەوماو و گوندییەکان" و لە ئاکامدا بە واتای (خەڵك) کەڵکی لێوەرگیراوە. (کراسیا)ش لە "کراتۆس"ەوە وەرگیراوە، کە مانای "دەسەلاَت و ئۆتۆریتە و هەروەها بە واتای دەسەڵاتدارێتی و حکومەت کردن" دێت.**

**زاراوەی "دێمۆکراسیا" بۆ یەکەمینجار لە ئەسینا سەریهەڵدا. (هیرۆدۆت)، مێژوونووسی یۆنانی دەنووسێ: "ئەگەرچی دێمۆکراسی هەموو کەس لە بەرانبەر یاسادا بە یەکسان دەزانێ، بەلاَم گرفتەکە لەوەدایە کە بەئاسانی ببێ بە مۆبۆکراسی یان حکومەتی نەزان و نالێهاتووەکان، کە بە دڵنیاییەوە حکومەتی زانا و کەسە لێهاتووەکان لە حکومەتی نەزانەکان باشترە." [3]**

**هەڵبەت لەئەتینا، ڕۆحی چەمکی دێمۆکراسی، لە(وتاری سەرگۆڕستان)ی سەرکردەی سەربازی یۆنانییەکان، (پریکلیس)دا گەیشتبووە ترۆپك، کاتێك لەنێو ئاپۆڕەی جەماوەردا ئاماژە دەدات کە:"هەرگیز، شێوەی دەوڵەتی ئێمە، لاساییکردنەوەی شێوەی یاسای دەوڵەتانی هاوسێمان نیە. شێوازی دەوڵەتی ئێمە، بۆ خۆی نموونەیەکە لەبەردەم هاوسێکانماندا، زیاتر لەوەی ئەوان بۆ ئێمە سەرمەشق بن. دەوڵەتی ئێمە**

---

[1] برهان قانع: زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)– بەغدا، ١٩٨٤، ل ٨٣

[2] محەممەد چیا: فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری ڕامیاری، زنجیرەی (١٠٠) کتێبی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری– سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٨٩

[3] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢١٤

**دەوڵەتێکی دێموکراسییە، چونکە دەسەڵات هەر تەنیا لەلای دەستەیەکی هەڵبژاردە چڕ نەبووەتەوە، بەڵکو لەدەستی زۆربەدایە. یاساکانی ئێمە، لەمەسەلەی دادوەریدا، بەیەکچاو سەیری هەموان دەکات. بەڵام خافڵیش نابین لەئاست مافێکدا، کە بەهۆی توانا وماندووبوونەوە بەدەست هێنرابێت. کاتێك هاووڵاتییەك لێوەشاوەیی خۆی بەدیار دەخات، پاداشتی دەدرێتەوە. ئەمەش نەك لەبەرئەوەی ماف وئیمتیازاتێکی زیاتری پێبدرێت، بەڵکو شایستەییەکەی وا دەکات دەوڵەت ئەرکی بدات بەسەر شاندا، لەمەشدا هەرگیز هەژاری ئەو کەسە نابێتە ڕێگر. ئازادییەکەشمان، تا دێت پتر بەسەر ژیانی ئاساییدا سێبەر دەکات....هتد.** [1]

**لە ئەتینا، کاتێك دێموکراسی گەشەکردنی تەواوی بەخۆوە بینیبوو، ئەم گەشەکردنە ببوە هۆی سەرچاوەی سەرەکی ئیلهام بۆ بیری سیاسی نوێ، هەربۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و سەدە لەدوای سەدە نموونە ئایدیاڵەکانی دێموکراتی: یەکسانی هاولاتیان لەبەردەم یاسا، ئازادی، عەدالەت، ڕێزگرتن لە یاسا، شکلّ و شێوازێکی نوێی دەبەخشییە بیری سیاسی خۆرئاوا. دواتر و پاش دابڕانێکی زۆر لە دێموکراتی، جارێکیتر خۆرئاوا توانی بەهۆی سەردەمی ڕۆشنگەری و داهێنانە نوێکانیەوە، بەهۆی بیریاران و فەیلەسوفانیەوە، پاش (هەژدە سەدە)، سەرلەنوێ ڕۆح بکاتەوە بە بەری دێموکراتیدا و بە گوڕ و تینێکی زیاترەوە بیخاتەوە گەڕ. سەرلەنوێ شەتڵی نوێ لە باخچەی دێموکراتیدا لێبداتەوە. پاشان وبەم شێوەیە، دەبینین بنەما وفاکتەرەکانی سیستەمی دێموکراتی، خەریکبوو وردە وردە لەسەر ئەرزی واقیعدا دەچەسپی، ئەمەش لەگەڵئەوەی کە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر وسەرکوتکەر، ڕێگا خۆشکەر بوون لەبەردەم گەشەکردن وپێشکەوتنی ئەو بیرکردنەوەیەدا..** [2]

**دێموکراسی ڕاست وبێگەرد، شنەبایەکە، بۆگەنی جەستەی نەتەوەیەك ڕادەماڵێت.** [3] **یەکێك لەو چەمکانەی کە بەتایبەت لەم دوو سێ دەیەی دواییدا لە باسە سیاسییەکانی پەیوەست بە دێموکراسی هاتووەتە ئاراوە، چەمکی (پلورالیزم)ە، بە مانای "فرەیی یان فرەگەرایی" (Pluralism). پلورالیزم، لە بەرانبەر زاراوە و تێڕوانینێکی تردا دەوەستێت کە بە "یەك لایەنگەرایی" (Monism) ناودەبرێت. مانای سەرەکی ئەم چەمکەش، واتای بوونی فرەلایەنییە بەسەر تاك لایەنیدا، یان بوونی پرەنسیپی جۆراوجۆرییە لەبەرانبەر یەکجۆریدا..** [4]

**شایەنی باسە لە ئەوروپای خۆرئاوادا، بلاوبونەوەی چەمکی پلورالیزم و ماناکانی فرەیی، بەواتای ئەوپەڕی دێموکراتی دێت. بەڵام لە بەرانبەردا و لە کۆمەڵگا سیاسییەکانی "جیهانی سێ"دا، هاوشێوەی ئەم چەمکە بەدی ناکرێت، یاخود کامڵ نییە. زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکانی ئەمڕۆ، نامۆن بە پلورالیزم یاخود**

---

[1] ڕێبوار سیوەیلی: سۆفیستەکانی یۆنان، لەستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین ودەزگای موکریانی- هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٢٩- ١٣٠

[2] رایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٥١

[3] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٣٠٠

[4] د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (سەدەی بیستەم)، و: ئازاد وەڵەد بەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی- سایمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٠٦- ٢٠٧

دیمۆکراسی پلورالی. واته تا هەنوکەش، تاك حزب، حزبی سەرکردە، سەرکردەی مێژوویی، کاریزما، ڕابەر، پاوانخواز، ئۆتۆکرات، دیکتاتۆر، دەسەلاتی شۆڕشگێڕ و هاوماناکانی بالادەستن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە بنچینەدا "دیمۆکراسی" زۆر هەژار و بێدەسەلاتە. هەندێك لە ترۆپکی ئەو دەسەلاتانە، لەدوای خۆیان هەولی دانانی نەوەکانی دوای خۆیان لە هەمان بنەمالە دەدەن. ئەمەش پێشێلکارییەکی تەواو و بەرچاوی ڕایگشتی و مافی مرۆڤ و بنەماکانی دیمۆکراتییە. هەلبەت، بەم کارەشیان، کێشەی ناوخۆیی وململانێی دەسەلات بۆخۆیان دروست دەکەن، بۆیە دەوترێت: "دیمۆکراسی، هاوسەنگی نێوان هێزەکانی ململانێ لەخۆدەگرێت." [1]

پێشتر، ئاماژە بەوە درا، کە لەگەڵ بوونی دیمۆکراتیدا، ئاماژە بەبوونی عەلمانیەتیش دەدەین، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی دانەبڕاو وڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە. هەمیشە لەجیهانی عەرەبیدا، وتەزای "عەلمانیەت چارەسەرە" پێشنیار دەکرێت وبەردەوامیش لەلایەن تیۆرسازانی دەولەت ونووسەرانیەوە، ئەم دەستەواژەیە پێشنیار دەکرێت، کە دەیان سالە لەهەولی ئەوەدان، سیفەتی بەعەلمانیبوون بەسیستمە ستەمکار ودەسەلاتخوازەکانەوە بلکێنن.. [2]

دیمۆکراسی، حکومەتێکە لەسەر بنەمای ڕاوبۆچوونی گشتی دامەزراوە و لە بەرانبەردا، پێویستە ئەو حکومەتە بەردەوام هەست بە لێپرسراوێتی بکات. بە واتایەکی دی، دیمۆکراسیبوونی ڕووت سەرچاوەی فەرمانڕەوایی کردنی دیمۆکراسییانە نییە، بەلکو پێویستە لە بەرانبەر خەلکیدا خۆی بە لێپرسراو بزانێت و بەردەوام ئەو حکومەتە سەرچاوەی دیمۆکراسیبوونی خۆی نوێ بکاتەوە. حکومەتی دیمۆکراسی، لە کەش و هەوایەکی فرەڕێکخراو وە فرە ئەنجومەنی سەربەخۆ و هەلقولاوی ناخدا کاردەکات، وە لە بەرانبەر ئەگەرەکانی بەدیکتاتۆریبوونی دەسەلاتدا ڕادەوەستێت، هەروەها بەرگری لە مافەکان وئازادییەکانی تاك وئەنجومەنەکان دەکات. [3] دواجار دەلێین، ئاسانترین پێناسەی دیمۆکراسی ئەوەی بیرمەند (کارل پۆپەر)ە [*] کە دەلێت: "دەستوورێك زەمانەتی ئەوە بکات بەبێ خوێنڕشتن، بەهۆیەوە بتوانین خۆمان لە حکومەتێك

---

[1] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٨٦

[2] هەفتانە: گۆڤارێکی سیاسی گشتییە، (ڕاپۆرت)، ژمارە (١١٨)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤

[3] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٩٦

[*] کارل پۆپەر: (١٩٠٢– ١٩٩٤ز)، لە ڤیەننا لەدایك بووە، باوکی پارێزەرێکی بەناوبانگ بووە، دایك وباوکی وازیان لەئایینی جوو هێناوە وبوون بەمەسیحی، ئەم لەسەر ڕێبازی لۆسەر پەروەردە کراوە. لەهەرزەکاریدا، مارکسیست بووە، بەلام دواجار لەو ڕێبازە لایداوە، بەوەی ڕوویکردووەتە پەیڕەوکردنی سیاسەتی "سۆشیال دیمۆکرات." ناوبراو لەژیانی خۆیدا، پراکتیزەی سیاسەتی سۆشیالی دەکرد، وەکی کرێکاران جلی لەبەردەکرد وڕەفتاری دەکرد، لەپشووەکانیدا شاخەوانێکی کارامە بوو. لەڤیەننا، ناوبراو تێکڕای ژیانی ئارام وچڕ ودەولەمەند وهەمەلایەنە بووە. سالێك پێش جەنگی جیهانی دووەم، پۆپەر لەیەکێ لەزانکۆکانی (نیوزیلەند) زەمالەی خوێندن وەردەگرێت، کاتێکیش جەنگ تەواو دەبێت، ناوبراو ڕوودەکاتە ئینگلاند وهەموو پاشماوەی ژیانی لەوێ بەسەر دەبات. تا تەمەنی (٩٢) سالیش، واتە ئەو سالەی کۆچی دوایی تێدا کردووە، بەردەوام بیری پڕ بایەخ ونوێی بلاودەکردەوە.

ڕزگار بکەین." لەوانەیە، ئەم پێناسەیەی ناوبراو زۆر دیاریکراو خۆبەستراوەبێت، زیاتر کورت وچڕە وەك لەوەی سادەخواز بێت، بەڵام هەموو هەقیقەتێکی ئاڵۆز وباڵای لەخۆگرتووە. [1]

## بەشی دووەم :- ململانێی دەسەلآت

هەروەك پێشتر ئاماژە درا بەوەی: دەسەلآت کۆمەڵە هۆکارێکی زۆرەملێ و نازۆرەملێیانەیە کە حکومەتەکان بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارە تایبەتییەکانی خۆیان هەیانە و بەکاریدەبەن. هەروەها لەبەرئەوەی پارتی سیاسی ئامرازێکە کە بەهۆیەوە "هاوڵاتی" دەتوانێت بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکات، کەواتە شتێکی سروشتییە کە حزب لەڕێی کارگەلێکەوە هەوڵی بەدەست هێنانی مەبەستی سەرەکی خۆی بدات، کە خۆی لە (گەیشتن بە دەسەلآت)دا دەبینێتەوە. وێڕای ئەوەی کارێکی سروشتیشە هەموو پارتێکی سیاسی چاوبڕێتە کورسی دەسەلآت (بەمانا پۆزەتیڤەکەی)، وە بەشداری بکات لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا (گشتی یان بەشی (كلي أو جزئي))، ئەوا ئەگەر پارتێکی سیاسی هەبێت و هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەلآت نەدات، یاخود کار بۆ ئەوە نەکات ئەو پۆستە حکومییانە بەدەست بهێنێت، ئەوە هەرگیز پێیناوترێت پارتی سیاسی، دەکرێت وەك ڕێکخراوێکی حکومی یان ناحکومی ئاماژەی پێبدرێت کە ناتوانێت ئەو ئامانجە بپێکێت. لەبەرئەوە تەنها لەڕێی گرتنە دەستی دەسەلآتەوەیە، کە پارتی سیاسی دەتوانێت هەم کابینەی حکومەت پێکبهێنێت و کارە سیاسی و مرۆیی و خزمەتگوزاریەکان پێشکەش بە کۆمەڵگاکەی بکات، وەهەم بەرژەوەندی و پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی جێبەجێ بکات.

وێڕای دووبارەبوونەوەی ئاماژەپێدانەکە، کارێکی سروشتییە کە لەهەموو کۆمەڵگایەکی سیاسیدا ململانێ هەبێت، واتە لە کەشێکی دیمۆکراتیدا، بوونی ململانێی گشتی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەسەر دەسەلآت، ئەمەش تەندروستی ئەو کۆمەڵگایە لەڕووی سیاسی و دیمۆکراتییەوە دەخاتە ڕوو. هەروەها لەسەرەتادا جەخت لەسەر ئەوەش کرایەوە، کە پارتی سیاسی بۆئەوە دروست بووە (دەزگایەکی ململانێ) بێت، هەولْ و کار بۆ سەرخستنی مافە ڕەواکانی تاك و چینەکانی ژێرەوەی کۆمەلْ بکات. کەواتە بەبێ ململانێ، مەحاڵە هیچ پارتێك کورسی دەسەلآتی خۆی پێشکەش بە پارتێکیتر بکات..

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، یەکێك لە پێناسەکانی پارتی سیاسی ئەوەیە کە "**دەزگایەکی ململانێ**" بێت، یاخود زیاتر بۆ ئەو مەبەستە دروست بووە. هەروەها پێناسەیەکیتری ئەوەیە کە مەبەستی سەرەکی "**گەیشتن بە دەسەلآت**"ە، کە بە کارێکی سروشتی لەقەڵەم درا. جا ئەگەر هەردوو پێناسەکە بدەین لەیەك، دەستەواژەی "**گەیشتن بە دەسەلآت لەڕێی ململانێ**" وە بەرهەم دێت. واتە پارتەکان بەم میکانیزمە کار دەکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی کورسی دەسەلآت دەدەن، وەلێ مەحاڵە هیچ پارتێکی سیاسی لەخۆڕا ڕێگە خۆش بکات لەبۆ پارتێکی دی و دەسەلآتی حکومەتی پێکهێنراوی پێببەخشێت..

---

[1] ڕاڵف دارن دۆرف: قەیرانەکانی دیمۆکراسی، و: ئیسماعیل حەمە ئەمین، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٩

ململانیٚ بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسەڵاتی سیاسی، بە یەکێك لە ڕووە سەرەکییەکانی ژیانی سیاسی دادەنرێت. بەر لە دەرکەوتنی دیٚموٚکراسی، ململانێی سیاسی، زەبر و زەنگاوی و پێشبینی نەکراو بوو، بەڵام لە سەردەمانی دیٚموٚکراسیدا ململانیٚ، خەسڵەتێکی ئاشتییانەی پەیداکردووە، بە تایبەتیش لەڕێی هەڵبژاردنەوە ئەنجام دەدرێت. زانایانی کۆمەڵایەتی، هۆکاری سەرەکی ململانێیان لە چەند هۆکارێکی وەك: غەریزەی پیاهەڵشاخان، حەزی خاوەنداریٚتی تایبەتی، کەمی سەرچاوەکان، دەسەڵاتخوازی سروشتی، هەستی نائارامی تاکایەتی و ......هتد، تاوتویٚ کردووە..[1]

شتێکی بەڵگە نەویستە، کە هەموو کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی خاوەنی چەندین خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی. ململانیٚ، یەکێك لەو خەسڵەتە سەرەکییە هاوبەشانەیە کە تێکڕای کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە، واتە خاڵی هاوبەشی کۆمەڵگاکان، ململانێیە. دەکرێت ئەو ململانێیە تایبەت بێت بە خودی تاکێك لەگەڵ خۆیدا، یان نێوان دوو تاك، یان ململانیٚ لەنێو چینەکانی کۆمەڵگادا دروست ببێت بە مەبەستی چاکسازی، یاخود لە کۆمەڵگایەکی دیٚموٚکراتیدا و لە نێوان پارتە بەشداربووەکاندا، ئەوپەڕی ململانیٚ بەدی بکەین لە پێناو کورسی دەسەڵاتدا، وە یاخود بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ترسێکی دەرەکی وتا دواتر..

ناکرێت ئەوەش فەرامۆش بکەین، ململانێی دەسەڵات، لەکەشێکی دژواری تەمومژاوی نادیٚموٚکرات وناعەلمانیدا، هەرگیز بوونی نابێت، یان شەفاف نییە، یاخود تەنها دیکۆرێکی ڕووکەشی دەسەڵاتی کۆمەڵگایەکی تۆقێنراوە. لەبەرئەوەی، لەسەرەتاوە ئەو دەسەڵاتە ڕیٚ بەبوون ودەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن وهێزی سیاسیتر نادات، تاوەکو کێبڕکیٚ وکێشمەکێش وململانیٚ بخوڵقێت، واتە سەرکردە یان حزبی دەسەڵاتدار، بەتەنها بوونی هەیە وهەرچییەکی وت، مانای گەل وتوویەتی. گەر، لەو کۆمەڵگایانەدا ڕێگە خۆشکرا بۆ ئەو ململانێیە، بێشك ئاوابوون ولاوازبوونی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارانە، نزیك ولەگۆڕێدایە. دیارە، کۆمەڵگایەکیش کە بەزۆرەملیٚ وزاڵبوون سەقامگیر بێت، کۆمەڵگایەکی ئەقلانی نییە..[2]

ئاشکرایە کە ململانێی دەسەڵاتی سەردەمانێکی زوو، جیاوازییەکی زۆری هەبووە لەگەڵ ململانێی ئێستای سەردەمی دیٚموٚکراسی و جیهانگیری و عەلمانیەت. واتە، هەر لەتاکی بەشدار بوو لەململانێکە، تا میکانیزم وسەردەم ومەغزا وفاکتەرەکان، تێکڕا جیاواز بوون. تەنانەت، پارتە سیاسییەکانی سەردەمانی زوو، پارتی هزر بوون..[3] لە پێشدا ئەوەی بەشداری حزب وهەڵبژاردن ودەنگدانی بکردایە دەبوو خاوەن موڵك وپلە وپارە بوایە، نەدەبوو مێینە یان پیشەوەرێکی سادە یاخود هەژار بوایە، پۆستە حکومییەکان بە بڕە پارەیەکی زۆر چنگ دەکەوت، یاخود لەنێو دەسەڵاتدارە خاوەن موڵکەکاندا دەساودەسی دەکرد. مانای، بەشداری سیاسی وململانێی پارتەکان تەنها قۆرخ کرابوو بۆ چینە باڵادەست وخاوەن نفوز وموڵکدارە دەوڵەمەندەکان. هەربۆیە، دەوترێت فاکتەری (جیاوازی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی وئابووری)، یەکێکە

---

[1] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٤٧– ٤٨

[2] کەمال پولادی: لەدەوڵەتی دەسەڵاتخوازەوە بۆ دەوڵەتی ئەقلٚ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١

[3] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٧٧

لەگەورەترین فاکتەرەکانی دروستبوونی پارتی سیاسی..[1]

بەڵام ئەمڕۆ، ململانێکە جیاوازە (بەتایبەت لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا)، بەوەی ململانێی پارتە سیاسییەکان دەشێت لەسەر ئایدیۆلۆژیا، بەرژەوەندی ئەرێنی حزب، بابەتێکی تایبەت بە کۆمەڵگا، بەرەنگاربوونەوەی کاری توندوتیژی دژ بە مێینە، ژینگەپارێزی، داکۆکیکردن لە ڕای گشتی و مافەکانی مرۆڤ، بەرگرتن لە جینۆساید و جەنگ و زۆر کاری تری هاوچەرخانە. ئەمە بێجگەلەوەی کە لەم کۆمەڵگا سیاسییە پێشکەوتووانەدا، مافی دەنگدان بۆ گشت مرۆڤێکی کامڵی خاوەن ئیرادەیە کە بەپێی یاسا بتوانێت بەبێ سانسۆر و ڕاستەوخۆ بەشداری ئەو پرۆسە سیاسییانە بکات. واتە مافی خۆکاندیدکردن و هەڵبژاردن و دەنگدان بۆ تێکڕای چین و توێژەکانی گەلە، کە بە بەشداری سیاسی لەقەڵەم دەدرێت. هەرگیز خۆکاندیدکردن مەرجی پارەداری و خاوەندارێتی زەوی و موڵکی ناوێت، بەهیچ شێوەیەك پلەو پۆستی کارگێڕی حکومی بە پارە وموڵك ناکڕدرێت. ئەمەش بەمانای، بوونی ململانێیەکی شەفاف وڕەوا. وێڕای ئەوەی "دەسەڵاتی چوارەم" زۆر بەهێز وئەکتیڤە، کەچی ڕەخنەگرتن لەدەسەڵات، سیمای سەرەکی کۆمەڵگایە، وئاوەزباوەڕیش (عقلانية) بەرکەماڵە. هەر شتێك، بەتەواوی لەگەڵ پێوەرەکانی ئەقڵدا دەقاودەق نەگونجێت، دەبێ ڕەخنە بکرێت..[2]

سەبارەت بەململانێی دەسەڵات، لەدەوڵەتە عەرەبییەکان، دەکرێت پێچەوانەی ئەم ئاماژەپێدان ووتانەی سەرەوە بهێنرێنە بەرچاو. لەبەرئەوەی، وێڕای نەبوونی شەفافیەت، دیارە ململانێی دەسەڵاتیش لەبازنەیەکی داخراوی بەرتەسکدا قەتیس بووە. ئەمێستا، زۆربەی زۆری وڵاتانی عەرەبی، تووشی کێشەی ئوسوڵییەت وسەلەفیەت بوون، بەتایبەت ناڕەزایی دەبڕین وڕەتکردنەوەی سەرانی ڕژێم کە نوێترین دیاردە وئاماژەپێدانە. دیارە، ئەم ناڕەزایی دەربڕینە جەماوەرییە سەرتاسەرییە، ڕاستەوخۆ بەرۆکی دەسەڵاتی گرتووەتەوە. ئەمەش، بەدیاردەیەکی سەردەمیی، یاخود گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی لەسیستم ونەخشەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان بەهۆکاری بڵاوکراوەکانی "ویکیلیکس" دادەنرێت.

هەڵبەت، لەگەڵئەوەی بەرۆکی زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی گرتووەتەوە، بەڵام هەر خۆشیان هۆکاری خوڵقاندنی ئەو کێشەیەن. چونکی، هێند ڕقی جڤاتی عەرەبی ئەستوور بووە، بەوەلانانی دامودەزگاکانی ڕژێم نەبێت، دانامرکێتەوە. بەتایبەت، لەئێستاشدا، شیمانەی ئەوە دەکرێت کە گۆڕانکارییەك لەزۆرینەی سیستمە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا ڕووبدات. یان بەدیوێکیتردا، ڕاماڵینی ڕژێمە تۆتالیتارییەکانی ناوچەکە. بەمەش، گۆڕانکاری لەنەخشەی سیاسی وهاوسەنگیی ناوچەکەدا ڕوودەدات، کە لەگەڵئەوەی پێشهاتەکانی تەم ومژاوییە، بەڵام بەشێوەیەك لەشێوەکان، پێدەچێت بۆ (ئاییندەی گەلی کورد) سوودبەخش وچارەنووسساز بێت. وەلێ، گەلی دۆست وبرادەرینە، وا گەردەلوولی ڕاماڵین هەڵیکردووە، زۆر زەحمەتە بەریلێبگیرێت، یەك بەیەك لەدەرگای ڕژێمە بۆگەنەکان دەدات وبەئاگایان دێنێت لەو خەونەی تێیدا بوون، بەئاشکرا بەگوێیاندا دەدات کە چیتر زۆرداریيان لێقبوڵ ناکرێت ودەبێت لاچن..

ئاشکرایە، کە تاکی ئەم کۆمەڵگا دواکەوتووانە، لەبەرئەوەی ناتوانن شوناسی بوونی خۆیان

---

[1] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٧٦

[2] د. حسەین بەشیرییە: مارکسیزمی فەلسەفیی ڕۆژئاوایی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦

بدۆزنەوە، یان لەڕێی دیمۆکراتییەوە (کە زۆر لاوازە و لەئاستی پێویستدا نییە) ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەك لەسیستم ویەکەی سیاسی ودەسەڵاتدا بکەن، یاخود بەشداری سیاسی بەرچاویان هەبێت، ئەوەش بەهۆکارگەلێکی سیاسی یان ئابووری وەیان کۆمەلایەتی ومەزهەبی وزۆرێکیتر. ناچار، بۆ ئەو مەبەستە پەنا دەبەنە بەر ئایین ومەزهەب، (کە فەرمییە وقەدەغە نییە وبوونی هەیە)، وەك جۆرێك لەناڕەزایی دەربڕین وڕەتکردنەوەی واقیع، یان وەکی ئەڵتەرناتیڤێك. ئەمەو بێجگەلەوەی کە ئەو کۆمەڵگایانە، یاخود هەموو سیستمێکی سیاسی، تۆوی ناکۆکی ودارمانی خۆیی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە (بەپێی یاسای گۆڕان، یان پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ).. [1]

لەزمانحاڵی هیگڵدا، "جەوهەرییەت" دەچێتە ناخی "دژایەتییەوە" ولەئاکامدا "هاوبنیات" دروست دەبێت. ئەو هاوبنیاتە، کە تەواوی ڕاستییەکان نییە، دەبێتە جەوهەرێکی نوێتر. ئەم پرۆسەیە، چەند جارێك دووپات دەکرێتەوە، بۆئەوەی هەموو دژایەتییەکان لەناوبچن. دیارە، هیچ هاوبنیاتێکی تازەی پێکهاتوو، لەدەرەوەی هزر، ئەم پرۆسەیەی بەسەردا ناسەپێنرێت. واتە، هیچ "دەرەکییەك" بوونی نییە، بەڵکو بەرهەمی ناوەوەی هزرە.. [2]

وێڕای ئەوەی، هەموو حاڵەتێکی ئاڵۆز، خۆی لەخۆیدا هەڵگری تۆوی ناکۆکی خۆیەتی، ئەوا ناکرێت ئەم حاڵەتە نائارامە هەتاهەتایە بەردەوام بێت. واتە، ناکۆکییەکان گەشە دەکەن، تا ئەو ڕادەیەی لەناودەچن وحاڵەتێکی نویٚ دێتە ئاراوە، هەڵبەت ئەم حاڵەتە نوێیەش ناکۆکی نوێی تێدایە. بەمجۆرە، لۆژیکی بنەڕەتی گۆڕان لەم کۆمەڵگایانەدا بەردەوام دەبێت. لێرەوە، وردە وردە ناڕەزاییەکان وبزوتنەوە چەکدارییە مەزهەبی وسەلەفییەکان وەك ئۆپۆزسیۆن، سەرهەڵدەدەن وبەهێز دەبن، لەدژی قۆرخکردنی دەسەڵات وگەندەڵی ونەبوونی شەفافیەت، بەڕادەیەك کە لەداهاتوودا ئەوانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێت وبەو جۆرە. ئەمە، ڕێك دووبارەبوونەوەی مێژووی کۆمەڵگا ئەوروپییەکانی پێش سەردەمی ڕێنیسانسە، بەلاَم بەپێچەوانەوە. لەبەرئەوەی، ئەوان لەسەردەمی جاهیلییەوە هەنگاویان بەرەو سەردەمی ئاوەزباوەڕی دەنا. واتە، لەکۆمەڵگایەکی ئایینییەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی عەلمانی وپێشکەوتوو. لەدیدگای ئەم هەقیقەتەوە، دەردەکەوێت کە "دێکتاتۆرییەتی دەسەڵاتە تەقلیدییەکان" خۆیان هۆکاری کێشە ونامۆدێرنی ودواکەوتوویی وگەشەپێدانی بزوتنەوە سەلەفی ومەزهەبییەکانن، هەرخۆشیان هەڵگری تۆوی ناکۆکی ودارمانی خۆیانن. ئەمە، لەگەڵئەوەی ئەو کۆمەڵگا دواکەوتووانە، هەردەم سەرکردەی لەو جۆرە بەرهەم دێنن. هەربۆیە، دەوترێت "هەموو سەرکردەیەك ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگاکەیەتی."

ئاشکرایە، کاتێك مافەکانی وەك: ئازادیی ڕادەربڕین وئازادی پێکهێنانی کۆڕ وکۆبوونەوە، دەستەبەر دەکرێن، دیمۆکراتی باشتر بەڕێوە دەچێت. هەروەها، ئەوەش کە مرۆڤ مافی بەدەستەوە گرتنی دەسەلاَت وبەڕێوەبردنی بەشێك لەولاَتی خۆی، لەڕێگای هەڵبژاردنی ئازادانەی نوێنەرانی خۆیەوە هەیە، مافێکە کە

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩

[2] لین و. لینکستەر: خواوەندانی هزری سیاسی، و: کامران محەمەد پور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٧

لەڕاگەیەندراوی "نەتەوە یەکگرتووەکان" دا هاتووە..[1] هەڵبەت، ململانێی دەسەلاتیش، بەنۆرمێکی یاسایی بەڕێوە دەچێت، دوور لەهەر دەستێوەردانێك.

هەرچی کۆمەڵگای کوردی ئەمڕۆیە، (مەبەست لە "هەرێمی کوردستانی باشوور"ە)، کەم تا زۆر سەودا ومامەڵەی دیمۆکراتی تێدا بەدی دەکرێت، بەوەی "حکومەتی هەرێم" خاوەنی دەسەلاتێکی کوردی وهەڵبژێردراوی خۆیەتی، خاوەنی چەندین دامەزراوەی سیاسی ویاسایی وحکومییە، خاوەنی سێ دەسەلاتی گرنگی یاسادانان وجێبەجێکردن ودادوەرییە. بەمانای خاوەنی سێ دەسەلاتەکەیە، کە مەرجی سەرەکی بەدەستهێنان ودروستبوونی سیستمی دیمۆکراتییە. پێگەیەکی ئارامی دەوڵەتی عێراقە، کە گرنگییەکی لەڕادەبەدەری بۆ ناوچەکە ورۆژهەلاتی ناڤین وئەوروپا وئەمریکا هەیە، ئەمە بێجگەلەوەی خاکێکی ستراتیژیی چەشەکراو بەسامانی سروشتی هەیە.

نێوخۆی هەرێم، لێوانلێوە لەکەناڵی لۆکاڵی وئاسمانی، لەچەندەها پەڕتووك وگۆڤار ورۆژنامە، چەندین دامەزراوەی گرنگی ڕاگەیاندن ووەرگێڕان ووەشاندن، کە داینەمۆی دەسەلاتی چوارەمن. خاوەن پایتەختی سیاسی ومێژوویی خۆیەتی، کە شادەماری هەرێم وحکومەتەکەیەتی، چەندین کونسوڵخانە ویەکەی بەگەڕخستنی بەرژەوەندییە بیانییە تایبەتییەکانی لەخۆ گرتووە. وەلێ، لەوەش گرنگتر، کورد خاوەنی هەرێم ودانیشتوان وسیستمێکی سیاسی سەربەخۆی لۆکاڵییە، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لانیکەم پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا هەیە، هەرچەندە زۆرینەی پەیوەندییەکانی، لایەنی ئابووری وبازرگانی ووەبەرهێنان وبەرژەوەندییە ئاڵوگۆڕەکانی لەخۆ گرتووە، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو گەشەسەندن هەنگاو دەنێت. لەگەڵ بوونی کەموکوڕی لەدەسەلاتدا، بەلام تێکڕای ئەمانەی ئاماژەیان پێدرا، ڕێخۆشکەرن بۆ فەراهەمکردنی یەکەی سیاسی، یاخود بەزمانێکی پاراو، بۆ دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت ئاماژەی پێبدەین، ململانێی دەسەلاتی کوردییە، یاخود ململانێی نێوخۆی هێزە سیاسییە کوردییەکانی گۆڕەپانی هەرێمە، لەبۆ گرتنە دەستی دەسەلات. دیارە، هەرێمی کوردستانی باشوور، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك هێزی سیاسی لۆکاڵی، بەشداری وبوونی سیاسییان هەیە وپراکتیزەی مافی خۆیان لەو بەشدارییەدا دەکەن، کەواتە شتێکی سروشتی وئاساییە کە ململانێ وکێبڕکێش بوونی هەبێت. گەر تێکڕای پارتە سیاسییەکان، ڕەنگدانەوەی واقیعێکی کۆمەلایەتی دیاریکراو بن، ئەوا بێشك هەڵگری تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگاکەشیانن، لەدروستبوون وژیانیاندا. [2] دیارە، لەهەموو کۆمەڵگایەکی سیاسی پێشکەوتووی سەردەمدا، گەر هێزە سیاسییە لۆکاڵییەکانی لەپێناو گرتنە دەستی دەسەلاتدا کێبڕکێ بکەن، بێ مکوڕیکردن، زۆربەی جار سێ دەستە (فئة) یان سێ ئاستی جیای ئەو حزبانە بەدەر دەکەون. دەستەیەکیان، وەکی دەستەبژێر (نخبە)، کە پشکی شێریان بەردەکەوێت لەگرتنە دەستی دەسەلات. دەستەی دووەمیان، ئەوانەن کە کەمتر چانسی گرتنە دەستی دەسەلاتیان دەبێت، هەردەم لەململانێدان لەگەڵ دەستەی یەکەمدا، لەبەرئەوەی هەست دەکەن لەهەڵبژاردندا فێڵیان لێکراوە (غبن)، ئەمانە زیاتر دەبنە ئۆپۆزسیۆن. هەرچی دەستەی سێیەمیشە، ئەو حزبە بچوکانە دەگرێتەوە، کە پێش ئەوەی هەڵبژاردن

---

[1] تۆماس هامماریاری: عەدالەتی کۆمەلایەتی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣- ٣٤

[2] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٣٧٢

بکرێت، دەزانرێت ڕێژەی سەرکەوتنیان چەندە. کەسانێك لەو بڕوایەدان، کە ئەم حزبە بچوکانە ڕۆڵی هێورکەرەوە وبەسوود دەبینن.[١] بەڵام کاتی وا هەیە، بۆ یەکالاکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن، ئەم حزبە بچوکانە ڕۆڵێکی کارا دەبینن، لەیەکگرتن لەگەڵ دەستەی یەکەمدا یان دووەم وە یاخود لەگەڵ چەند حزبێکی بچوکیتری هاوشێوەی خۆیان، تاوەکو بتوانن فشار لەسەر دەسەڵات دروست بکەن..

ئاشکرایە، کە هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی خاوەنی چەندین پارتی سیاسییە، وە لەحوکمڕانیشدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی، زۆرینەیان بەشدارن، بۆیە سیستمێکی دیمۆکراتی پلوراڵی پەیڕەو دەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر سێ دەستەکەی ئاماژەی پێدرا، بوونیان هەیە وبەدی دەکرێن. بێ چەند وچون، یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپارتی دیمۆکراتی کوردستان، هەردەم دەستەی یەکەم وبراوەی هەڵبژاردنە نێوخۆکانی هەرێمن. کەواتە، لەگەڵ بوونی ئۆپۆزسیۆندا، ململانێی دەسەڵاتیش بوونی دەبێت، لەنێوان ئاستەکاندا، ئەمە بێجگەلەوەی دەستەی یەکەمیش لەنێو خۆیاندا هەمان ململانێیان دەبێت.

تا ئێستا، ئەوەی وتراوە دەربارەی تەوەری دووەم، دەمانەوێت لەگەڵ چەمکی (سکیۆلار)دا یەکیخەین وناوەڕۆك ومانای "کورد سکیۆلار"ی بەهۆوە ڕاڤە بکەین. واتە ئەم ئاماژەپێدانانە بۆ ئەوە بوو، مانای کورد سکیۆلار، کە مەبەستی "جیاکردنەوەی حزب لەدەسەڵات" دەگەیەنێت ولەبری دانراوە، وە کە زاراوەیەکی دروستکراوی نێو ئەم بابەتەیە، بخەینە ڕوو. هەڵبەت، دەسەڵاتی کوردی، زیاتر دوو پارتی عەلمانی (کە یەکێتی وپارتیین) دەیبەن بەڕێوە، بۆیە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ئەو دوو حزبە. پێدەچێت، دوو حزبی ناوبراو، هیچ باکگراوندێکی ئایینییان نەبێن، یاخود دوو هێزی ئیسلامی سیاسی نەبن. کەواتە، کێشەی جیاکردنەوەی ئایین لەدەسەڵاتمان نییە (فصل الدين عن السلطة)، کە ناوەڕۆکی "سکیۆلاری" دەگەیەنێت. بەڵکو کێشەی سەرەکی لەوەدایە، چ کارێك بکرێت وبە چ میکانیزمێك "دەستێوەردانی حزبی" ئەم دوو هێزە سیاسییە کوردییە، لەکاروباری حکومی بەری لێبگیرێت، واتە (فصل الحزب عن السلطة). دیارە، هۆکاری سەرەکی ئەم دەستێوەردانە حزبییانەش، ململانێی نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکان، لەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات، خولقێنەرێتی..

ئاشکرایە، کە سەرکردایەتی هەردوو هێزە سیاسییە کوردییەکە (یەکێتی وپارتی)، زۆر بەباشی هەستیان بەم بابەتە قێزەونە کردووە، بەشێوەیەك کە چوارچێوەی کێشەیەکی ناوخۆیی ودەرەکی لەخۆ گرتووە. دیارە ئەم کێشەیە، چەندین کاردانەوە وڕەهەندی جۆراوجۆری دەبێت، ڕەهەندێك کە ڕۆڵ وپێگەی حزب لەسەر ئاستی ناوخۆ ودەرەوە دەخاتە مەترسییەوە، بەوەی هەر چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت. ڕەهەندێکیتر، ئەوەیە کە ئەم کێشەیە هەل دەڕەخسێنێت بۆ هەلپەرستان وگەندەڵەکان، تا بەناوی حزب ولەڕێی حزبەوە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاری نەرێنی بۆ سەر حزب دەڕەخسێنێت، واتە هەمان دەرەنجامی پێشوو.

شایستەی وتنە، بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) وەك سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وبەڕێز (مەسعود بارزانی) وەك سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستان، لەچەندین بۆنەدا وبە جیاجیاش، هەردەم

---

[١] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٤٣٦

**جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە نابێت حزب دەستوەرداتە کاروباری حکومەت. ڕاستە، حکومەت لەلایەن حزبەوە (گەورەترین فراکسیۆنی براوەی هەڵبژێردراو) پێکدەهێنرێت (تشکیل)، بەڵام دواجار دامودەزگا دەستووری ویاساییەکانی حکومەتی پێکهێنراو کاروباری هاولاٚتیان ڕادەپەڕێنن، نەك دەزگا حزبییەکان. ئەمە کێشەکەیە، کە پێویستی بەچارەسەرکردنە، دیارە ئەمە کێشەی زۆرینەی ولاٚتانی جیهانی سێشە.**

**بەڕێز سەرۆکی کۆمار، (جەلال تالەبانی) لە (١٨/ ١٢/ ٢٠٠٨ن)دا، پرۆژەیەکی بەناوی (هەنگاوەکانی چاکسازی ونوێبوونەوە) ئامادەکردبوو، بۆ دانانی سنوورێك لەبۆ ڕێگرتن لەدەستوەردانی حزبی، بەمانای جیاکردنەوەی حزب لەدەسەلاٚت. دیارە ئەم پرۆژەیە، لەسێ تەوەری سەرەکی پێکهاتووە وچەندین بڕگەی گرنگی لەخۆ گرتووە. تەوەری یەکەم، تایبەتە بەچۆنیەتی "ڕێکخستنی نێوان حکومەتی هەرێم وحزبەکان، (ی.ن.ك) بەتایبەتی" کە (٨) بڕگەی لەخۆ گرتووە. تەوەری دووەم، "دەربارەی زانکۆ وپەیمانگاکان" کە (٥) بڕگەی لەخۆگرتووە. تەوەری سێیەمیش، "دەربارەی دادگا"یە، ئەویش (٣) بڕگەی لەخۆگرتووە..[١] تێکڕای تەوەر وبڕگەکان، جەخت لەسەر نەمانی دەسوەردانی حزبی لەکاروباری میریدا دەکەن.**

**دوابەدوای بلاٚوبوونەوەی پرۆژەکە، دەسپێکی هەنگاوی پراکتیکی بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان، هێنانە دەرەوەی بارەگای حزبەکان، لەنێوخۆی زانکۆ وپەیمانگاکان بوو. ئەمەش بەیەکێك لەکارە گرنگ وبەرچاوەکانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت، (د. بەرهەم ساڵح) دادەنرێت. کەواتە، لەڕووی پراکتیکییەوە، هەوڵدراوە بەمیکانیزمێکی گونجاو کار لەسەر ئەو پرۆژەیە بکرێت، بەوەی چیتر دەزگا حزبییەکان، ڕۆڵی کارا ویەکلاکەرەوەی کێشە وکاروبارەکانی زانکۆ وپەیمانگاکان نەبینن. دەکرێت بەردەوام بوون لەسەر ئەم کارە، بەمانای بەرەو پێشەوەچوون وخستنەڕووی ڕواڵەتی ڕاستەقینەی دیمۆکراتی هەژمار بکرێت. واتە، بەدامەزراوەکردنی دامودەزگا حکومییەکان، کە یەکەمین وانەی ئاوەزباوەڕی وسەرخستنی سیستمی دیمۆکراتی پلوراڵییە..**

**هەر سەبارەت بەم بابەتە، بەڕێز سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی)، هەمان بۆچوونی هەبووە، واتە هەمان هەڵوێستی بەڕێز سەرۆك کۆمار، دەربارەی جیاکردنەوەی حزب لەدەسەلاٚت. لەتازەترین کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وئەنجومەنی وەزیراندا، ڕۆژی (٢٣/ ١١/ ٢٠١٠ن) سەرۆکی هەرێم، جەختی لەجیاکردنەوەی دەسەلاٚتی حزب لەدەسەلاٚتی حکومەت کردبوو وە ڕایگەیاندبوو: "بەحزبایەتی حکومەت بەڕێوە ناچێت." ئاماژەی دابوو، "ئەمرۆ، پێویستە پارتی ویەکێتی ببنە دوو حزبی مەدەنی." دەربارەی بارودۆخی هەرێمی کوردستانیش، بەڕێزی ئاماژەیدابوو بەوەی: "پێویستە دامودەزگاکانی هەرێم بکرێن بەدامەزراوەیی، ئەمەش وا پێویست دەکات کە خۆمان لەهەر بۆچوونێکی حزبی دوورخەینەوە...... بەحزبایەتی حکومەت بەڕێوە ناچێت، حکومەتیش حکومەتی کوردستانە نەك پارتی ویەکێتی.... ئێمە بۆیە ئەو وەزعەمان دروستکرد، بۆئەوەی وەزیر ببێت بەوەزیر وکاتێکیش بڕیار دەدات، دەبێت هەموو لایەك پابەندی ئەو بڕیارەی ببێت. گەر هەر وەزیرێك لەئەرکەکەیدا لایەنگری لایەنەکەی خۆی بکات، با لەئێستاوە واز لەپۆستەکەی خۆی بهێنێت، ئەگینا ئەمەی لێ قبووڵ ناکرێت.... هەرچی هێزی پێشمەرگەشە، دەبێت**

---

**[١] ئاسۆ: هەواڵ، ساڵی پێنجەم، ژمارە (٨٨١)، یەکشەممە، ٢٨/ ١٢/ ٢٠٠٨، ل ٥**

**بخرێته ژێر دەسەلاتی وەزیری پێشمەرگەوە." [1]**

**ئاخۆ بۆچوونی "ئۆپۆزسیۆن" لەمەڕ جیاکردنەوەی حزب لەدەسەلات چی بێت؟ دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین، کە لە (٢٤/ تشرینی دووەم/ ٢٠١٠ن) لەهەولێر، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان، جەختکردنی سەرۆکی هەرێمیان لەسەر پێویستی جیاکردنەوەی حزبایەتی لەکاری حکومەت، بەهەنگاوێکی گرنگ وەسف کرد، وە داوایانکرد ئەو هەڵوێستە، بەکردەوە لەکاری حکومەتدا ڕەنگ بداتەوە.. [2] بێمکوڕی، ئەم هەموو بێنە وبەردەیە، پەیوەستە بەململانێی دەسەلاتەوە..**

**یەکێك لەوانە گرنگەکانی سەرخستنی دیموکراتیەت، شەفافیەت وبنبڕکردنی گەندەڵییە، کە بەهۆیەوە شێوازێکی یاسایی وشارستانی دەبەخشێتە ململانێی دەسەلات، بەشێوەیەك کە هیچ بوارێك بۆ ڕەخساندنی دەستێوەردانی حزبی لەکاروباری دەوڵەتدا ناهێڵێتەوە. لەمبارەیەوە، کەسایەتی " گلێن وێر" * کە ماوەی دوو ساڵە، بەمەستی نەهێشتنی گەندەڵی، سەردانی هەرێمی کوردستانی باشووری کردووە. لەدووتوێی گەلاڵەکردنی پرۆژەیەك، بەمەستی بنبڕکردنی گەندەڵی ولەمیانەی چاوپێکەوتنێکیدا، ئاماژەی بەوە دابوو کە "بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لەکوردستاندا، دەبێت سیستمێك هەبێ کاری حکومی وکاری تایبەتی بەرپرسانی جیابکاتەوە." [3] دەکرێت وتەی ناوبراو، وەکی لێکدانەوە وتێڕوانینێکی جیهانی وکۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەیر بکەین. لەبەرئەوەی، ناوبراو کار لەکۆمپانیایەکی جیهانیدا دەکات، ولەسەر ئاستی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراوە، دیارە ڕاسپاردە وتێبینییەکانیشی بەهەند وەردەگیرێن. گەر ئەوەش نەبێت، مەحاڵە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وخۆرئاوا وکۆمەڵگای نێودەوڵەتی، گەندەڵی وناشەفافیەتیان بەلاوە ئاسایی بێت. هەرگیز، ڕێنوێنی هیچ دەسەلات وهێزێکی سیاسی ناکەن، کە ململانێی نایاسایی لەبۆ گرتنەدەستی دەسەلات پەیڕەو بکات.**

**ماوەتەوە سەر ئەوەی کە بڵێین، ئایا دەستوەردانی حزبی لەهەرێمی کوردستان لەچ ئاستێکدایە؟ ئایا تێکڕای حزبەکان، تاکو چەند پابەند بوون ودەبن بەو پرۆژانەوە؟ ئایا ئەو پرۆژانە بۆ بەکاربردنی ناوخۆییە (استهلاك محلي)، یاخود سەرەتای دەسپێکی پرۆژەیەکی نەتەوەیی وگۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی سەرتاسەری کوردستانە؟ ئایا حزبە کوردستانییەکان لەسەرانسەری کوردستانی باشووردا، وەك یەك شەفافیەت پەیڕەو دەکەن؟ ئاخۆ گەندەڵی سیاسی وئیداری ومەحسوبیەت وتەدەخول، ئێستاکە لەچ ئاستێکدایە؟!**

---

[1] ئاسۆ: هەواڵ، ساڵی حەوتەم، ژمارە (١٣٥٠)، چوارشەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠، ل ٢

[2] بزاو: دەنگوباسی هەرێمی کوردستان وعێراق، ژمارە (١١)، یەکشەم، ٢٨/ تشرینی دووەم/ ٢٠١٠، ل ٢

* گلێن وێر: (بەڕێوەبەری گشتی لەکۆمپانیای PWC ی جیهانی بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی. کۆمپانیایەکی جیهانییە ولەبواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا، خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری پێشکەشی ولاتان وڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات. لە (١٥٠) ولاتی جیهاندا کاری کردووە. ماوەی دوو ساڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرگەرمی بەڕێوەبردنی پرۆگرامێکە بەناوی (ستراتیژی حوکمڕانیی دروست وشەفافیەت).

[3] ڕووداو: ڕیپۆرتاژ، ژمارە (١٤١)، دووشەممە، ١٣/ ١٢/ ٢٠١٠، ل ٤

## بەشی سێیەم :- دەوڵەتی لیبراڵی و چەمکی میانڕەوی

لە سەدەی حەڤدەدا، پرۆسەی بەلیبراڵیبوون و پاشان بەدێمۆکراتیبوون سەرەتا لە بواری کردەیی و هاوئاراستە لەگەڵ ئەویشدا لە بواری تیۆری، سەرەتا لە ئینگلتەراوە دەستیپێکرد. پاش شۆڕشی ئەمریکا و زنجیرە شۆڕشەکانی فەرەنسا و ئەورووپای ڕۆژئاوا، ئەم پرۆسەیە ڕەوتێکی خێرای بەخۆیەوە بینی. بنەڕەتی ئەم ڕەوتە، بریتی بوو لە تێکەڵاوبوونی ئازادییە لیبراڵییەکان لەگەڵ پەرەسەندنی بەردەوامی مافی دەنگدان بە توێژ و گرووپە نوێیەکان. لیبراڵیزم هەڵگری سێ ئازادی بوو: یەکەم، ئازادی حزب و ئەنجومەن و کۆبوونەوە، دووەم، ئازادییەکانی تاك، سێیەم، ئازادی بیروباوەڕ و ئاسانکاری ئایینی. دەوڵەتی لیبراڵ، کەدەبوو هەلومەرجی گەشەکردن و پەرەسەندنی سەرمایەداری ئاسان بکات، لە بەرانبەر چینە باڵادەستەکانی پێشوودا پێویستی بەم ئازادییانە و دامەزراوە پەیوەستەکانی بوو. بەڵام کەڵك وەرگرتن لەم ئازادییانە، سەرەتا تایبەت بوو بە هەندێ توێژی بچوکی کۆمەڵگا، کرێکران و ژنان و هەژاران لەم ئیمتیازانە بێبەش بوون..[1]

دەوڵەتە لیبراڵەکان، وا باوە کە لە دەرەنجامی قەیرانبوونی دەوڵەتە پارێزگارانەکان دێنە ئاراوە. واتا و شێوەی دەوڵەتی لیبراڵیش، بەپێی هەلومەرجە مێژوویی و ناوخۆییەکان جیاواز بووە. گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئابووری و کۆمەلآیەتی، پوکانەوەی ئەشرافە زەویدارەکان، گەشەکردنی چینەکانی ناوەڕاست و بازرگانی و پیشەسازی و نوێسازییە فیکری و ڕوناکبیرییەکان، هەموو ئەمانە زەمینەی سەرهەڵدانی ڕژێمە لیبراڵییەکانی لە ئەورووپادا سازکرد و بەدیهێنا.

لە ئینگلتەرا، چاکسازییەکانی ساڵی (١٨٣٢ز) وە پێدانی مافی هەڵبژاردن بە چینی پیشەساز، سەرەتای چێوە وەرگرتنی دەوڵەتی لیبراڵ بە واتا تایبەتییەکەی بوو. ڕژێمە لیبراڵەکان، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، لەسەر بنەمای "خۆ تێهەڵنەقورتانی دەوڵەت لە ئابوری و داهاتەکانی بەرهەم هێنان و پێدانی مافی ڕادان (کە جاران ئەو مافە تایبەت بوو بە خاوەن زەوییەکانەوە) دامەزران و سەریانهەڵدا". واتە دەوڵەتی لیبراڵ، هەمان دەوڵەتی سەرمایەداری ئازاد بووە..[2]

جیاواز لە لیبراڵیزم، گەر پێناسەیەکی ناسیۆنالیزم بکەین، دەبینین کە بە مانای ناسنامە یاخود تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان دێت. ناسیۆنالیزم، هەمیشە دوو ڕێچکەی لەبەردەمدا بووە کە وەك چارەسەر بۆ کێشە ناسیۆنالیستییەکان لە کاتی جیاواز وبەپێی تێگەیشتنی هەر قۆناغێك، یەکێکیان گیراوەتەبەر، ئەو دوو ڕێچکەیەش (سۆسیالیزم ولیبراڵیزم) بووە. سەبارەت بە پەیوەندی ناسیۆنالیزمیش بە لیبراڵیزمەوە، دوایئەوەی لە سەدەی نۆزدەدا بیرۆکەی (نەتەوەیی) بەشێك لە سەرکەوتنی بۆخۆی مسۆگەرکرد، ئیدی بنەماکانی نەتەوەی نوێ داڕێژران. لێرەوە، نەتەوە بووە ئەو پێکهاتەیەی تاك وچینەکانی کۆمەڵ لەخۆبگرێ.

---

[1] د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (سەدەی بیستەم)، و: ئازاد وەڵەد بەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بلآوکردنەوەی موکریانی- سایمانی، ٢٠٠٥، ل ١٤١

[2] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت- تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢١٣- ٢١٤

لە هەمان کاتدا، کۆتایی سەدەی نۆزدە وسەرەتای سەدەی بیستەم، قۆناغی گۆڕانکاری بوون لە ستراکتوری بیری لیبراڵی وهەوڵێك بوو بۆ بۆ کردنەوەی پێگەیەکی شیاو بۆ دەسەڵاتی سیاسی. واتە، لەو ماوەیەدا سەرەتاکانی بیری لیبراڵیزمی نویٚ سەریهەڵدا، کە بە تەواوی داکۆکی لە پێویستی مەودایەك دەکرد بۆ دەسەڵاتی سیاسی، تاوەکو ببێتە ڕێگر لەبەردەم کرداری قۆرخکاری وچەوساندنەوەی هەژاران.[1]

چەند دێمۆکراتی بەردەوام بێت، هێندەش ململانیٚ و کێشمەکێش و دابەشبوون بەردەوام دەبێت. لە لایەکەوە، خەباتی بێوچان و بەردەوامی پارتەکانی دەوێت بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. لە لایەکی تریشەوە، هەمان پارتی دەسەڵاتدار دووچاری بەرهەڵستی (تەحەدا) دەبێتەوە، بێجگەلەوەی کە پارتە بەشداربووەکانی دەسەڵات لەنێو خۆشیاندا دووچاری کێشە و ئاڵوگۆڕ و نۆرە و دەساودەسکردنی دەسەڵات دەبنەوە. هەروەها ناکرێت تەنها لایەنی ئایدیۆلۆژی بە خولقێنەری ئاڵۆزیی و کێشەکان دابنێین، بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی، مێژوویی، جوگرافی، ئابوری، چینایەتی، ئایینی و مەزهەبی و زۆرشتی تریش هەن کە خولقێنەرن.

بۆ نموونە، لە ولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا "گەلی ئەمریکی" خاوەن یەك نەتەوە و یەك ڕەگەز و تەنانەت یەك ئایدیۆلۆژیا نین، وە هەرگیز پارتە سیاسییەکانیان لەسەر بنەمای "نەتەوەیی" دانەمەزراون، بەڵکو پارتی "هەرێمیی، لۆکاڵین" وە کار بۆ بەرژەوەندییە لۆکاڵییەکان دەکەن. واتە بەرژەوەندی هەرێمەکان کە بە گرنگترین بابەتەکانی ئەمریکا دادەنرێت، خولقێنەری کێشەکانە، ئەمە بێجگەلە بابەتە ناوخۆیی و جیهانی و نێودەوڵەتییەکانیتر..[2]

واتە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە لەگەڵئەوەی چەمکی "بەرژەوەندی" زۆر بەهەند وەرگیراوە و بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی و ئاسایشی هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی ئەمریکی لە پێشینەی هەموو بابەتە گرنگ و پڕبایەخەکانن، بەلاٚم لەهەمان کاتیشدا چاوێکی لەسەر جیهانە و بە بزوێنەری سیاسەتە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان دادەنرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە جیهانی ئەمڕۆکە "تاك جەمسەرە". ڕاستە ئەمریکا بە سەرچاوەی دێمۆکراتی و مافی مرۆڤ و ئازادییەکان لەقەڵەم دراوە، بەلاٚم ناکرێت ئەوەش لەیاد بکەین کە نەك ولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵکو تێکڕای ولاٚتانی جیهان پەیوەندییەکانیان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی و (ئاڵوویٚری سوود- المنفعة المتبادلة) و زۆرجاریش دەستێوەردان بنیات نراوە..

دووبارە دێینەوە سەر بابەتە سەرەکییەکەی پێشوو، کە ئاماژەدان بوو بە دەوڵەتی لیبراڵی و چەمکی میانڕەوی. جیهانی ئەمڕۆ، ئاشنایەتییەکی تاڕادەیەك باشی لەگەلٚ چەمکی میانڕەویدا هەیە، بەتایبەت لەناو ئەو دەوڵەتانەی بە لانکی دێمۆکراسی و ئازادییەکان ناسراون. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، سەرتاسەری جیهانی ئەمڕۆ، گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، ئەم گۆڕانکاریەش سەرجەم بوارەکانی گرتووەتەوە، مەحاڵە هیچ کۆمەڵگایەك بتوانێت خۆی بەدوور بگرێت لیٚی، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی لەم کاروانە بەجێماون (وەك

---

[1] هیوا عەزیز: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠- ١٩٥٨ ز)، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ وبلاٚوکردنەوە- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٩٤

[2] د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة بغداد، ص ١٥١

ئاستێکی ڕێژەیی) تەنها درەنگی و زووییە، دەنا هەر دەبێت پێیبگەنەوە، هەربۆیە چیتر ئەم چەمکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی نامۆ نەماوە.

ئاخۆ چ باس بێت دەربارەی چەمکی میانڕەوی، کە هێندە گرنگە و بووەتە یەکێك لە بابەت و دیاردە جیهانییەکان و هێندەش گرنگی پێدەدرێت؟ ئەمڕۆ "میانڕەوی" سیمای سەرەکی زۆرێك لە حکومەتە پێشکەوتووەکانی جیهانە. یەکێك لە ڕەوتە هزری، سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان لە ڕۆژئاوا ڕەوتی میانڕەوییە. هزرەکانی بەرەو میانڕەوی لەلایەکەوە لە بەرانبەر هزرەکانی بەرەو سۆشیالیزم و لەلایەکی تریشەوە لە بەرانبەر هزرەکانی پەیوەست بە لیبراڵیزمەوە ڕادەوەستن. هەڵبەت سنووری میانڕەوی بۆچوونەکانی تەوژمی ڕاستی لیبراڵیزمدا هەندێ جار زۆر ڕوون نییە. کەسانێك کە لە دەرەوە سەیری ئەم دوو ڕەوتە هزرییە دەکەن ڕەنگە هەندێ لە تەوژمە هزرییەکانی لیبراڵیزم لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ بکەن و تووشی هەڵە ببن، لەبەرئەوەی نزیکایەتییەکی زۆر لە نێوان ئەولەوییاتە سیاسییەکاندا هەیە..[1]

بۆ نموونە، میانڕەوەکانی شۆڕشەکانی ئینگلیز وفەرەنسا دەیانویست بەشداریکردنی سیاسی لە ئاستی خاوەن موڵك وخاوەن سامانەکاندا بوەستێنن وتەنیا ئەمان بگرێتەوە. لە ڕاستیدا، میانڕەوەکان لە توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵن، لەبەرئەوەی لە دەرەنجامی شەپۆلی شۆڕشدا دەسەڵات دەگرنە دەست، هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی لەبۆ داڕێژراویشیان نییە..[2]

پێشتر ئاماژە بە چەمکی دەوڵەتی لیبراڵی درا، هەروەها لە بەشەکانی پێشتریشدا ئاماژە بە بیرمەند (فۆکۆیاما) درا، ئاخۆ بیرمەندی ناوبراو کاتێك ئاماژەی بە کۆتایی مێژوو لەگەڵ سیستمی دیمۆکراتی لیبراڵی دابوو وەك باشترین سیستمی حوکمڕانی کە ئێمە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین، ئایا ئەم بیروبۆچونانەی لەکوێوە هێنابوو؟ یاخود، کاتێك ئاماژەی بەوە دابوو کە "هیچ دیمۆکراتییەتێك بەبێ بوونی دیمۆکراتخوازان بوونی نییە، یان بەبێ بوونی مرۆڤێك کە هیوای دیمۆکراتییەتە وبانگەشەی بۆدەکات." [3] ئایا بە هیچ شێوەیەکی فەلسەفی، ئەم دوو بابەتەی پێکەوە گونجاندووە وبەرجەستەی کردوون لە پەڕتووکەکەیدا؟ بێجگەلە بابەتی لیبراڵ دیمۆکراتی، هەرگیز فەلسەفەکەی ناوبراو مەبەستی لە خودی مێژوو بە مانای وشە نەبووە، بەڵکو مانایەکی گشتی وئەبستراکتی مێژوویی لەخۆگرتووە. دیارە، فۆکۆیاما ئەم بۆچوونەشی لە هەردوو فەیلەسووفی ناودار (هیگڵ ومارکس)ەوە وەرگرتووە وکاری لەسەرکردووە.

کاتێك فۆکۆیاما مەبەستەکەی خۆی لە "کۆتایی مێژوو" ئاشکرا کردبوو، ئەوەی خستبووە ڕوو کە کۆتایی مێژوو بە مانای مێژووی ڕووداوە یەکلەدوای یەکەکان ناگەیەنێت، بەڵکو مێژوو وەك ئاڕاستەیەك یان ڕێچکەیەکی یەکگرتووە بۆ ئەو گەشەسەندنەی کە تاقیکردنەوەی تێکڕای گەلان لە یەك کاتدا بە هەند وەردەگرێت. ئەم تێڕوانینەی ناوبراو بۆ مێژوو، زۆر نزیکە لە تێڕوانینەکەی "هیگڵ" بۆ مێژوو. دیارە،

---

[1] د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا (سەدەی بیستەم)، و: ئازاد وەڵەد بەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٣٧

[2] حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٥٣

[3] فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل کوردە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٧

مارکس وهیگڵ هەردووکیان لەو باوەڕەدا بوون کە گەشەی کۆمەڵگا مرۆییەکان بێکۆتایی نییە، بەڵکو کاتێك کۆتایی دێت کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی شکڵێکی کۆمەڵایەتی وەها بەدەستبهێنێ کە پێداویستییە بنچینەییەکانی تێر بکات. هەردوو بیرمەندان، بەو شێوەیە کۆتایی مێژوویان داڕشتبوو، بەڵام بەلای هیگڵەوە ئەم ئاستەی کۆتایی مێژوو لە "دەوڵەتی لیبراڵی"دا بەرجەستە دەبوو. هەرچی مارکسیش بوو، پێیوابوو کە ئەم ئاستە یان ئەم قۆناغە لە "کۆمەڵگای کۆمۆنیستی"دا بەرجەستە دەبێت.

بەم شێوەیە، ئەو مێژووە یاخود ئەو سەردەمەی فۆکۆیاماش باس لە کۆتاییەکەی دەکات، پەیوەستە بەو ڕووداوانەی لە جیهاندا ڕوویاندا وخۆری ڕژێمە دیکتاتۆری وتۆتالیتارییەکانی تێدا ئاوا بوو. ئەمەش ئەو گۆڕانکارییانە بوو کە هیچ دەرفەتێکی لەبەردەم مرۆڤایەتیدا نەهێشتەوە، تەنها یەك هەڵبژاردە نەبێت ئەویش "دەوڵەتی لیبراڵی دیمۆکراتی" بوو، بەوەی تاکە ڕێگەی گونجاو بوو بۆ گەشەسەندنی گشت کۆمەڵگا مرۆییەکان. بەڵام، لێرەدا مەبەستی فۆکۆیاما وەستانی مێژوو ناگەیەنێت، بەوەی لەم قۆناغەدا ژیانێکی مرۆیی کارا بوونی هەیە، بەڵکو تەنها مانای ئەوە دەگەیەنێت کە "ئەمڕۆ مێژوو کۆتایی هات،" لەبەرئەوەی ئاڕاستەکردنی مێژوو لەمەودوا تەنها بە یەك ڕێگەدا دەبێت، ئەویش ڕێگەی گەشەسەندنە ڕووەو دەوڵەتی لیبراڵی دیمۆکراتی. لەم بارودۆخەشدا، چەمکی "دوا مرۆڤ" یان "مرۆڤی کۆتایی" دێتەگۆڕێ کە پەیوەستە بەم قۆناغەوە. دیارە، ئەوەش مرۆڤی ئەم دەوڵەتە لیبراڵە وئەم کۆمەڵگا گەشەسەندووەیە.[1]

وەڵامگۆی ئەوانەی وتران، مەرج نییە بەسەر کورددا جێبەجێ ببێت، لەبەرئەوەی پێشتر ئاماژەم بەوەدا کە کورد هێشتا نەبووەتە خاوەن دەوڵەت، تاوەکو لە چەمکی دەوڵەتی لیبراڵی تێبگات وجیاوازی وهەڵسەنگاندنی لەگەڵ فۆرمەکانیتردا بۆ بکات. ڕاستە، وەك تیۆرسازی وتێفکرین ولێکۆڵینەوە، نەك تاکی کورد، بگرە زۆرینەی کەسە ڕۆشنبیر وتێگەیشتووەکانی جیهان بە شێوەیەکی ئەکادیمی یان ئاڕاستەکاری، بۆچوون ولێدوانی خۆیان هەیە لەسەری. بەڵام، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ئایا گەلی کورد تا چەند لە چەمکەکانی لیبراڵیزم ومیانڕەوی تێگەیشتووە وبەهۆیانەوە چی چنیوەتەوە؟ ئایا ئاڕاستەی مێژوو لەبەردەم جڤاتی کوردیدا وەستاوە؟ ئاخۆ کورد بە دوا مرۆڤی خۆی شادبووە؟ گەر شاد بووبێ، ئەو دوا مرۆڤە زێدە وهەڵقولاوی دوا وێزگەی کوردییە؟ ئاخۆ ڕۆحی کورد، گەیشتووە بە دەوڵەتی لیبراڵی دیمۆکراتی؟

ئەمڕۆی دنیای کورد، توشی لەیەکترازان وپشێوییەکی ڕۆحیی بووە، ئەو ڕۆحە بە ئایدیۆلۆژیاکان چواردەوری گیراوە. وەلێ، ئایدیۆلۆژیاکان کە نامۆن بەم ڕۆحە ولەبەردەمیدا قوتبوونەتەوە، لە هەمان کاتیشدا بەسەریدا زاڵن. ئەم ڕۆحە، ناتوانێت لە ناوەڕۆکی ئەمانە تێبگات، هەروەها ناتوانێت لەو قەیرانانە تێبگات کە ئەم باوەڕە ئایدیۆلۆژییانە دروستیدەکەن. ئەم ڕۆحە لە جیهانێکدا دەژی، کە لەلایەك بیرکردنەوە وکۆنترۆڵی بەسەر شتەکاندا نییە، لەلایەکیتریشەوە خودی بیرکردنەوەکان موڵکی خۆی نییە. تەنانەت، گوتارەکانیش موڵکی ئەو نین. ئەم ڕۆحە کاتێك دەڕوانێتە خۆی، جگە لە دووبارەبوونەوەی بابەتە سواوەکان وگوتارە ڕووکەشەکان وشەڕە خێڵەکییەکان، هیچی دیکە نابینێت. هەڵبەت، زاتی کورد لە خۆی دابڕاوە، واتە لەو بوونەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەبووە. دیارە لە کەوتنێکی گەورەی بەردەوامدا دەژی، بۆ چوونە ناو

---

[1] محمد وقيدي: التأريخ الذي لم ينته بعد، والتأريخ الذي لم يبدأ بعد، مجلة سلمى، فكرية ثقافية فلسفية سياسية، الجمعة، ٢٩/ فبراير/ ٢٠٠٨

"بوون" لە جیهاندا. ئەوجا لەبەردەم ئەم شکستە وبۆ شاردنەوەی ئەم واقیعە، بەهانە بۆ خۆی دادەتاشێت، بەهانەی ئەوەی بۆچی ئەم لە مێژوودا شکستیهێنا؟ هەڵبەت، تێکەڵکردنی ڕووداوەکان وشکستەکان وئاڕاستەی وڕەوتەکان، بەرهەمی سەرلێشێواوی ئەم ڕۆحەیە. لەم ڕۆحە کوردییەدا وێڕای باسنەکردنی ڕاستی ونەنگییەکان، ڕەخنەگرتن لە خود نابینرێ، بەڵکو تۆمەت دەبەخشرێتەوە، واتە پشتکردنە هەقیقەت. ئەقڵی ئەم ڕۆحە، چەکێك نییە لە خزمەت هەقیقەتدا وشوێنێکیش بۆ نەقدی "خۆ" بوونی نییە. [1]

ئاخۆ، هۆکاری چیبێ کە ڕۆحی کورد ئاوەزباوەڕ نابێ؟ بۆچی ناتوانێت ئاشنابێ بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی؟ یاخود، بۆچی گەلی کورد ناگاتە دوا قۆناغی دەوڵەتی لیبراڵ دیمۆکرات؟ یاخود بۆچی ناتوانێت دەستبەرداری کەسانی پۆپۆلیستی دەسەڵاتخواز ببێت؟ ئەمە وچەندین بۆچیتر. لەگەڵئەوەی سەرەتاییترین فۆرمی دیمۆکراتی لە هەرێمی کوردستان بەدیدەکرێ، پێویستە سەرەتاییترین فرەبۆچوون وتێڕوانینیش بەدیبکرێ وەك مەرجێکی سەرەکی بوونی دیمۆکراسی. بەڵام ئایا ئەو فرەییە گەر هەشبێ، چەند لە خزمەت جڤاتدایە؟ ئایا لە هەرێمی کوردستان، دیمۆکراسی پێگەیەکی تەندروستی هەیە؟ دیارە، ئەو کۆمەڵگایانەی پاش مێژوویەکی دوورودرێژ لە تۆتالیتاریەت وتاکڕەوی "حزبی سەرکردە" ڕزگاریان دەبێت، درەنگ بە چەمکەکانی دیمۆکراسی ئاشنادەبن، بگرە کاریگەریی ڕژێمی پێشوو، هێشتا سێبەرە بەسەر کۆمەڵگاوە. هەڵبەت، ڕەوینەوەی ئەقڵیەتی پێشوو لە پڕێکدا نابێت، بەڵکو کاتی دەوێت. داکەوتی کۆمەڵگا، دەخوازێت کەسانێك بێنەپێش کە وەکی ئامرازی (ڕەوتی مێژوو) دەربکەون وکاربکەن. لێرەوە، جۆرە دژیەکییەك لە نێو سەران وئایدیۆلۆژیا ومەزهەب وئەوانی دیکەدا دروست دەبێت، کە سەرەتای ململانێیەکی ناچاری (حتمي) ونوێی کۆمەڵگایە. ئەوجا لەبەرئەوەی کەشێکی دیمۆکراتی بوونی هەیە، کەواتە ئاساییە لایەن وکەسانێك هەبن هەست وسۆز وبیرکردنەوەی خەڵکانێك بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

لە ڕاستیدا، ڕووکردنە گەل بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەبێ تێپەڕبوون بە فلتەری یاسا وپەرلەمان وگفتوگۆی دیمۆکراسی، کە ئەمەش لاوازی پەرلەمان وپارتە سیاسییەکان دەردەخات، دەبێتە کارێکی جەماوەریی دەسەڵاتخواز. لێرەوە سەرکردەی سیاسی پۆپۆلیست، جەماوەربوونی خۆی خراپ بەکاردێنێ ودێتە سەر شانۆ. بێگومان لە پەرلەمانی تەقلیدیدا، ئەرکەکان دیاریکراونە وهەموو ئەندامێك دەزانێت قسە لەسەر چی دەکات، مانای چانسەکانی گفتوگۆی دیمۆکراسی لاواز دەبێت. لە ناو ئەم کۆمەڵگایانەدا، ئەو بۆشاییەی دروست دەبێت کەسی پۆپۆلیست وجەماوەرخوازان پڕیدەکەنەوە، کە باز بەسەر هەموو یاسا وگفتوگۆیەکی دیمۆکراسیدا دەدەن وئامانجەکانیان دەپێکن. ئەمەش بنچینەی سیاسەتی دژە دیمۆکراسییە، کە هەست وبڕوای گەل بۆ دەسخەڕۆکردنی خودی گەل بەکاردەهێنن، بۆئەوەی مافەکانی گەل لە ڕێگەی ئەو متمانەیەی بەخشیویانە بە سەرکردە، خزمەتی مەبەستی کەسیی وئامانجی دیکەی دژە دیمۆکراسیبێت وئازادی گەل بەو شێوازە سنووردار بکەن. [2]

کەواتە لە هەلومەرجێکی وەهادا، نەك مێژوو بەرەو دوا قۆناغی لیبراڵی ودیمۆکراسی هەنگاو نانێ،

---

[1] فاروق ڕەفیق: ماڵێکی لێکترازاو و ویژدانێکی بیمار (دەربارەی کورد– بوون– لە جیهاندا)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، سێپتێمبەری ٢٠٠٢، ل ٦٣

[2] ڕاڵف دارن دۆرف: قەیرانەکانی دیمۆکراسی، و: ئیسماعیل حەمە ئەمین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩– ١٨١

بگرە ڕۆحیش لە قۆناغی کۆیلایەتیدا دەمێنێتەوە نەك دواقۆناغ وکامڵبوون. هەربۆیە، کاتێك پرۆسەی مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا بە هەر هۆکارێکبێ، لە قۆناغی خێڵایەتییەوە هەنگاوینا بەرەو گردبوونەوە، ئیدی وەستا. واتە، قۆناغی شادبوون بە دەوڵەتی نەتەوەیی نەدی، کە تیایدا دەوڵەتێکی نەتەوەیی وفەرهەنگێکی کوردی گەڵاڵە ببێت. دیارە ئەقڵییەتی خێڵایەتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردی، مانەوە لە یەکەی لۆکاڵی بچووك بچووکی پەرتەوازەی دژبەیەکی چارەنووس نادیاری لە فیدراسیۆنێکی خێڵایەتی پێباشتر بووە. بێگومان، هەر خێڵەکایەتیش نەیهێشتووە گەلی کورد یەکبگرێ، ڕەنگە کورد بۆ خێڵەکانیان دڵسۆزتر بووبن وەك لەوەی بۆ نەتەوەی کورد دڵسۆزبن. [1]

مەخابن، لەم سەردەمەشدا گەلی کورد بە هەمان ئەقڵیەت بیردەکاتەوە. بەمەش، ئەو دیمۆکراتییەی ئێستاکە لە نێوخۆی هەرێمدایە وئاماژەمان پێدا، دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. وەلێ، ئەم واقیع ورووداوانە پشتڕاستکەرەوەی ئەو ڕاستییەن کە ئەقڵیەتی خێڵایەتی هەردەم بالادەست بووە بەسەر ئەقڵی سیاسی کوردەوە. دیارە، ئەقڵیەتی کورد هەردەم لەسەر بنەمای ئەو چەمکە خەلدونییە کاریکردووە کە دەڵێت: "من دەسەڵاتی خۆمم دەوێت، گەرچی ڕووبەری ئەو دەسەڵاتە بە ئەندازەی ڕووبەری بەردێکیش بێت." [2] هەڵبەت، کورد بەم هۆیە وبە درێژایی مێژوو نەیتوانیوە پرۆژەیەکی نەتەوەیی بەرهەمبهێنێت، وە ببێتە خاوەنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخ. وێڕای ئەوانەی وتران، ژیانی کۆمەڵایەتی هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆیی لەخۆڕا گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵکو هەوڵ وتواناسازی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەی دەوێت. ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، ئاپۆڕەیەکی پەتی لە پێشهاتە ناهاوبیرەکان وڕێکەوت نییە، بەڵکو لەسەر بڕیارگەلێك چەقی بەستووە کە خاوەنی هەمان پێگەی بەرچاوی دۆزە ماتماتیکییەکانن، وە هی ئەوەن بسەلمێنرێن، چونکە ئەو فەرمانانە وابەستە نین بە توێژینەوە ئەزموونییە ڕێکەوتەکانەوە، بەڵکو خاوەنی خەسڵەتی ڕاستییە نەمر وهەموویییەکانن. [3]

## بەشی چوارەم :- دیسکۆرس و پرۆژەی نەتەوەیی

دوابەش، تایبەتە بە گوتاری کوردی وپرۆژەی نەتەوەیی، کە لە گرنگترین بابەت وکۆباسەکانی کورد وناسنامەی کوردییە. دیارە، گەلی کورد هەردەم لە هەوڵی بێوچانی خەباتی نەتەوایەتی وبەدەستهێنانی مافەکانی لە چوارچێوەی حکومەت ودەوڵەتێکی نەتەوایەتیدا بووە. بە درێژایی مێژوو، چەندین شۆڕش وخەباتی چەکداری لەو پێناوەدا بەئەنجام گەیاندووە، چەندین ڕۆڵەی بەجەرگ وبەئەمەکی ئەم گەلە لەو پێناوەدا گیانی پاك وڕۆحی پیرۆزیان بەخشیوە. ئێستاشی لەگەڵدابێ، گەلی کورد سوورە لەسەر خەباتی نەپساوی خۆی. مێژووش گەواهی ئەوە دەدات، کە گەلی کورد هەرگیز لەبەردەم دوژمنان وداگیرکەران وسیستمی تۆتالیتاری وئۆتۆکراتی ودەزگاکانی داپڵۆسیندا، چۆکی دانەداوە ودانادات.

---

[1] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢

[2] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١١١

[3] ئێرنست کاسیرەر: ئەفسانەی دەوڵەت، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٢٤

ناسیۆنالیزمی كوردی لە كۆی خەبات وتێكۆشانیدا، گەورەترین ئامانجی ڕزگاربوونی نەتەوە بووە لە توانەوە وفەوتان. لەبەرئەوە، هەوڵیداوە كە پەیوەندی وڕایەڵەكانی نێوان (نیشتمان ونەتەوە وتاك) بە جۆرێك بتەنێت ویەكانگیریان بكات، كە خزمەتكردن بە هەر یەكێكیان ڕاستەوخۆ خزمەتكردن بێت بەوانی دیكە. لەم ڕوانگەیەوە، (بەختیار عەلی) نووسیویەتی: "ناسیۆنالیزمی ئێمە، وێنەیەكی سێگۆشەیی بەرهەم دەهێنێت كە تیایدا (سروشتی كوردستان + ڕۆحی نەتەوەی كورد + خودی جەنگاوەرانی كورد) لە یەكدی جیاناكرێنەوە، و(نیشتمان، نەتەوە، تاك) پێكەوە یەكەیەكی لێكنەپچڕاوی لێكدانەبڕاو دروستدەكەن، كە دەشێت هارمۆنییەتیان تاكە ڕێگای ڕزگاری بێت لە نەمان وفەوتان. [1]

دیارە، هۆكارەكانی دواكەوتنی گەلی كورد لە بوون بە خاوەن دەوڵەتی سەروەر ونەتەوە زۆرن، هەر لە هۆكارە ناوخۆییەكانەوە تا دەگاتە هۆكارە دەرەكییەكان. گەر لەم ڕووەوە پێناسەی چەمكی (نەتەوە) بكەین وبەسەر كورددا جێبەجێی بكەین، ئەوا دەبێت پێناسەیەكی بابەتییانە وخودییانەی چەمكی نەتەوە بكەین. لە ڕووی بابەتییانەوە، كە توخمە پێكهێنەرەكانی وەك (خاك، زمان، كەلتوور، مێژوو، نەریت، ئابووری....هتد) لەخۆدەگرێ، گەلی كورد كێشەیەكی ئەوتۆی نییە، لەبەرئەوەی خاوەنی تێكڕای ئەو ڕەگەزانەیە بە شێوەیەكی ڕێژەیی. بەڵام لە ڕووی خودییانەوە، كە جەخت لەسەر هەڵوێست وبەهاكان دەكاتەوە، گەلی كورد كێشەی هەیە. لەبەرئەوەی، (ئێرنست ڕێنان) وتەنی: "نەتەوە ڕیفراندۆمێك (دەنگدان)ی گشتی وبەردەوامە." بە مانای، نەتەوە لە ڕووی پێناسەی خودییانەوە دەبێت بە بەردەوامی خۆی بسەلمێنێت. یاخود، بە مانای "ئینتیما بۆ نەتەوە مەسەلەی ڕەگەز نییە، بەڵكو مەسەلەی ئیرادەیە، هەربۆیە بە ڕاپرسییەكی ڕۆژانە وەسفیكردبوو." [2]

هەڵبەت، ئەم خۆناساندنەش لە ڕێگەی دەوڵەت ودەسەڵاتی سیاسییەوە دەبێت. هەرچەندە، گەلی كورد لە ڕێی "بزوتنەوە نەتەوایەتییەكانییەوە" توانیویەتی بە بەردەوامی خۆی بسەلمێنێت. [3] بێگومان، ئەو خۆناساندنەش كە لەم ڕێیەوە بێت یان لە ڕێی خەباتی چەكدارییەوە بێت، لاوازە. هەرگیز، وەك خۆناساندن لە ڕێی دەوڵەتەوە نییە. ئاشكرایە، ئەو نەتەوەیەی لە ڕێی خەباتی چەكدارییەوە سەرفرازی بەدەستهێنابێ، بە شێوەیەكی گشتی لە ناو فەرهەنگێكی سیاسی داخراودا دەمێنێتەوە. [4] دوای ئەو خۆناسینە بەردەوامە، جۆرێك لە هۆشیاری نەتەوەیی بۆ تاكەكان دروست دەبێت، كە بوونی نەتەوە ونەتەوایەتی دەسەلمێنێ، هەر دەوڵەتیشە كە بە هۆی سنووری دەسەڵاتەكەیەوە نەتەوەیەك لە نەتەوەیەكیتر جیادەكاتەوە. كەواتە، ئەوە دەوڵەت وناسیۆنالیزمە كە (نەتەوە) دروست دەكات. [5]

گەلی كوردی باشوور، گەرچی لە ئێستادا خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی وئیداری خۆیەتی، بەڵام هێشتا ولەم قۆناغەی ئێستادا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ ونەتەوەیی خۆی نییە، واتە لە ئێستادا قسەكردن

---

[1] هیوا عەزیز: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری كوردستان (١٩٠٠– ١٩٥٨ ز)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٧

[2] أرنست رينان: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٩/ أوكتوبر/ ٢٠١٠، ar.wikipedia.org

[3] ئەكرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانكاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩

[4] كوردستانی نوێ: كاكێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٣٦)، چوار شەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠، ل ٧

[5] ئەكرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانكاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

لەسەر "دەربڕینی نەتەوەی کورد" لە باشوور، پێدەچێت زووبێت. یاخود لە ڕووی زمانەوانییەوە، وا باشترە وشەی "نەتەوە" بەکارنەهێنین، بەوەی ئەم وشەیە بەرجەستەبوون وئاوێتەبوونە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی ودەوڵەتدا. هەرێمی کوردستان، ئیدارەیەکی تایبەتی خۆیی هەیە، نە لە یەکێتی ئەوروپا ونە لە کۆمەڵەی ئیسلامی ونە لە نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەیەکی تایبەتی خۆی نییە. [1] لە ڕاستیدا، هەموو ئەمانە لە پای دواکەوتنی پرۆژەی نەتەوەیی وکامڵنەبوونی ناسیۆنالیزم وکەسایەتی ناسیۆنالیستی کورد بووە، یان دەکرێ بڵێین هەستی نەتەوایەتی لای گەلی کورد، ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ لە ئاستێکی بەرچاودا نییە. هۆکاری ئەمانەش، فەراهەم نەبوونی دەوڵەت ونەبوونی کەسێکی لەبار وگونجاو بووە بۆ دیسکۆرس (خطاب) وپرۆژە نەتەوەییەکە، تا بەهۆیەوە ئامادەکارییەکان بکرێن بۆ دەربڕینی "نەتەوە." بەمەش، ئەو پێناسە بابەتی وخودییەی بۆ چەمکی نەتەوەی کورد دەکرێت، ناتەواو ونەشاز دەبێت. لەبەرئەوەی، چەمکی ناسیۆنالیزم هەستکردنێکی پێویست ودڵسۆزییەکی ڕەهای لە هەمبەر دەوڵەتە نەتەوەییەکەی دەگەیەنێت. [2]

لە ڕاستیدا، هەموو ئەوانەی وتران بەشێکن لە کێشەی گەلی کورد، ئەمە وبێجگەلە نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی نەتەوەیی، ئەدەبی، فەرمی وستانداردی دەسەڵاتی کوردی، کە شێوە زمانەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوە وتێکڕای گەلی کورد پابەند وکۆکبن لەسەری. دیارە، ئەم هەوڵەش بە دەوڵەت ودەسەڵاتی سیاسی ئەنجام دەدرێت. پێدەچێت ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا، تێکڕا هۆکارە ناوخۆییەکان بووبن.

ماوەتەوە سەر ئەوەی ئاماژە بە هۆکارە دەرەکییەکانیش بدەین، کە خۆی لە ڕازینەبوونی زلهێزانی ئەو سەردەمەدا دەبینێتەوە، بەوەی خواستیان لەسەر هاتنەدی مافی چارەنووسی گەلی کورد نەبووە. مانای، نەخشە وهاوکێشەی سیاسی ئەو سەردەمەی زلهێزان، قەوارە وقەوارە وبوونی کوردی بە هەند وەرنەگرتووە. دیارە، ئەمڕۆش هەمان ئاوەزباوەڕ بەڵام بە شێوازێکیتر، دەربارەی چارەنووسی گەلی کورد دووبارە دەبێتەوە. ئەوەتا، چ یەکێتی ئەوروپا چ کۆمسیۆنی ئەوروپان بە ئاشکرا ولە نێوکۆی ڕاسپاردەکانیاندا دەربارەی کەلی کورد، ئاماژە بەوەدەدەن کە "دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا." [3] دەکرێت ئەم هەنگاوە، بە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بزانرێت، یان دەکرێ بڵێین کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵئەوەی خوازیار نییە جارێکیتر گەلی کورد توشیماڵوێرانی ودەردەسەری وئاوارەبوون وجینۆساید ببێتەوە، لە هەمان کاتدا خوازیاری دروستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆی کوردی نییە ولە بەرژەوەندی ئەواندا نییە. ئاشکرایە، کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەرژەوەندی بە هەند وەردەگرێت نەك ویژدان وئەخلاقیات.

وەك وەبیرهێنانەوەیەك، دەکرێت ئاماژە بە "ڕاسپاردەکانی بیکەر– هامڵتۆن" بدەین، کە ڕاشکاوانە

---

[1] ئیسماعیل بێشکچی: کوردەکان ومافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان، و: ڕەوا حاجی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٢٢

[2] د. بشير خليل حداد: الاسلام والقومية، ٥/ ١/ ٢٠٠٩، Dr.Bashir Khalil Haddad

[3] ئیسماعیل بێشکچی: کوردەکان ومافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان، و: ڕەوا حاجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧

وەك نەخشەڕێگایەك باسی لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ كێشەكانی عێراقی دوای پرۆسەی ئازادی دەكرد. لەگەڵئەوەی تەنها یەك جاریش ئاماژەی بە گەلی كوردی باشوور ونەهامەتییەكانی نەكرد، بە پێویستیشی دەزانی كە دەسەڵاتەكانی ناوەند زیادبكرێن. هەڵبەت لە ڕاسپاردەی ژمارە (٣٠)دا، كاتێك باسیان لە كەركوك دەكرد، جەختیان لەوە دەكردەوە كە: "دەكرێ كەركوك ببێتە بەرمیلێك باروود، سازكردنی ڕیفراندۆم لەسەر چارەنووسی كەركوك بەر لە كۆتایی ساڵی (٢٠٠٧) وەك دەستووری عێراقی دایناوە دەبێتە تەقینەوەیەك، هەربۆیە پێویستە دوابخرێت." یاخود لە ڕاسپاردەی ژمارە (٢٨)دا كاتێك باسی داهاتی نەوت دەكرێت، جەخت لەوە دەكەنەوە كە: "پێویستە داهاتەكانی نەوت بگەڕێندرێنەوە بۆ حكومەتی ناوەندی، پاشان لەوێوە ولەسەر بناغەی ژمارەی دانیشتوان دابەشبكرێنەوە." [1] ئەمەش بە مانای سەنتراڵیزەكردنی دەسەڵات لە تەواوی عێراق، وپشتگوێخستنی خواستەكانی گەلی كوردی باشوور وكەمكردنەوەی دەسەڵاتەكەی. لەوەش گرنگتر، لەبەریەكهەڵوەشاندنەوەی پایەكانی فیدراڵیەت ودیمۆكراتییەتی عێراقە، كە ئەمریكا خۆی بە پاسەوانی ڕاستەقینەی دەزانێت.

كەواتە، لە پاش ئاشكراكردنی خواستی (كۆمەڵگای نێودەوڵەتی) لەمەڕ گەلی كورد وخستنەڕووی فاكتەرە ناوخۆیی ودەرەكییەكان، گەیشتینە ئەو دەرەنجامەی كە بۆچی لە ئێستادا ناكرێت گەلی كورد بە گشتی بە (نەتەوە) ناوببەین، بەڵكو باشتر وایە بە (گەلی كورد) ناویببەین. شایستەی ئاماژەپێدانە، لە دوای دەوڵەتی مادەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێت كورد نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەوڵەتێكی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی، كە بوونی نەتەوەیی وفەرهەنگیی كورد بسەلمێنێت. بەڵام، هەرگیز ناكرێت لەداهاتوودا، ئەم ڕاڤەكردنە بۆ چەمكی "نەتەوەی كورد" دووبارە بكرێتەوە، یاخود كورد بەگەل ناوببرێت نەك نەتەوە. لەبەرئەوەی داتا وپێشهاتەكان لەگۆڕاندان، بەگۆڕانی ڕۆڵ وپێگەی كورد وهاوكێشەی سیاسی وكارلێكی بەرژەوەندییەكان ونەخشەڕێگای هاوپەیمانێتییەكانی داهاتوو.

هەر لەپێناسەی چەمكی نەتەوەوە، پێویستە لەسەر بابەتی ناسیۆنالیزم تێبینی ورووونكردنەوەی زیاتر بدەین، تێڕوانین وبۆچوونەكانیش ڕاڤە بكەین، تاوەكو لەڕێیەوە بیروبۆچوونی بیرمەندانی ئەو بوارە زیاتر بخەینە ڕوو. بیرمەند "ئێرنست گێڵنەر" * یەكێكە لەو كۆمەڵە بیرمەندەی لەسەر بابەتی نەتەوە وناسیۆنالیزم، تێڕوانین ولێكدانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. كاتێك باس لە "دروستبوونی نەتەوە" دەكات، ئاماژە بەوە دەدات كە: "دروستبوونی نەتەوە، بەبێ گۆڕانە ئابوورییەكانی قۆناغی پیشەسازی وهاتنەكایەی

---

[1] كوردستانی نوێ: ڕاسپاردەكانی ڕاپۆرتەكەی بیكەر – هاملتۆن، ساڵی پازدەهەم، ژمارە (٤١٤٢)، یەك شەممە، ١٠/ ١٢/ ٢٠٠٦، ل ٥

* ئێرنست گێڵنەر: یەكێك لەگرنگترین توێژەرانی بواری فەلسەفە وئەنسرۆپۆلۆژیا وكۆمەڵناسی وناسیۆنالیزم بووە. ناوبراو لە (٢٩/ دیسەمبەر/ ١٩٢٥ز) لەپراگ (كۆماری چیك) لەدایك بووە، خێزانەكەی تا ساڵی (١٩٣٩ز) لەپراگ ژیانیان گوزەراندووە. پاشان ئەم خێزانە كۆچیان كردووە بۆ ئینگلتەرا، ناوبراو لەوێ درێژەی بەخوێندن داوە و لەزانكۆی (ئۆكسفۆرد) خوێندنی تەواو كردووە، دواتر بووەتە مامۆستا لەلەندەن. ناوبراو لەساڵی (١٩٦٢ز)ەوە بووەتە مامۆستای زانكۆ ولەبوارەكانی لۆژیك وفەلسەفە ومیتۆدی زانستیدا وانەی وتووەتەوە. گێڵنەر، بێجگەلە زانكۆكانی ئینگلتەرا، لەچەندین زانكۆی جیهانی وانەی وتووەتەوە. لە (٥/ نۆڤەمبەر/ ١٩٩٥ز) لەپراگ، لەتەمەنی (٦٩) ساڵیدا كۆچی دوایی كردووە.

سیستمی خوێندنی مۆدێرن وگەشەی زمانی هاوبەش ودروستبوونی تاکەکەسی مۆبیل وبازاڕە گەورەکان، کارێکی مەحاڵە." [1]

گەر بیروبۆچوونەکەی گێڵنەر، بەسەر وتەکانی پێشووتردا جێبەجێ بکەین، واتە ڕاڤەکارییەکانی ناوبراو بەسەر چەمکی نەتەوەی کورددا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە گەلی کورد، لەڕووی ئابوورییەوە هێشتا نەیتوانیوە هەنگاو بەرەو قۆناغی پیشەسازی بنێت. لەم قۆناغەدا، ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان، گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەك هەرێمی کوردستان، بگرە تەواوی عێراق، کۆمەڵگایەکی بەکاربەرن (مستهلك) ولەئێستادا نەیانتوانیوە هەنگاو بەرەو قۆناغی پیشەسازی بنێن. بەمانای، هەرێم هێشتا هەنگاوی بەرەو قۆناغی پیشەسازی نەناوە. خۆ ئەگەر بێینە سەر سیستمی خوێندنی مۆدێرن، پێدەچێت گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەگۆڕێدا نەبێت. لەهەرێم، گەرچی هەنگاوەکان بەرەو زمانی هاوبەشیش چوون، بەڵام زووتریش ئاماژە بەوە درا کە زمانێکی یەکگرتووی فەرمی وستانداردی کوردی، تائێستاکە لەئارادا نییە، کە دەبێت دەسەڵاتی کوردی کاری بەپەلەی بۆبکات.

پاشان لەڕووی هاووڵاتیبوون وماف وئەرکەکانەوە، لەبەرئەوەی تاکی کورد لەخولگەیەکی پەیوەست وگەورەتری تاکی عێراقدا دەسوڕێتەوە، وە لەبەرئەوەی لەعێراقیشدا (بێجگەلە هەرێم)، ئاشکرایە کە چەمکی هاوڵاتیبوون لەچ ئاستێکدایە، بۆیە تا هەنووکەش لەسەرانسەری عێراقدا وبەگشتی، ئەم چەمکە مەدلوول ومانای تەواوی خۆیی وەرنەگرتووە. هەرچەندە بێویژدانییە، ئەگەر ژینگە وهەڵسوکەوت وئازادی تاکی کوردی باشوور وتاکی عێراقی (عەرەب)، لەیەك تای تەرازوودا دابنێین. دواجار، دێینە سەر بازاڕی گەورە، وەکی هۆکارێکی پێویست لەبۆ دروستبوونی نەتەوە. ئێستاکە، کوردستانی باشوور بەڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی عێراق، وبەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسی نەك یاسایی، [2] ماف وتوانای ئەوەی هەیە ڕۆژانە (١٠٠-١٥٠) هەزار بەرمیل نەوت، هەناردەی دەرەوە بکات. [3] هەروەها خاوەنی گازی سروشتیشە، کە بڕیار وایە ساڵی (٢٠١٤ز) لەڕێی بۆرییەکانی هێڵی (نابۆکۆ)وە * ڕەوانەی باشووری ئەورووپای بکات.

بێجگەلەوەی هەرێمی کوردستان، خاك وپێگەیەکی ستراتیژی لەناوچەکەدا هەیە، لەگەڵ کۆمەڵێك

---

[1] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر- کورد لەدیاسپۆرا، لەبڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٤٢

[2] بزاو: دەنگوباسی هەرێمی کوردستان وعێراق، ژمارە (٢٥)، چوارشەم، ١٩/ کانوونی دووەم/ ٢٠١١، ل ١

[3] کوردستانی نوێ: ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٤٧)، سێ شەممە، ٧/ ١٢/ ٢٠١٠

* پرۆژەی هێڵی نابۆکۆ: پرۆژەیەکی تایبەت بەهەناردەکردنی گازی سروشتییە لەئاسیاوە بۆ ئەوروپا، هەندێکجار بەپرۆژەی "ڕێگای ئاوریشمی نوێ" ناودەبرێت، درێژی هێڵی نابۆکۆ (٣٣٠٠ کم)ە، بڕی (١١) ملیار دۆلاری تێدەچێت، لەساڵێکدا (٣١) بلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی ڕەوانەی ئەورووپا دەکات، (١٥٠) ملیۆن هاوڵاتی ئەورووپی سوودبەخش دەبن. ئەو کۆمپانیایانەی بەشدارن، بریتین لە (OMV)ی نەمسایی، (MOL)ی هەنگاری، (RWE)ی ئەڵمانی، بولگار گازی بولگاری، ترانسگازی ڕۆمانی، بۆتاشی تورکی. ساڵی (٢٠١١ز) کارکردن لەم پرۆژەیە دەستپێدەکات و(٢٠١٤ز) دەکەوێتەکار. وڵاتانی (تورکیا، بولگاریا، ڕۆمانیا، هەنگاریا، نەمسا) لایەنە سەرەکییەکانی ئیمزاکەری پرۆژەکەن، کە بۆرییەکان بەخاکیاندا تێپەڕ دەبێت. هەروەها وڵاتانی (ئازەربایجان، تورکمانستان، میسر، ئێران، کازاخستان، قەتەر، عێراق وهەرێمی کوردستان) دابینکەری گازی سروشتین بۆ پرۆژەکە. یەکێکە لەپرۆژە گرنگەکان کە ئەمریکا وئەورووپا وچەندین وڵاتیتر پشتگیری لێدەکەن. لەکاتێکدا کە ڕوسیا لەسەرەتاوە دژی ئەم پرۆژەیەیە.

بەرژەوەندی دوولایەنە وهاوکێشەی سیاسی نوێ. بەڵام هێشتاکە، کورد نەیتوانیوە ببێتە خاوەن کۆمپانیای زەبەلاح وگەورە، چەشنی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان، کە داهات وکاریگەری گەورە دروست بکات. ئەمە بێجگەلەوەی خاکی کوردستانی باشوور، خاکێکی کراوە نییە، واتە لەسەر دەریا نییە، تا لەڕێیەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی گەورە بکرێت. کەواتە، بەو پێیەی کە کوردی باشوور، لەم کۆمەڵە مەرجانەی باسکران سەرکەوتوو نەبوو، چیتر بەتیۆری وبەبیر وبۆچوونەکانی "گێڵنەر"یش، ناکرێت لەئێستادا بووترێت "نەتەوەی کورد."

ئەوەی ئێرنست گێڵنەر ئاماژەی پێدەکات، بۆ چۆنیەتی وبوونی نەتەوە وناسیۆنالیزم وبزاوتی نەتەوەیی، ئەوەیە کە ناوبراو ناسیۆنالیزم بەبەرهەمی نەتەوە نازانێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە "نەتەوە بەبەرهەمی ناسیۆنالیزم دەزانێت." وە ئاماژە بەوە دەدات کە "ئەوەی بزاوتی نەتەوەیی دروست دەکات نەتەوە نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوەی نەتەوە دروست دەکات بزاوتی نەتەوەییە. واتە نابێت پێمان وابێت کە سەرەتا نەتەوەمان هەیە، ئینجا ئەم نەتەوەیە بزاوتی نەتەوەیی دروست دەکات." [1]

بیرمەندێکیتر بەناوی "بۆید شیڤەر" * کاتێك باس لە نەتەوە دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە: "ناسیۆنالیزمی نوێ، دەرەنجامێکە لە دەرەنجامەکانی ڕۆشنبیری بەگشتی، وە کردارێکی جیاکەرەوەیە لەداڕشتنەوە وگونجاندنیدا. هەرگیز، خەڵکی نابن بەناسیۆنالیزم بەهۆی ستراکتوری سروشتییانەوە، دیارە بەناسیۆنالیستیش لەدایك نابن، بەڵکو هۆشیاری نەتەوەیی بەدەست دێنن ودواتر دەبنە هاووڵاتی، بەوەی بارودۆخی ساتەوەختی ڕامیاری وئیکۆنۆمی وکۆمەڵایەتی وئایدیۆلۆژی، وەهایان لێدەکات." [2]

هەر لەبارەی نەتەوە وناسیۆنالیزمەوە، بیرمەندێکیتری ئەم بوارە "بێنێدیکت ئەندرسۆن" * هاوڕایە لەگەڵ گێڵنەردا، لەوەی نەتەوە وبزاوتی نەتەوەیی بەمۆدێرنە وقۆناغی پیشەسازییەوە گرێدەدات. بەڵام بیروڕای جیاوازە لەگەڵ ناوبراودا، تەنها لەوەدا کە دواتر دروست بوون ولەدایك بوونی نەتەوە بەبنەمای

---

[1] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر– کورد لەدیاسپۆرا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢

* بۆید شیڤەر: بۆید کارلزك شیڤەر، ساڵی (١٩٠٧ز) لەکریستلاین لە(ئۆهایۆ) لەئەمریکا لەدایك بووە، لەزانکۆکانی (مەیامی، ئۆکسفۆرد، ئۆهایۆ) خوێندوویەتی، ساڵی (١٩٢٩ز) بڕوانامەی ماجستێر ودکتۆرای بەپلەی (زۆر باش) بەدەست هێناوە. ساڵی (١٩٥٠ز) بووەتە هاوڕێ (زمیل)ی دامەزراوەی (فولبرایت). ناوبراو لەچەندین زانکۆی جیهانیدا خوێندوویەتی ووانەی وتووەتەوە. لەنێوان ساڵانی (١٩٤٧– ١٩٥٣ز) چەندین پۆستی باڵای زانکۆکانی وەرگرتووە، هەر لەسەرۆك بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا سەرۆکی بەشی مێژوو، هەروەها وانەبێژ لەزانکۆی کۆڵۆمبیا لەنیویۆرك، وە مامۆستای مێژوو لەزانکۆی ئارکانساس و.......هتد. شیڤەر لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمیشدا، بووەتە ئەفسەر لە(هێزی ئاسمانی ئەمریکایی). پاشان لەچەندین کۆمەڵەی مێژوویدا کاری کردووە. چەندین بەرهەم وبابەتی بەپێز وگرنگی هەیە لەبوارەکانی مێژوو، ناسیۆنالیزم، زانستە کۆمەڵایەتییەکان..

[2] بوید شیفر: القومیة، عرض وتحلیل، ترجمة: د. جعفر خصباك، عدنان الحمیري، دار مكتبة الحیاة– بیروت، لبنان، ١٩٦٦، ص ٢٦٥

* بێنێدیکت ئەندرسۆن: بێنێدیکت ڕیچارد ئۆ. گۆرمان ئەندرسۆن، لە (٢٦/ ٨/ ١٩٣٦ز) لە(کۆنمینگ) لە(چین) لەدایك بووە، ڕەگەز ئێرلەندییە، برای مێژوونووس (پێری ئەندرسۆن)ە، ساڵی (١٩٤١ز) خێزانی ناوبراو ڕۆیشتوون بۆ کالیفۆرنیا لەئەمریکا. ئەندرسۆن بڕوانامەکانی لەزانکۆکانی کامبریج وکۆرنێڵ بەدەستهێناوە. ناوبراو بیرمەندی بواری زانستی سیاسییە، هەروەها پرۆفیسۆری فەخرییە لەزانکۆی (کۆرنێڵ) لەئەندۆنیسیا، خاوەنی چەندین بەرهەمی جۆراوجۆری زانستییە.

ئابوورییەوە نابەستێتەوە، بەڵکو بە"کەپیتاڵیزمی چاپ"ەوەی دەبەستێتەوە، کە خۆی لە ڕۆژنامە ورۆمان وچاپەمەنی زۆری کتێب وبڵاوکراوەکاندا دەبینێتەوە، کە ئامرازی گرنگی پەیوەندی کەلتوورین. ئەمانەش وادەکەن کە دواتر نەتەوە وەکی "گروپە فەنتازیاکراوەکان– الجماعات المتخيّلة" وێنا بکرێت..[1]

مێژوونووسی ئینگلیزی " ئێریك هۆبسباوم" [*] دەربارەی نەتەوە وناسیۆنالیزم، لەگەڵئەوەی بیروبۆچوونی تایبەتی خۆیی هەیە. بەڵام وەکی بیرمەندانی پێشوو، هەمان بۆچوونی هەیە لەمەڕ نەتەوە. ئاماژەش بەوە دەدات کە: "نەتەوە، بەدیاریکراوی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی دیاریکراو ومێژوویەکی نوێ. نەتەوەکان، خودا بەخشیونی وەك شتێکی سروشتی بۆ پۆڵێنکردنی مرۆڤەکان. لەبەرئەوە، هەوەسی نەتەوایەتی وناسیۆنالیزم پێش نەتەوەکان دەکەون، هەروەها نەتەوەکانیش دەوڵەتان وناسیۆنالیزمەکان دروست ناکەت، بەڵکو پێچەوانەکەی ڕاستە." [2]

دیارە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە، زۆر هەڵدەگرێت. بیرمەندێکیتر کە "ئەنتۆنی دی سمس"ە [*] لەگەڵئەوەی ڕایەکی پێچەوانەی ڕاکانی پێشووی هەیە، واتە ناسیۆنالیزم ونەتەوەخوازی ناخاتە پێش نەتەوەوە، بەوەی "بەر لەقۆناغی مۆدێرنە، (نەتەوە) یان ئەو پێکهاتانەی لەنەتەوە چوون، وەك گرووهی ئیتنی بچووك هەبوون. نەتەوەش، لەقۆناغی مۆدێرنەدا، شتێك نییە جگە لەبەردەوامی وگەشەکردنی ئەو گرووهە ئیتنییانەی بەر لەمۆدێرنە لەئارادا بوون." [3] بەڵام دواتر دەربارەی شوناسی نەتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە:"نەتەوە، لانیکەم بۆ ماوەیەکی درێژ، دەبێت لەنیشتمانی تایبەتی خۆیدا بژی، تا بتوانێ وەك نەتەوە خۆی دروست بکات، وە لەهەمان کاتدا پێویستە کەلتوورێکی جەماوەری بۆخۆی بڕەخسێنێ،

---

[1] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر– کورد لەدیاسپۆرا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣

[*] ئێریك هۆبسباوم: ئێریك جۆن ئێرنست هۆبسباوم، لە (٩/ ٦/ ١٩١٧ز) لەدایك وباوکێکی جوولەکە ولەئەسکەندەرییە لەمیسر لەدایك بووە، سەرەتای ژیانی تا ساڵی (١٩٢٠ز) لەڤیەننا بووە، پاشان لەبەرلین تا ساڵی (١٩٣٣ز). دواتر لەترسی نازییەکان، لەساڵی (١٩٣٣ز)دا خێزانەکەی ڕوو دەکەنە لەندەن، ناوبراو لەلەندەن درێژە بەخوێندن دەدات، پاشان لەزانکۆی کامبریج لەلەندەن دکتۆرا لەمێژوودا بەدەست دێنێت. هۆبسباوم لەساڵی (١٩٣٦ز)دا دەبێتە لایەنگری پارتی کۆمۆنیستی بەریتانیا. ناوبراو بەیەکێك لەگرنگترین مێژوونووسەکانی بەریتانیا دادەنرێت. ئێستاکە سەرۆکی کۆلێژی (بیرکبێك)ە لەزانکۆی لەندەن، هەروەها پرۆفیسۆری فەخریشە لەزانکۆیەکی نیویۆرك لەئەمریکا. تەمەنی (٩٣) ساڵە وبەردەوامە لەنووسین، خاوەنی چەندین کتێب ونووسین وبابەتی گرنگە، خاوەنی چەند خەڵاتێکی جیهانییە. مەزنترین مێژوونووسە کە لەژیاندا مابێت، هەروەها بەکۆڵەکەی فیکری سۆشیالیستی لەبەریتانیا دادەنرێت.

[2] ار يك هوبسباوم: الامم والنزعة القومية منذ عام ١٧٨٠، ت: عدنان حسن، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر– دمشق، سوريا، ١٩٩٩، ص ١٧

[*] ئەنتۆنی دی سمس: ساڵی (١٩٣٣ز) لەلەندەن لەدایك بووە. بیرمەندێکی سۆسیۆلۆژیستە، دامەزرێنەری "قوتابخانەی لەندەن بۆ ئیکۆنۆمی"یە. ناوبراو پرۆفیسۆری ئیتنی ونەتەوەخوازییە لەزانکۆی ئابووری لەندەن. پێشتر ماستەر ودکتۆراکەی لە بواری "کۆمەڵناسی" لەزانکۆی ئابووری لەلەندەن بەدەست هێنابوو. خاوەنی چەندین بەرهەم وبابەتی گرنگە، لەبوارەکانی کۆمەڵناسی وناسیۆنالیزم وئابووری و....هتد.

[3] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر– کورد لەدیاسپۆرا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤

وئارەزووی ئەندازەیەك لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت." [١]

بێ نکووڵیکردن، گەلی کورد بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، بەر لەدەرکەوتنی ئایینە ئاسمانییە پیرۆزەکان، نیشتەجێی خاکی خۆی بووە، هەرگیز ئامادە نەبووە خاکی نیشتمان ڕادەستی دوژمنان بکات. چەندین میرنشین ودەسەلاتی لۆکاڵیشی لەسەر دامەزراندووە. کاتێکیش شاڵاوی داگیرکاری ڕووبەڕووی کوردستان بووەتەوە، بێ سێ ودوو، بەجوانترین شێوازی بەرگری، شێلگیرانە بەرپەرچی ئەو داگیرکارییانە داونەتەوە، هەرچەندە زۆرجاریش بەخت یاوەری کورد نەبووە. لەهەگبەی فەرهەنگی کوردیشدا، لەوبارەیەوە ئاماژە بەژمارەیەکی زۆر وزەوەندی شەهیدان دراوە، هەردەم شۆڕشە نەتەوەخوازی ونوێخوازەکانی کورد، بڵێسەیان سەندووە. دیارە بەشانازییەوە، ئەو ئیرادە نەپساوە وخەبات وباکگراوندە نیشتمانییە، داکەوتی ئەمڕۆی کوردی بنیات ناوە.

گێڵنەر دەڵێت: "نەتەوە ئیرادە وفەرهەنگە." پێدەچێت ئیرادە وڕێکەوتنیش لەسەر بنەمای بابەتی (فەرهەنگ یان نەتەوە)، ببێتە ئامانجی مرۆڤەکان بۆ هێنانەدی چوارچێوەیەکی ئەقلانی خاوەن ناسنامەی مێژوویی، یان گشتی. هەربۆیە هیگڵیش لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئامانجی ئەقلانی مرۆڤ، ئەوەیە لەدەوڵەتێك (سیستم)دا بژی. خۆ ئەگەر مرۆڤ دەوڵەتی دەست نەکەوێت، ئەوا ئەقڵ ناچار دەبێت هەر زوو ئەو دەوڵەتە لەمێشکی خۆیدا دابمەزرێنێ." [٢]

پێدەچێت بۆ کورد، چیتر چاوەڕوانی سوودی نەبێت، کاتی ئەوە هاتووە "گەلی کورد،" بەئیرادەیەکی پۆڵاینەوە شوناسی خۆی بگۆڕێت بۆ"نەتەوەی کورد"، تێکڕای تواناکانی خۆی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو خواستە جەماوەرییە سەرتاسەرییە بخاتەگەڕ. دەکرێت پرۆژەیەکی نەتەوەیی وەها بەئەنجام بگەیەنێت، کە بەدەوڵەتی کوردی کۆتایی بێت، ئەو دەوڵەتەی هیوایەکی ڕەوای تەواوی کوردستانییەکانە، کەواتە دەبێت کورد خۆی بکاتە کارەکتەرێکی کارای نێودەوڵەتی. هەرگیز گەلی کورد، گەلێکی زیاتر لە(٤٠) ملیۆن کەسی، کەمتر نییە لە "قوبروس ولۆکسەمبۆرگ ومۆناکۆ وئاندۆرا وسان مارینۆ ولیختنشتاین ومالْتا وڤاتیکان،" کە خاوەنی دەوڵەتۆچکە وئالا وپێگە وقورسایی وقسەی خۆیانن. لەڕاستیدا، ڕێژەی دانیشتووانی هەر هەموویان، چارەکێکی دانیشتووانی گەلی کورد نابێت، کەچی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، وەکی دەوڵەتانیتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، مانای لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراون.

لەدیدگای ئەم بۆچوونانەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە "ڕەوایی وهەقبوونی هەر نەتەوەیەك، بەندە بەکاریگەری ولێهاتوویی خودی ئەو نەتەوەیە، بۆ پێکهێنانی چوارچێوە ودەوڵەتی دڵخوازی خۆی." ئەدی بۆ هێنانەدی وبەرجەستەبوون وکارپێکردنی ئەو ڕەواییە، دەبێت ئەقڵ وئیرادەی خودی ئەو نەتەوەیە کارا وکاریگەر بێت. [٣] واتە، دەبێت هەموو نەتەوەیەك، خۆی بوونی خۆی بسەلمێنێت، نەك بۆی بسەلمێنن. پێدەچێت گەلی کورد لەم کارەدا، تا هەنووکەش سەرکەوتوو نەبووبێت..

---

[١] ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی، تیۆری وئایدیۆلۆژی ومێژوو، و: هۆشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٢

[٢] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦

[٣] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧

بەپێی مادەی (٦٤)ی "پەیماننامەی سیڤەر،" * (ئەگەر گەلی کورد، لەو ناوچەیەی کە لەبەندی (٦٢)دا دیاریکراوە، لەماوەی ساڵێکدا ڕووی کردە (کۆمەڵەی نەتەوەکان)، وزۆرترینی دانیشتوانی ناوچەکە ئارەزووی جیابوونەوەیان لەتورکیا کرد، وە ئەگەر کۆمەڵەی نەتەوەکان زانییان ئەم گەلە شایەنی ئەم سەربەخۆییەن، ئەوا کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ ئەم مەبەستە ئامۆژگاری تورکیا دەکات. تورکیاش پەیمان دەدات، ئەم ئامۆژگارییانە جێبەجێ بکات........ ئەوا هێزە هاوپەیمانەکان، هیچ کۆسپێك ناخەنە بەردەم ئەو ڕێگایەی، کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی ئەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیەی لەگەڵ کوردەکانی ویلایەتی موسڵ دەژین.) [1] ئاخۆ گەلی کورد، لەماوەی ئەو ساڵەدا ڕوویان کردبووە کۆمەڵەی نەتەوەکان؟ ئایا شایەنی ئەوە نەبوون، سەربەخۆییان پێڕەوا ببینن؟ ئاخۆ هەڵەی گەلی کورد بوو، یاخود پشتگوێخستنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەو سەردەمە، بۆ کەیسی کورد..

لەمیانەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، یەکێك لە"چواردە" خاڵەکەی سەرۆکی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ودرۆ ولسن)، کە خاڵی دوازدەهەمە، جاڕی ئەوەی دا کە: "پێویستە هەموو کەمینە ناتورکەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، مافی گەشەپێدانی سەربەخۆییان بۆ مسۆگەر بکرێت.. [2] بەداخەوە، ئەم خاڵە گرنگە، یان ئەم ڕاسپاردەیەی سەرۆکی ناوبراویش جێبەجێ نەکرا.

هەژیی گۆتنە، لە (١٣/ ئەیلول/ ٢٠٠٧ز)دا، نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕنامەی خۆی لەبارەی "مافی گەلانی ڕەسەنەوە" بەپێی بڕیاری ژمارە (٦١/ ٢٩٥)، وە لەدووتوێی (٤٦) ماددەدا پەسەند وبلاّوکردەوە. ئەمە تازەترین جاڕنامەیە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مافی گەلانی ڕەسەنەوە بلاّویانکردبێتەوە، کە تیایدا هاتووە و(دەبێت) ڕەچاوی ئەوە بکرێت "هیچ شتێك نییە بکرێتە بیانوو، تاوەکو هەر گەلێك لەپیادەکردنی مافی خۆی سەبارەت بەچارەی خۆنووسین، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، بێبەش بکرێت." وەلێ ئەمانەش، بەپشتبەستن بەپرەنسیپەکانی داد ودیمۆکراسی وڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ وجیاوازی نەکردن ونیازباشییە. لەم جاڕنامەیەدا، ماددەی (٢) ئاماژە دەدات کە: "گەلانی ڕەسەن وتاکەکانیان، ئازاد ویەکسانن لەگەڵ گەلان وتاکەکانی دیکەدا...." هەروەها ماددەی (٣)، ئاماژە بەوە دەدات کە "گەلانی ڕەسەن، مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە، بەپێی ئەم مافەش ئەم گەلانە ئازادانە دۆخی سیاسی خۆیان دیاریدەکەن....." لەماددەی (٤)یشدا، "گەلانی ڕەسەن، لەکاتی پیادەکردنی مافی چارەنووسی خۆیاندا، مافی سەربەخۆیی یان حوکمی خۆیان هەیە، سەبارەت بەو مەسەلانەی پەیوەستن بەکاروباری ناوخۆ

---

* پەیماننامەی سیڤەر، لە(١٠/ ئاب/ ١٩٢٠ز) لەنێوان دەوڵەتانی (تورکیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، ئەرمەنستان، بەلجیکا، یۆنان، پورتوگال، پۆڵەندا، ڕۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلوانیا، چیکۆسلۆڤاکیا، حیجاز) مۆرکرا، ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش وەك چاودێر دانرا. لەم کۆنگرەیەدا، بوار بەژەنەراڵ (شەریف پاشا) درا، وەك نوێنەری کورد بەشداری کۆنگرەکە بکات. ئامانج لەم کۆنگرەیە، دابەشکردنی خاك وسامانی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر دەوڵەتە براوەکانی جەنگدا بوو. لەگەڵئەوەی، چارەسەرێکیش بۆ گەلانی ژێردەستەی دەوڵەتی ناوبراو بدۆزرێتەوە. دیارە، مادەکانی (٦٢- ٦٣- ٦٤) تایبەت بوون بەگەلی کورد، بەلاّم مەخابن مادەکانی ئەم پەیماننامەیە هیچی جێبەجێ نەکران..

[1] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لەمێژووی کورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٧١- ١٧٢

[2] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥

وخۆماڵییانەوە......" ماددەی (٦)، دەڵێت: "هەر تاکێکی گەلانی ڕەسەن، مافی ڕەگەزنامەی هەیە." ماددەی (٢٦/ا)، گەلانی ڕەسەن، مافیان لەو خاك وهەرێمانە هەیە کە خاوەنیانن، یان بەشێوەیەکی نەریتی لەویّ بوون....." ئەمە وچەندین ماددەیتر.. [1]

دەشێت بپرسین، گەلی کورد لەچ گۆشەیەکی گەلانی ڕەسەندایە. ئاخۆ بەپێی ماددەی (٣)، گەلی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیی هەیە؟ یاخود دیاریکردنی ئەو مافە، تایبەتە بەگەلانی ڕەسەن؟ بەو مانایەی، ئایا گەلی کورد لەدەرەوەی بازنەی گەلانی ڕەسەنە؟ ئایا خاکی کوردستان، موڵکی گەلی کورد نییە؟ کاتێك ماددەی (٦)، باس لەمافی ڕەگەزنامە دەکات، گەلی کوردی باکوور، تەنها کەسێکیان خاوەنی ڕەگەزنامەی کوردی وئەو مافە نین. لەمانگی تشرینی یەکەمی (١٩٩١ز)دا، پارتی دیمۆکراسی، بەهۆی ئەوەی لەسەر شوناسەکانیان نووسرابوو (تورك)، ئینجا توانیان خۆیان کاندید بکەن. کاتێکیش لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا دەرچوون، ودواتریش کوردبوونی خۆیان ڕاگەیاند، وە داوای مافە سەرەتاییەکانی کوردیان کرد، خێرا کەمەربەست (حصانة)ی پەرلەمانیان لەسەر هەڵگیرا ولە ئازاری (١٩٩٤ز)یشدا، (١٥) پەرلەمانتاری کورد خرانە زیندانەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی لەکوردستانی ڕۆژئاوا، نزیکەی (٣٠٠) هەزار کورد، خاوەنی شوناس نین. ئەم کوردانە، بەهۆی بیّ شوناسییەوە، ناتوانن هیچ مامەڵەیەك بکەن. دیارە ئەو مافانەی بۆ هەموو مرۆڤێکیتر ڕەوایە، ئەوا بەگەلی کورد ڕەوا نییە. سوریا وئێران وتورکیا وعێراقی سەردەمی سەدام حسێن، هەردەم لەژێر زوڵم وزۆر وستەمێکی زۆردا، کورد بەڕێوە دەبەن.. [2]

وێڕای ئەوەی، ئەم ماددانە تایبەتن بەجاڕنامەیەکی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەلاّم شتێکی ئەوتۆی جیاواز یاخود دژیەکییەکی ئەوتۆی تێدا نییە، لەگەڵ ماددەکانی "جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ" لە(١٠/ ١٢/ ١٩٤٨ز)، یان بڕیارەکانی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە سیڤیلی وڕامیارییەکان، بەتایبەت بڕیاری ژمارە (٢٢٠٠) (بەشی یەکەم- ماددەی یەکەم)، کە ئاماژە دەدات بەوەی "تێکڕای گەلان، مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە." [3] هەروەها هاوڕایە لەگەڵ یەکەمین بەڵگەنامەی "مافە گشتییەکانی خەڵك" کە لەفەرەنسا ولەساڵی (١٧٩٥ز)دا دەرکرا، بەوەی ئەم بەڵگەنامەیە ئاماژە دەدات کە: "هەر میللەتێك ژمارەی دانیشتووان وپێوانەی خاکەکەی هەرچەند بێت، مافی ئەو میللەتە بۆ وڵاتی سەربەخۆ ودەسەلاّتی نەتەوەیی، سروشتی وپیرۆز وهەقە." [4] واتە، جاڕنامەی ئاماژە پێدراو وهەموو جاڕنامە وبڕیار وبەڵگەنامەکانیتری باس کران، ئاماژەدانێکی ڕاست وڕەوان وئاشکران، بەمافەکانی مرۆڤ وچارەنووسیان..

ساڵی (١٩٤٦ز)، کاتێك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تەنها (٥٣) ئەندامی لەخۆگرتبوو، لەڕێی کۆمەڵەی گشتی سەر بەم ڕێکخراوە جیهانییەوە، ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ویەکیەتی سۆڤێت، لەسەر داڕشتنەوەی وشەی "ڕەواییەکی جیهانی مافەکانی مرۆڤ- شرعةٍ عالمیة لحقوق الانسان" ناکۆك بوون. بۆیە دواتر، واز لەوشەی ڕەوایی هێنرا، کە جۆرێك لەپابەندبوون (التزام)ی تێدا بوو بۆ دەوڵەتان،

---

[1] کوردستانی نویّ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٦٦)، چوارشەممە، ٢٩/ ١٢/ ٢٠١٠، ل ٦- ٧

[2] ئیسماعیل بێشکچی: کوردەکان ومافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤- ٣٥

[3] جلال عبدالله احمد: حق تقرير المصير ، الاربعاء، ١٥/ اغسطس/ ٢٠٠٧، اخبار الجنوب العربي

alganoobnews

[4] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢

ولەسەر وشەی "جاڕنامە– اعلان" ڕێکەوتن، کە ئەم سیفەتەی لەخۆ نەدەگرت.. [1]

بیرمەندان وسیاسەتوانانی ئەمڕۆ، زۆرینەیان لەو باوەڕەدان کە بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری، مۆدێلی تەقلیدیی ئەوروپای ڕۆژئاوا، چیتر باوی نەماوە. [2] بەڵام پێناچێت ئەم بۆچوونانە بەسەر گەلی کورددا جێبەجێ ببێت. لەبەرئەوەی وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، گەلی کورد نە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەییە، نە قۆناغی بوون بەنەتەوەشی بڕیوە. دەکرێت ئەو بیروبۆچوونانەی بیرمەندان، لەمەڕ بەسەرچوون وکۆن بوونی ئەو جۆرەی بنیاتنانی دەوڵەتان، تێکڕای وڵاتە پێشکەوتووە دیمۆکراتخوازەکانی جیهان وسیستمە جیاوازەکان بگرێتەوە، بەڵام گەلی کورد وهاوشێوەکانی ناگرێتەوە. هەرچەندە ئەم لێکدانەوە وشیکارییە، زیاتر تایبەتە بەگەلی کورد. لەبەرئەوەی، گەلی کورد هێشتا نۆبەرەی دەوڵەتی نەتەوەیی نەکردووە، تا لەگەڵ چەشنێکیتری بونیادی دەوڵەتدا بەراوردی بکات وئەوی دی بەلاوە پەسەند بێت.

لەبابەتەکانی پێشتردا، ئاماژە بەوە درا کە بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری وئاوەدانکردنەوە، مەرجی سەرەکی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا مرۆییەکانن. واتە، لەڕێی ئابوورییەکی بەهێزەوە دەکرێت باس لەدووبارە بنیاتنانەوە بکرێت. پێدەچێت ئەم هەنگاوە، یارمەتیدەرێکی باش بێت بۆ چەسپاندنی ئارامی وئاسایش ودادپەروەری، بەشێوەیەکی ڕێژەیی. هەڵبەت، ئەمانە هۆکارگەلێکن بۆ بوژاندنەوە وبەرقەراربوونی دیمۆکراسی، لێرەوە دەکرێت باس لەدواڕۆژێکی پرشنگدار بۆ کورد بکرێت. بێمکوڕیکردن، گەر کۆمەڵگایەك دیمۆکراسی تێدا بەرقەرار بوو، مانای کۆمەڵگایەکی مەدەنیش بوونی هەیە. بەڵام هیگڵ وتەنی: "تەنها دەوڵەت دەتوانێت دادپەروەری وئازادی بەدەست بهێنێت، چونکی چوارچێوەیەکی بەهێزە." * هەروەها ئاماژە دەدات کە:"کۆمەڵی مەدەنی، بریتییە لەچرکەیەك لەچرکەکانی ژیانی ڕۆحی. ئەو چرکەیەش دەکەوێتە نێوان شێوەی سادەی شانەی کۆمەڵایەتی کە خێزانە، لەگەڵ شێوەی باڵای کە دەوڵەتە." [3]

کەواتە، هەرچۆنێك باسی کورد وبوون بەنەتەوە ودووبارە بوژاندنەوە وکۆمەڵگای مەدەنی بکەین، ڕاستەوخۆ "دەوڵەت" قوت دەبێتەوە. دیارە، بەبێ بوونی دەوڵەت، مەحاڵە بگەینە هیچ ئەنجامێك. ئەوە هەر هیگڵە، ئاماژە بەوە دەدات کە دوا قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵگە و"نەمانی ناکۆکی" تیایدا وئاگامەندی لەخۆ وکامڵ بوونی ڕۆح (ڕۆحی ئاکاری) وگەیشتن بە"ئایدیالیزمی ئاکاری ئەڵمانی،" گەیشتنە بەدەوڵەت. [4] بەمانای، دوا قۆناغی کامڵبوونی ڕۆح، بەرجەستە بوون وگەیشتنە بە"دەوڵەت." دیارە لەبنچینەدا، مەبەستی سەرەکی ناوبراو دەوڵەتی "پروسیا" وپشتگیریکردن بووە لێی، بۆیە هەموو فەلسەفە وتوێژینەوەکان

---

[1] البير فرحات: ستّون عامًا على الإعلان العالميّ لحقوق الإنسان، العدد (١– ٢– ٣)، مجلة ودار الآداب، ٢٠٠٩، www.adabmag.com

[2] گوڵان: دیمانەی تایبەت، ساڵی حەڤدەهەم، ژمارە (٧٩١)، ٢٦/ تەمموز/ ٢٠١٠، ل ٣١

* دەکرێت ئەم بۆچوونەی هیگڵ بەشێوەیەکی ڕێژەیی وەربگیرێت، لەبەرئەوەی مەرج نییە هەموو دەوڵەتێك دادپەروەری وئازادی بەدەست بهێنێت، یاخود چوارچێوەیەکی بەهێزی هەبێت. (نووسەر)

[3] کۆمەڵێك نووسەر: فەلسەفەی هیگڵ، و: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٨٩– ٢٩٠

[4] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٠٣

ویبروبۆچوونەکانی، لەو پێناوەدا خستبووە گەڕ.

ئـەمڕۆ، گـەلی کـورد لەگەڵئـەوەی لـەبارودۆخێکی تایبـەت وهەلومـەرجێکی تـەواو جیـاواز لەگـەڵ ڕابردوویـدا گـوزەران دەکـات، کەواتـە لێکدانـەوە وهەڵسـەنگاندنێکی تـەواو جیـاواز لەگـەڵ قۆناغـەکان وسەردەمانی پێشوویدا پێویستە. چەندینجار باس لەپێویستی، بوونی چوارچێوەیەکی سیستماتیك کرا، کە مەبەست لەدەوڵەتێکی کوردییە، تابەهۆیەوە نەتەوەی کورد بێتە بەرهەم. بەڵام، ئایا دروست بوونی ئەم دەوڵەتە، هەروا ئاسانە؟ هەڵبەت، پێویستمان بەمیکانیزمێك هەیە، تا لەڕێیەوە ڕۆح بکرێتەوە بەجەستەی گەلی کورددا. لێرەدا، دەبێت ئیش لەسەر دۆزینەوەی ئەو "ڕۆح"ە بکەین ولە کەسێکدا بەرجەستەی بکەین، کـە نوێنەرایـەتی گـەلی کـورد بکـات. دەکرێـت ئـەو ڕۆحـە وەك "سـوپەرمان"ی نیتشـە * وێنـای بکـەین، کـە بەمرۆڤێکی بەرزی لەقەڵەم دابوو. مرۆڤێك، کە هەوڵ دەدات ڕەگ وریشـەی دۆگما وبەها باوەکان ڕیشـەکێش بکـات. بـۆ دارشـتنی بناغـەی مێـژووی خـۆی وداهێنـانی ئـەو مێـژووە، دژی نـەریت وکـەلتووری زاڵبـوو، ڕادەوەستێت. ئەو، بوونێکی داهاتووی هەیە، نەوەی خۆی لەداهاتووی خۆیدا هەڵگرتووە، واتە ئەو نەوەیەی دەیەوێت پێی بگات ودایبهێنێت.[1]

پێدەچێت، بوونی ڕۆحەکە زۆر گرنگتر بێت لەمیکانیزمەکە، واتـە گـەر ڕۆحێکـی چەشـەکراو بەئەقڵ فەراهەم بوو، ئەدی شـوێن وکـاتی دیـاریکراو، خۆیـان میکانیزمەکە دیاریدەکـەن. بەمـەش، بزاوتـی مێـژوویی کورد، لەو کەسەی نوێنەرایەتی ڕۆحی کورد دەکات، وەك "کاریزمایەك" بەرجەستە دەبێت. مانای، ئەرکێکی پیرۆز ومەزنی دەکەوێتە سەر شان، کـە هێنانـە دەرەوەی گـەلی کوردە، لـەو حاڵەتـە دژوارەی تێیدایـە وچوونە ناوەوەی سەردەمێکی نوێی پرشنگدار وبەشکۆ ومۆدێرنـە. لەڕاستیدا، ئـەم هەوڵـە بـەئازارێکی زۆر وژانێکـی قورسـەوە لـەدایك دەبێـت، چـونکە جـاریَ "ڕابـردوو" بەتـەواوی کۆتـایی پێنـەهاتووە و"ئاییندەش" هێشـتا بەتەواوی لەدایك نەبووە.[2]

بێجگەلە هەموو ئەوانـەی وتـران، ئـەمڕۆی گـەلی کـورد (بەگشـتی) پێویسـتی بە"یەکێتییـەکی ڕۆحیـی سەرتاسەری" یان "پـان کـوردیزم" هەیـە، کە بەهۆیـەوە هـەوڵ بـدرێت ڕۆحـی نەتـەوەیی کورد کـارا وزینـدوو بکرێتــەوە. دیـارە ئـەم هـەنگاوەش، بەدروسـتبوونی فدراسـیۆنێکی کـوردی جیهـانی لەئێسـتادا مەحاڵـە، لەبەرئەوەی گەلی کورد بەگشتی دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی نەتەوە جیاوازدا، ئەمە بێجگەلەوەی کـورد لەناو خۆشیدا فرەئەدگار وبیروبۆچوون وئاڕاستە وتێڕوانینـە، سـەرەڕای ئـەوەی سنوورە دەسـتکردەکانیش،

---

* فریـدریك ڤیلـهیلم نیتشـە: (١٨٤٤– ١٩٠٠ز) لەبنەماڵەیـەکی ئـایینی پرۆتسـتانتییە، نـاوبراو لەقوتابخانـە وزانکـۆ، زمانـە کلاسیکییەکانی خوێندووە. کەسێکی زیرەك ولێهاتوو بووە، لەتەمەنی (٢٥)ساڵیدا گەیشتووەتە پلەی پرۆفیسۆر, کە شتێکی دەگمـەن بـووە، هۆکارەکەشـی بۆ خوێندنـەوەی بەرهەمـەکانی شـۆپنهاوەر دەگەڕێتـەوە. نیتشـە لەگـەڵ شـۆپنهاوەردا هـاوڕا بـوو سـەبارەت بەنـەبوونی خـودا. وەك تراژیدیایـەك، هـەر لەتەمـەنی (٤٥) سـاڵییەوە، بـەهۆی پلـەی سـێیەمی نەخۆشـی سیفلسـەوە، دووچاری نەخۆشی دەروونی بووە. ساڵی (١٩٠٠ز)، بەشێتی وبێچارەسەری کۆچی دوایی کردووە.

[1] د. محەمەد کەمال: نیتشە وپاش تازەگەری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩، ل ١٠٤– ١٠٦

[2] کۆمەڵێك نووسەر: شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، و: هەورامان وریا قانع، چاپی دووەم، چاپ وبڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٣١٠

کوردیان لەڕووی پێگە وشێوەزمان وهزرەوە دابەشکردووە. کەواتە، هەنگاوی یەکەمی ڕۆح، خوڵقاندنی پەیوەستبوونێکی ڕۆحییە، لەنێو تاکەکانی گەلی کورددا بەگشتی، تا لەڕێیەوە دیسکۆرسی کوردی یەکخرێت. هەنگاوی دووەم: دژە دیاسپۆرایە، کە بەهۆیەوە ماڵی کورد سەرلەنوێ ڕێك دەخرێتەوە وتاکی کوردیش "بوونی" بۆ دەگەڕێتەوە، بەشێوەیەك کە هەموو وەلائی بۆ نیشتمانی دایك بێت. هەڵبەت، ئاڕاستەکردنی تێکڕای حزبە کوردستانییەکانیش بۆ کارێکی وەها، ئاسان نییە. هەنگاوی سێیەم: بەشداریکردنی گەمەی سیاسی نێودەوڵەتییە، کە لەقۆناغێکیتر ودوای پلورالیزەکردنی قەوارەی کوردی دێت، کە چیتر دیپلۆماتکردن وسیاسەتکردن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن..

گەر تاکی کورد، بەهەموو بۆچوون وئینتیمای حزبی وبەرژەوەندییە جیاجیاکانیەوە، کێشەی مافی چارەی خۆنووسین ویەکبوون ودروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، بکەنە کارنامەی خۆیان وبەرژەوەندییە کەسی وحزبییەکان وەلابنێن، بێگومان واقیع وهەلومەرجی کورد گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری بەسەردا دێت. وەلێ ئەوەی مەبەستە، دەرکەوتنی "کەسێکی کاریزمای نەتەوەخوازە،" کە توانای بەرجەستەبوون وکۆکردنەوەی تێکڕای ڕۆحە کوردییەکانی لەهەر چوار پارچەکە وتەواوی جیهاندا هەبێت، تاوەکو بەهۆیەوە یاسای گۆڕان وڕۆحی ئاکار، کاملبوونی تەواو بەخۆیەوە ببینێت ومەبەست بپێکێت. هەڵبەت ئەو کەسە، ئامرازی ڕەوتی مێژووە، بەوەی ڕۆحی تێکڕای کوردی تێدا بەرجەستە بووە. شتێکی بەڵگەنەویستە، ئەمڕۆ داکەوت (واقع)ی گەلی کورد، لێکدابڕان ودیاسپۆرا (تشتّت) وبزربوونی دیسکۆرس (خطاب) وچەمکی نەتەوەی کوردی لەخۆگرتووە. بۆیە دەبێت مرۆڤێکی مەزنی ئاگامەندی وەها بخوڵقێت، کە "جورئەت بکات، ببێت بەوەی کە هەیە." [1]

ئەمێستا، گەیشتینە ئەو ڕاستییەی کە بۆچی نابێت لەئێستادا بوترێت "نەتەوەی کورد،" بەوەی قۆناغی بنیاتنانی دەوڵەت، هێشتا دەستی پێنەکردووە، وڕۆحی ئاکاریش کاملبوونی تەواوی بەدەست نەهێناوە. هەربۆیە، شتێکی حەتمییە، کە گەلی کورد دەبێت بگات بەدەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن سەروەری وئیرادە، (نەك دەوڵەتی هاونیشتمانی). واتە بەپێی یاسای سروشتی، دەبێت حاڵەتی سروشتی یان سووڕی سروشتی خۆی تەواو بکات، ئینجا دەتوانین قسە لەسەر ئەوە بکەین کە وەکی نەتەوەکانیتر یان وڵاتانیتر، فیدراسیۆن ویەکێتی سەرانسەری وگەردوونی دروست بکات یان نەیکات. ناکرێت لەسووڕی سروشتیدا، قۆناغێك بپەڕێنرێت وهەنگاو بەرەو قۆناغێکی باڵاتر بنرێت، ئەوە دەکرێت بەدژی یاسای سروشتی بچوێندرێت. بەئاشکرایی وناوازانە، مەزن ناتوانێت لەبچووکەوە بێت، بوونێکی ناکامڵ ناتوانێت سەرچاوەی ئایدیای کاملبوون بێت. کەواتە بوونێکی کامڵ، دەبێت بوونی هەبێت، تا دەگاتە خواوەندبوونێکی کامڵ وئەوسا لەوێوە بۆ جیهانی دەرەوە. [2] هەرگیز منداڵی ساوا، قۆناغی هەرزەکاری بەجێناهێڵێت وخۆی بەکامڵی ببینێتەوە (مەبەست لەگەلی کوردە). دیارە کەسی پێگەیشتوو، هەرگیز جارێکیتر خۆی لەقۆناغی منداڵیدا نابینێتەوە (مەبەست نەتەوەکانیترە، کە بەبۆچوونی زۆرینەی بیرمەندان، چیتر بنیاتنانی دەوڵەتی

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٧

[2] فاروق ڕەفیق: هونەری فەلسەفە، وانەیەکی میتافیزیکییانە، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ وبلاوکردنەوە– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٧٩

نەتـەوەیی تەقلیـدی، لـەلایان بایەخـدار نییـە). چـونکە قۆنـاغی سروشـتی دەوڵـەتی نەتـەوەکانیتر، دەمێکـە منداڵی وهەرزەکاری وکامڵیشی بەجێهێشتووە وهەنگاو بەرەو پیری دەنێت.

وترا، لەڕووی سامانی سروشتییەوە، کوردستان خاکێکی دەوڵەمەند وبەپیتی هەیە، کە دەکرێت وەکـی کـارتێکی فشـار، سـوودی لێوەربگیرێـت. ئێسـتاکە لەکوردسـتانی باشـوور، بەرهـەمهێنانی نـەوت وهەناردەکردنی بۆ بازاڕەکانی جیهان، لەهەرە کرداره ئاڵوگۆره ئابووری وداراییە گرنگەکانی هەرێمە، کە دەکرێت داهاتێکی بێشوماری بۆ هەرێم هەبێت وهەلاوسانی دارایی پێچارەسەر بکرێت. ئەمە بێجگەلەوەی چارەسەرێکە بۆ هەلاوسانی دارایی ناوەند وکورتهێنانی بودجە ومسۆگەرکردنی ئایندە وداهات وبودجەی تـەواوی ناوەنـد، بۆیـە هـەردەم حکومـەتی بەغـدا لـەڕێی یاسـاگەلێکەوە، هـەوڵی سـەنترالیزەکردنی کێڵگـە نەوتییـەکانی هـەرێم دەدات. هـەموو ئەمانـە، دەمانگەیەنێتـە ئـەو ڕاسـتییەی کـە هـەرێم دەتوانێـت سـامانی سروشـتی (بەتایبـەت نـەوت وگـازی سروشـتی) وەك چەکێك بـەکاربهێنێت، بـۆ مسۆگەرکردنی ئایندەیـەکی گەشەسەندووتر وزامنکردنی دەسەلاتی کوردی.

پرۆژەی "هێڵی نابۆکۆ" (پێشتر ئاماژەی پێدرا)، بۆ هەناردەکردنی گازی سروشتی، یەکێکە لەپرۆژە گرنگەکانی سەردەم، کە ئەمریکا ویـەکێتی ئـەورووپا وچـەندین وڵاتـیتر، گرنگییـەکی لەڕادەبـەدەری پێـدەدەن، لەبەرئـەوەی لـەوڵاتانی سـەر بەیـەکێتی سـۆڤێتی جارانـەوە، گـازی سروشـتی بـەبۆری بـۆ خۆرئـاوای ئـەورووپا ڕەوانە دەکات. ئەگەرچی عێراق، وڵاتێکیتری هەناردەی ئەو پرۆژەیەیە، بەلام هەرێمی کوردستان لـەو بـوارەدا پێش عێراق کـەوتووە. ڕۆژی (١٧/ مـایس/ ٢٠٠٩ز) حکومـەتی هـەرێم، ڕێکەوتننامەیـەکی لەگـەڵ کۆمپانیـای (OMV)ی نەمسایی و(MOL)ی هەنگاری و(دانا گاز)ی ئیماراتی بەبڕی (٨) ملیار دۆلار واژۆ کردبوو، بۆ فرۆشتنی گاز لەڕێی پرۆژەی ناوبراوەوە. دوای ڕۆژێك لەڕاگەیانـدنی ئـەو ڕێکەوتننامەیـە، حکومـەتی عێـراق دژایەتی خۆی بۆ ئەو کارە دەربڕیبوو. هەرچەندە هەرێمیش ئەو کارەی بەمافێکی دەستووری لەقەڵەم دابوو، ئەوەشی خستبووە ڕوو کە هەرێمی کوردستان، (٣– ٦) ترلیۆن مەتر سێجا یـەدەکی گـازی سروشـتی هەیـە، کەبڕێکی باشە بۆ بەشداریکردن لەو پرۆژەیەدا..[1]

ئەگەرچی، نابۆکۆ پەیوەندییەکانی نێوان ناوەند وهەرێمی ئاڵۆزتر کرد، بەلام پرۆژەیـەکی سـتراتیژی ئومێدبەخشە و نەخشەی هاوپەیمانێتییەکانیش دەگۆڕێت. چاودێرانی سیاسـی، پێیانوایـە دابینکردنـی گـاز لەلایـەن هـەرێمی کوردسـتانەوە، هـەنگاوێکی گـەورە دەبێـت بـۆ گواستنەوەی کوردسـتان، لەقۆناغێکـەوە بـۆ قۆناغێکی دیکە..[2]

سـەرەڕای گـازی سروشـتی، خـاکی هـەرێمی کوردسـتان بڕێکـی بـاش نەوتیشـی تێدایـە، کـە زۆر لەگازەکە گرنگتر وپڕبایەخترە، هەروەك دەڵێن کوردستان حەوزێکی گەورەی نیشتووی نەوتە. دیارە چـەندین کێڵگەی نەوت لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێم، نەوت بەرهەم دێنن، وێڕای چەندین پاڵاوگـەی نـەوت، کـە ئەمـە ڕەوشی ئابووری وڕامیاری هەرێم زۆر بەرەو پێش دەبات. حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان، لـە (١/ حوزەیران/

---

[1] کەلتوور: وەرزەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری وفکرییە، ژمارە (١)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران دەریدەکات، مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەمی ٢٠١٠، ل ١١
[2] کوردستانی نوێ: دۆسێی نابۆکۆ، ژمارە (٥٣٠١)، ساڵی نۆزدەهەم، یەکشەممە، ١٠/ ١٠/ ٢٠١٠

٢٠٠٩ن) نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات وداهاتی هەرێمیش لەو نەوتە، دەچێت بۆ سیپەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، کە لەئەمریکایە. ئێستاکە، (٤٢) کۆمپانیای بواری بەرهەمهێنانی نەوت، کە نوێنەرایەتی (١٧) وڵات دەکەن، لەهەرێمی کوردستان کاری وەبەرهێنانی نەوت دەکەن.[١] تا ئێستا، (٣٣) شوێن، دیاریکراون وەك ناوچەی نەوتیی لەهەرێمی کوردستان، وە (٣٧) گرێبەست لەگەڵ ئەو (٤٢) کۆمپانیا بیانییەدا ئەنجام دراون، بۆ ئەو مەبەستە.[٢] بەپێی تازەترین ڕاپۆرت، بەمەبەستی دۆزینەوەی نەوت وئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیژی، لەئێستادا چەند کۆمپانیایەکی بەریتانی وکۆریای باشوور، سەرقاڵی گەڕان وپشکنین ودۆزینەوەی نەوتن لەسنووری ناحیەی (خدران)ی سەر بەقەزای (دوکان)..[٣] ئایا، بەم وەبەرهێنان وپرۆژە ئابوورییە ستراتیژانە، شیمانەی ئەوە ناکرێت، دۆزی کورد هەنگاوێکی باش بچێتە پێش؟

بەوتەی (د. ئاریان) بەرپرسی بەشی دۆزینەوەی نەوت لەوەزارەتی سامانە سروشتییەکانی ئوسترالیا، کوردستان دەبێتە یەکێك لەگەورەترین وڵاتە بەرهەمهێنەکانی نەوت. ناوبراو، ئاماژەشی بەوە دابوو کە هەرێمی کوردستان (٩٠) ملیار بەرمیل نەوتی هەیە نەك (٤٠) ملیار، وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشتر ئاماژەی پێدابوو. لەبەشێکی دیکەی وتەکانیدا، ناوبراو بابەتێك دەوروژێنێت کە تایبەتە بەنەوتی هەرێم ودەڵێت: "کوردستان دەبێت چاو لەتەیمووری ڕۆژهەڵات بکات وبەنەوت سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت. ئوسترالیا پشتگیری سەربەخۆیی تەیمووری ڕۆژهەڵاتی کرد، ئەو وڵاتە دوای سەربەخۆیی، گرێبەستێکی لەگەڵ ئوسترالیا ئیمزا کرد، کە (٪ ١٠)ی نەوتەکەی بەخۆڕایی دەدا بەئوسترالیا. پێویستە کوردستان وا پیشان بدات کە کۆنترۆڵی نەوت لەژێر دەستی خۆیدایە، دەبێت کورد هەرچۆنێك بێت خۆی لەعێراق ڕزگار بکات، چونکە واقع ئەوەیە کە خۆت دەتەوێت. ئەگەر خۆت بتەوێت بەبەشێك لەعێراق بناسرێیت، دنیا ئاوها تەماشات دەکات، بەڵام ئەگەر بتەوێت جیهان بەوڵات ونەتەوەیەکی دیکە تەماشات بکات، ئەوا ئەوەش دەتوانیت. "[٤]

توێژەری ئیتالی، (لوکا بێلووسی) یەکێکیترە لەوانەی جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە "ئەگەر کوردستانی عێراق لەئێستادا سەربەخۆیی خۆی ڕانەگەیەنێت، ئەوا لەدواڕۆژدا ڕووداوەکان بۆ کوردانی عێراق زۆر دژوار دەبن." توێژەر ئاماژە بەوە دەدات کە بۆ جیهانی ڕۆژئاوا، پرۆژەکانی وزە (مەبەست لەپرۆژەی نابۆکۆیە) لەهەرێمی کوردستان زۆر گرنگن. ئەو، کوردستان بۆ ئەمریکا، وەك ناوەندێکی ستراتیژی دەبینێ، بەهەمان شێوە بۆ یەکێتی ئەوروپاش. بەڕای ناوبراو، ئەو بارودۆخەی ئێستا عێراقی پێدا تێپەڕ دەبێت، بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان زۆر یارمەتیدەرە. بۆیە، ناوبراو لەکۆتایی وتەکانیدا ئاماژە دەدات بەوەی "پێویستە کوردستانی عێراق هەرئێستا سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت."[٥]

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ناکرێت نکووڵی لەوە بکرێت کە کوردەکانی عێراق ڕۆڵێکی کارایان

---

[١] بزاو: دەنگوباسی هەرێمی کوردستان وعێراق، ژمارە (٢٥)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١

[٢] ئاسۆ: ڕاپۆرت، ساڵی حەوتەم، ژمارە (١٣٨٨)، سێشەممە، ١٨/ ١/ ٢٠١١، ل ١٠

[٣] ئاسۆ: ئاسۆی بازاڕ، ساڵی حەوتەم، ژمارە (١٢٣٨)، پێنجشەممە، ١٠/ ٦/ ٢٠١٠

[٤] ڕووداو: ژمارە (١٢٤)، دووشەممە، ٢/ ٨/ ٢٠١٠، ل ٩

[٥] ڕووداو: ژمارە (١٢٤)، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١

گێڕا، لەهەستانەوە سەرپێ ودووبارە دروستکردنەوەی عێراقی دوای ڕژێم. فراکسیۆنە کوردییەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەدووبارە داڕشتنەوەی "دەستووری نوێی عێراق." ئەوە سەرکردەکانی کورد بوون، کە ڕێگربوون لەپێکدادانی حەتمی "مەزهەبیی" نێوان هێزە سیاسییەکانی عێراق، هەر ئەوانیشن باس لەعێراقی فیدراڵ وپێکەوەژیانی برایانەی کورد وعەرەب دەکەن. کەچی، ئەمڕۆ دوای ئەوەی عێراق هێدی هێدی هێز بەبەریدا هاتووەتەوە، یەکەم هەنگاو باس لەوەدەکەن کە هەندێك لەبڕگەکانی دەستووری نوێی عێراق (ئەوانەی بەسوودن بۆ کورد)، پێویستی بەهەموارکردن هەیە. بڕە بودجەی هەرێم (٪ ١٧) بەزیاد دەزانن، هەوڵی دواخستنی سەرژمێری دەدەن، نایانەوێت ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەر بکرێن، باس لەپێویستیی دروستکردنی هەرێمێکی جودا، بۆ برا کریستیانەکان لەهەرێم دەکەن. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە"میلیشیا"ناودەبەن، چاویان بەحکومەت ودام ودەزگا وئاڵاو هەرێم ودەسەڵاتی کوردی وئارامیی کوردستانی باشوور هەڵنایەت.

دەسەڵاتی کوردی، هەموو ئەم ڕاستییانە بەزیادەوە دەزانن، بەئاگان لەزۆربەی پیلانە گڵاوەکانی شۆڤێنییەکان. کەچی، کورد هەر لەهەوڵی خۆپێوەبەستنەوە وبەهێزکردنەوەی عێراقدان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگەی کورد لەبەغدا لاواز دەبێت، فشارەکانیش لەسەر هەرێم زیاد دەکەن. ئەوەتا پاش هەشت مانگ لەهەڵبژاردنی پەلەمانی نوێی عێراقی، هێزە سیاسییە عێراقییەکان نەیانتوانی حکومەت پێکبهێنن، گەر فریادڕەسی کورد نەبوایە. بەداخەوە، کورد هێندەی خەڵکی پێڕێك دەخرێت، هێندە خۆی پێ ڕێك ناخرێت. ماوەتەوە سەر ئەوەی کە چیتر کورد، هەوڵی یەکێتییەکی توند وتۆڵی خودی بدات، نەك خۆبەستنەوە، تاسەر بەعێراقەوە. کاتی ئەوە هاتووە شوناسێکی نەتەوەیی پوخت بەبەر هەرێمدا بکرێت، قەوارەیەکی سیاسی ونەتەوەیی فەراهەم بکرێت. ناکۆکییە ئەزەلی وناوچەگەرییەکان لەگۆڕبنرێن، با هەست بەهەوای ئازادی ڕاستەقینە بکەین، هەرچەندە بنیاتنانی هەموو ئەمانەی وتران، کارێکی مەحاڵ نییە، گەر نیەت وکۆدەنگییەکی ڕاستەقینە، بوونی هەبێت.

پێدەچێت، هەمان چارەنووسی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی سەر بەیەکیەتی سۆڤیەت (١٩٨٩ز)، چاوەڕێی سیستەم وڕژێمە عەرەبییەکان بکات. ئەوەتا، باشووری سودان بڕیاری خۆجیاکردنەوەی لەخەرتوم دا. قیبتییەکانی میسر هاوشێوەی باشووری سودان، داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن، بێجگەلەوەی میسر خۆی دوچاری گەورەترین ناڕەزایی دەربڕین وپاشاگەردانی وویرانە بووەتەوە. چیتر دیکتاتۆریەت، دەمی تونسییەکانی پێنەگیرا. یەمەنییەکانیش لەلایەکەوە پیرۆزبایی لەو گۆڕانکارییانە دەکەن، لەلایەکیتریشەوە هۆشداری دەدەنە حکومەتی سەنعا. لوبنان، بەدەست شلۆقی وفرەئەدگارەوە دەناڵێنێت. عێراقیش بەدەست تیرۆریستانەوە گیرۆدە بووە. جەزائیریش بەهەمان شێوە. ئەردەنییەکان، دەنگی ناڕەزایی وچاکسازی بەرز دەکەنەوە. هەڵبەت لەدەوڵەتانی کەنداویش، هێدی هێدی سەلەفیەت ومەزهەبیەت زیاتر گەشە دەکات. سۆماڵ، ئەوە لەجێی نەبوانە. دیارە دەوڵەتە عەرەبییەکانیتریش، هەریەکە وگیرۆدەی جۆرێك لەتۆتالیتاری وگەندەڵی ونۆرەی گۆڕانکاری دەبنەوە. ئەم حاڵەتە، ڕێك پێچەوانەی وتەی نێردراوەکەی "کیسرا"مان وەبیردێنێتەوە، کاتێك چووبوە دیدەنی خەلیفە "عومەری کوڕی خەتاب"(س.خ)، بەمەبەستی دانوستان. بەڵام کاتێك خەلیفەی موسوڵمانی بینیبوو، لەژێر سێبەری دارخورمایەکدا بێخەم نوستبوو، زانیبووی کە

خەلیفەیەکی دادوەرە وترسی لەکۆمەڵگاکەی نییە، بۆیە بێخەم خەوی لێکەوتووە. لێرەدا، نیردراوەکەی شای فارس لەبەرخۆیەوە دەڵێت: "حکمتَ فعدلتَ فأمنتَ فنمتَ یاعمر." [1] بەمانای: "حوکمڕانیت کردووە، دادوەر بوویت، ئاسایشت پاراستووە، بۆیە نووستویت، ئەی عومەر"(س.خ). بەڵام حوکمڕانەکانی ئەمڕۆی عەرەب، ڕێك پێچەوانەی ئەم وتانەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێگە وقورساییان لەناو کۆمەڵگاکانیاندا لەدەست دەدەن. بۆیە ئاماژەمان بەوەدا، کە شیمانەی ئەوە دەکرێت، گەلی کورد لەداهاتوودا هەلێکی زێرینی لەبەردەمدا بڕەخسێت، تا وەك کارەکتەرێکی کارا، خەونی مێژینەی خۆی بهێنێتەدی..

هەژیی گۆتنە، گێتی سەردەمی جیهانگیری، داهاتوویەکی دوالیزمیی هەیە، یان داهاتوویەکی دوو ڕەهەندیی هەیە. لەبەرئەوەی ڕەهەندێکیان، پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ومافی مرۆڤ و ئازادیەکان ونەمانی ئایدیۆلۆژیا توندڕەوەکان و.....هتد، لەخۆدەگرێت. لەکاتێکدا، ڕەهەندی دووەمیان، چڕبوونەوەی ناکۆکییە ئایینی ومەزهەبی وکەلتوورییەکان وبەریەککەوتنیان لەگەڵ جیهانگیری ودیمۆکراسیدا لەخۆدەگرێت. واتە، ئاماژەدان بەململانێی شارستانییەتە جیاوازەکانی بیرمەند"سامۆئێل هنتنگتۆن." دەبێت، لەهەلومەرجێکی وەهادا، گەلی کورد ئامادەباش بێت، بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی سەردەمی گلۆبالیزە، دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ هەمی ڕووداوێکی جیهانی. لەیەك کاتدا، کار لەسەر هەموو ئەگەرەکان بکات. بەشێوەیەك، کە ئەوپەڕی سوود لەپێشهاتەکان وەربگرێت وبۆ بەرژەوەندی باڵای خۆیی ئاڕاستە بکات..

بەبڕوای بیرمەند هنتنگتۆن، ململانێ وپێکدادانی داهاتوو کەلتوورییە. مەبەستیشی لەکەلتوور، زیاتر شارستانییەت وئایینەکانە. ململانێ سەرەکییەکانی جیهان، لەنێوان کۆمەڵە جیاوازەکانی وابەستە بەشارستانییەتە جیاوازەکانەوە دەبێت، وە پێکدادانی شارستانییەتەکان لەسیاسەتی جیهانیدا، هێڵی جەنگی داهاتوو دەبێت. بەبۆچوونی ناوبراو، بواری سیاسی وئابووری وئایدیۆلۆژی دەگۆڕێن، بەڵام بواری کەلتوور وئایین جێگیرن. لەڕوانگەی گریمانەکەی ئەوەوە، پێکدادانی داهاتوو بریتی دەبێت لەپێکدادان وململانێی ئایینەکان، لەم بوارەشدا سەرجەم ئەو شارستانییەتانەی بەڕۆژئاوا ناویان دەبەین، یەکدەگرن لەبەرانبەر شارستانیەتی ئیسلامی وکۆنفۆشیۆسیدا. دیارە ئەم بۆچوونەی هنتنگتۆن، نزیکە لەتێڕوانینەکەی بیرمەند "فۆکۆیاما،" کە پێی وایە نەمانی ململانێی "ئایدیۆلۆژییە نامرۆییەکان" کۆتایی هاتنی مێژوو فەراهەم دەکات. واتە لەمێژووی نوێدا، کە بەکۆتایی مێژوو ناودەبرێت، دەشێت ململانێکان بگوازرێنەوە بۆ بوارەکانی کەلتوور وشارستانی.. [2]

پاش ئەوەی کۆسپەکان وفاکتەرەکانی بەردەم جیهانگیریمان بۆ ڕوون بووەوە، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە وەکی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن ودیمۆکراتخواز وپێشکەوتوخواز، خۆمان زیاتر دەربخەین، بەسوود وەرگرتن لەو بارودۆخە گریمانەییەی پێشبینی دەکرێت. هەڵبەت، ئەم کارەش بەقسە نابێت، بەڵکو بەهەوڵ وبەزیاتر دامەزراوەییکردنی دامودەزگا حکومییەکانمان دەبێت. سەرکردە وهێزە سیاسییەکان، دەبێت ئەو ڕاستییە باش بزانن کە ئەوان خزمەتکاری گەل وخاکن، نەك بەپێچەوانەوە. گەر ئەوان باس لەپێشکەوتوویی

---

[1] الشیخ ماهر المعیقلي– تي في قرآن: منتدیات مجالس الدیرة، ١٦/ ٧/ ٢٠١٠

[2] عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، زنجیرە (٤٨٦)، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣١٨– ٣٢٠

ولەعەلمانیەتی خۆیان دەکەن، دەبێت ئاوەزباوەڕانە وژیارانە وسکیۆلارانە ڕەفتار بکەن. خۆ ئەگەر، پێشبینی داهاتوو نەکرێت وکۆمەڵگا خۆڕسك گەورە ببێت، دیارە بەری نەهامەتی دەچنرێتەوە. مەعلوومە، هەموو کۆمەڵگایەگ یاخود هەموو سیستمێکی سیاسی، تۆوی ناکۆکی ودارمانی خۆیی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە (یاسای گۆڕان یان پرۆسەی دیالێکتیکی هیگڵ) (پێشتر ئاماژەی پێدرا).. [1]

نەنگی وشورەییە، تاسەر کورد بەم حاڵەتەی خۆی ڕازی بێت، پاشکۆی نەتەوەکانیتر بێت. دیارە، نەمەحکوومی عەجەم، نەسوخرەکێشی ئالی عوسمانە. گەر لەمردنیش سڵ دەکاتەوە، ئەوا دەبێت باش بزانێت کە پێشتر مردووە وئێستاش بەشی زیندووی داگیر کردووە. بۆیە هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغی سەرشۆڕی ودیلییە، ئەرکێکی نەتەوەیی پوختە، لەسەر شانی گەل وهێزە سیاسییەکان بەگشتی. بەپێی یاسای سروشتیش، زۆربەی نەتەوەکان بەشۆڕش وگیان فیداکاری، سەربەخۆیی خۆیان چنگ کەوتووە. هەربەپێی یاسای سروشتیش، هەموو شۆڕشەکانی گەلی کورد، بەهەموو کەلێن ونشێوییەکیانەوە، شایەنی پیرۆز کردنن. لەبەرئەوەی، بەدرێژایی مێژووی خەبات، نەوەکانی کوردیان فێری کۆڵنەدان وئەلفوبێی نەتەوایەتی وکوردایەتی کردووە، هەڵبەت تا کاتی بەدیهێنانی خەونی سەرتاسەریش، دەبێت بەردەوام بن. بۆیە، بێشکچی * وتەنی: "تێکۆشان وخەباتی کوردەکان لەم قۆناغەدا، لەدژی زوڵم وخەباتکردن لەپێناو ئازادیدا وبەرەو پێشبردنی، مافێکی ڕەوای تەواوی کوردەکانە. لەم بارودۆخەشدا، هەڵسانەوە وبەرەنگاربوونەوە، دەبێت وەك مافێکی ڕەوای کوردەکان تەماشا بکرێت." [2]

---

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩

* دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی: ساڵی (١٩٣٩ز) لە (ئیسکیپ)ی نزیك بەپارێزگای (کۆروم) لەتورکیا لەدایك بووە. لەوێ خوێندنی سەرەتایی وئامادەیی تەواو کردووە، لەزانکۆی (ئەنکەرە) لیسانسی لەزانستە سیاسییەکاندا بەدەستهێناوە، ساڵی (١٩٩٧ز) لەزانکۆی (ئەتاتورك) دکتۆرای لەسۆسیۆلۆژیادا وەرگرتووە. لەساڵانی (١٩٦٢– ١٩٦٤ز)، خزمەتی سەربازی لەناوچەی بەدلیس وهەکاریدا تەواوکردووە، لێرەوە ئاشنایەتی لەگەڵ گەلی کورددا پەیدا کردووە. دیارە ئەو زوڵم وزۆرەی دەرهەق بەگەلی کورد کراوە لەو ناوچەیەدا، ویژدانی بێشکچی بەتەواوەتی هەژاندووە. بۆیە بەنووسینەکانی، ئەوپەڕی داکۆکی لەپرسی کورد کردووە ولەو پێناوەشدا چەندینجار تووشی ڕاوەدونان وزیندانیکردن بووەتەوە. لەڕاستیدا، تەواوی گەلی کورد قەرزاریاری هەڵوێستی جوامێرانەی ئیسماعیل بێشکچین.

[2] ئیسماعیل بێشکچی: کوردەکان ومافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١– ٤٢

## دەرەنجام

لەکۆی ئەو بابەت ووتانەی دەربارەی ئەقڵی سکیۆلاری وکورد سکیۆلار وتران، دوو بابەت بەدوو چەمك ودوو ئاڕاستەی جیا، بەڵام هاو مەبەست خرانەڕوو. هەڵبەت، بابەتی یەکەم لەنێوکۆی تەوەری یەکەمدا، ڕێخۆشکەر بوو بۆ خستنەڕووی بابەتی دووەم، کە مەبەست وکرۆکی لێکۆڵینەوەکەیە.. ناوەڕۆکی تەوەری یەکەم، شرۆڤەی ئەقڵی سکیۆلاری وهۆکار وچەمکە هاوشێوە وهاومانا ودژە ئاڕاستەکانی لەخۆ گرتووە. لەکاتێکدا، لێکدانەوەی تەوەری دووەم، لێکۆڵینەوەیەکی ناسیۆنالیستانەی لەخۆ گرتووە، تا بەهۆیەوە مانای کورد سکیۆلار بخرێتە ڕوو. پاشان، باسێکی گشتگیری چەمکەکانی میانڕەوی ودیمۆکراسی وململانێی دەسەڵات ودواتریش، گوتاری کوردی وهەوڵدان بۆ سەربەخۆیی ودژەلێکترازان ویەکخستنەوەی ماڵی کورد، خراوەتە ڕوو..

لەڕاستیدا، مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە، خستنەڕووی داکەوتی ڕابردوو وئێستای کوردە، خستنەڕووی هەموو فاکتەر ونشێوی ونەهامەتییەکانە. بەو هیوایەی، هاندەرێك بێت بۆ پێداچوونەوە، بۆئەوەی داهاتوویەکی گەش وسەرفراز چاوەڕوانی ئاییندەی کورد بکات. واتە، هەموو تواناکان بخرێنەگەڕ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك، یان فەراهەمکردنی کەشێکی لەبار، تا بەهۆیەوە مافی چارەی خۆنووسین مسۆگەر بکرێت. هەڵبەت، ئاماژە بەو خەسڵەتە سەرەکییانە دراوە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت کەشێکی لەبار، بەئیرادەیەکی پۆڵایین بخولقێنرێت.

گەلی دۆست وبرادەرینە، هەڵبەت بەبێ خستنەگەڕی میکانیزمێکی گونجاو، وبەخشینی ناوازەیی وەکی ئامراز، مەحاڵە بەدەستهێنانی ئامانجی سەرەکی. هەرچەندە گەلی کورد، لەو بارەوە درێخی نەکردووە، بەڵام ئاکامێکی خوازراوی نەبووە. کەواتە، دەبێت گۆڕانکاری لەئاوەزباوەڕی وستراتیژ ومیکانیزمدا بکرێت. دیارە، ئەوەش لەلێکۆڵینەوەکەدا خراوەتە ڕوو. لەچەند لایەکی لێکۆڵینەوەکەدا، ئاماژە دراوە کە دەسەڵاتی کوردی، دەبێت کار لەسەر بەگەڕخستنی پرۆژەیەکی نەتەوەیی بکات، تاوەکو تاکی کورد، هۆشیاری نەتەوەیی وقسە وبوونی بۆ بگەڕێتەوە، ئەمەش کاری دەسەڵاتدارانی کوردە. کەواتە، کاری حکومەت تەنها دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی وپاراستنی ڕەوشی ئەمنی وبەرقەرارکردنی دیمۆکراتی وگرنگیدان بەلایەنی ئابووری وکۆمەلایەتی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو بەگەڕخستنەوەی فەرهەنگ وکەلەپوور ویادەوەرییەکانیشە، بەشێوازێکی مۆدێرنانە. بەمانای، بەرهەمهێنانی ئەو پرۆژە نەتەوەییەی باسی لێدەکەین. ئەمەش، یەکەمین هەنگاوە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کورد وبەدەستهێنانەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد، ئەو شوناسەی لەباپیرانی مادمان بزر بوو.

وێڕای کارکردن لەسەر ئەو پرۆژە نەتەوەییەی ئاماژەی پێدرا، دیارە کەسانێك دەبنە هەڵگر وگەیەنەری ئەو پەیامەی مژدەبخشی سەرفرازیی کوردە. دەکرێت، ئەو کەسانە وەکی ئامرازی مێژوو، یان بەرجەستەبووی ڕۆح، تەماشا بکرێن، کە بەهۆیانەوە گۆڕانکاری لەڕەوشی کۆمەڵگای کوردیدا ئەنجام دەدرێت، وبەشێوازێکی جوانتر ستراکتووری کۆمەڵگا، جارێکیتر وسەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە.

هەرگیز ناکرێت، بەبێ بوونی دیمۆکراتی وبەشداری سیاسی وشەفافیەت، باس لەم حەمکە پرۆژە

وگۆڕانکاری وکاره گرنگانەی حکومەت بکەین. وەڵێ، گەر ستراکتووری جڤاتێك، دیمۆکراسی وئازادی ڕۆژنامەگەری تێدا بەدی نەکرا، مانای شەفافیەتیش لەدەسەڵاتدا مسۆگەر نابێت. ئەو کات، ناسیۆنالیزم وپرۆژە وشوناسیش هەر بەبزری وکاڵ وکرچی دەمێنێتەوە. ڕاستە، ناسیۆنالیزم کار لەسەر یەکخستنەوەی وتارەکان ودیدگاکان وپێگەکان دەکات، بەڵام فەراهەم بوونی کەشێکی دیمۆکراسی، مانای دەستەبەرکردن وخولْقاندنی هەستێکی نەتەوایەتی تەندروست، دوور لەهەموو جۆرێکی ڕاسیزم وتوندڕەوی وئاوەزباوەڕیی سایکۆپات. لەبەرئەوەی، چیتر مرۆڤایەتی ڕەگەزپەرستی پێقبوڵ ناکرێت.

خۆ ئەگەر نەخوازەلا، گریمانەی پێکدادانی شارستانیەتەکان ڕاست دەرچوو، ئەوا جیاوازی ئەقڵییەتەکان وسیستم وئایدیۆلۆژیاکان وتێڕوانینەکان، پێوەری سەرکەوتنەکان دەبن. بەمانای، دروستیی نەتەوەخوازی، لەو شوێن وکاتەدا دەردەکەوێت، کە ئایا بەئەقڵەتی تێکدەر ولەناوبەر کار بکات، یان کارکردن لەبۆ سەندنەوەی مافەکان. هەرچەندە، ئەو پێکدادانەی شیمانەی دەکرێت، مۆرکێکی کەلتووری دەبێت وەك لەوەی نەتەوەیی هەبێت. بەلاّم، چ نەتەوەیی بێت یاخود کەلتووری، ئەوا ڕەوایی کارەکە یەکلاکەرەوەی ململانێکە دەبێت. دیارە، لەم حاڵەتەشدا، میللەتان سوتماك وداینەمۆی ئەو کارەن، هەرئەوانیشن شۆڕش وخەباتی چەکداری دەکەن ودواترحکومەت هەڵدەبژێرن. کەچی، زۆرجارحکومەتەکان کار لەسەر ئاڕاستەکردنی میللەتان دەکەن، بەرەو بەدیهێنانی مەبەستی تایبەت. وەڵێ، ئەمە کارێکی ناڕەوا ونەخوزراوە، دەشێت پێچەوانەی ئەمە ڕەوا بێت. هەربۆیە، دەبێت ودەوترێت "حکومەتەکان خزمەتکاری میللەتن." لەبەرئەوەی، "لەکاتێکدا گەلان داهێنەری شۆڕشن، لەهەمان کاتیشدا ڕووخێنەری ستەمن."

**ئازاد تۆفیق خەیات**

**٢٩/ ١/ ٢٠١١**

**سلێمانی**

# سەرچاوەکان

## ١- سەرچاوە کوردییەکان


١. ئیسماعیل بێشکچی: کوردەکان ومافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان، و: ڕەوا حاجی، زنجیرەی هۆشیاری (١)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠

٢. ئێرنست کاسیرەر: ئەفسانەی دەوڵەت، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند- سلێمانی، ٢٠٠٨

٣. ئەنتۆنیۆ گرامشی: دەوڵەت وکۆمەڵگای مەدەنی، و: مامەند ڕۆژە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠٠٤

٤. ئەنتۆنی دی سمیس: نەتەوەخوازی، تیۆری وئایدیۆلۆژی ومێژوو، و: هۆشیار عەبدوڕەحمان سیوەیلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٤

٥. ئاستین کلاین: سکیۆلاریزم بەزمانێکی سادە، و: هەژێر شەریفی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان- سلێمانی، ٢٠٠٨

٦. ئاندرۆ هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر،٢٠٠٧

٧. ئەرنست گیلنەر: پۆست مۆدێرنیزم وئەقڵ وئایین، و: بەهزاد حەوێزی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی- دهۆك، ٢٠٠٨

٨. ئالێن سوکال، ژان برك مۆنت: بنەماکانی پۆست مۆدێرنیزم، و: هادی محەمەدی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٧

٩. ئەریك فرۆم: چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و: ئارام جەمیل سابیر، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، بەهاری ٢٠٠٥

١٠. د. ئەلبێرت عیسا: خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی- لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی لەسەر بەعسی عێراقی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، - سلێمانی، ٢٠٠٤

١١. ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) - سلێمانی، ٢٠٠٦

١٢. برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: لەسویدییەوە عوسمان حەمەڕەشید گوروون، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠

١٣. بابەك ئەحمەدی: هەقیقەت وجوانی (وانەکانی فەلسەفەی هونەر)، و: مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی– دهۆك، ٢٠٠٨
١٤. برهان قانع: زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)– بەغدا، ١٩٨٤
١٥. تۆماس هاممارباری: عەدالەتی کۆمەڵایەتی، و: عوسمان ئیسماعیلی، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان، چاپخانەی منارە– هەولێر، ٢٠٠٨
١٦. جان. ام. دان: سەردەمی ڕۆشنگەری، و: محمد ولی کاکایی، جیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبلاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی ، ٢٠٠٨
١٧. جۆن ئاڕ، ماتیوز: سەرهەڵدان وڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات– هەولێر
١٨. د. حسەین بەشیرییە: مارکسیزمی فەلسەفیی ڕۆژئاوایی، و: مەنسوور تەیفووری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩
١٩. حوسێن بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسەت– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩
٢٠. راڵف دارن دۆرف: قەیرانەکانی دیمۆکراسی، و: ئیسماعیل حەمەئەمین، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٨
٢١. ڕایمۆند گارفیل گیتیل: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، ٢٠١٠
٢٢. ڕێبوار سیوەیلی: سۆفیستەکانی یۆنان، لەستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین ودەزگای موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٩
٢٣. سارا فلۆوەرز: چاکسازی ئایینی، و: هەژار ڕەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات
٢٤. سڤێن– ئێرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، و: ئاسۆس شەفیق، چاپی سێیەم، وەشانی ئاپێك– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩
٢٥. عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، زنجیرە (٤٨٦)، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی– سلێمانی، ٢٠٠٧
٢٦. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧
٢٧. د. غانم محمد صالح: بیری سیاسی کۆن وناوەڕاست، و: سەلام کەریم، چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبلاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٥
٢٨. فرانسیس فۆکۆیاما: کۆتایی مێژوو، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، ٢٠٠٨
٢٩. فاروق ڕەفیق: هونەری فەلسەفە، وانەیەکی میتافیزیکیانە، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ وبلاوکردنەوە– سلێمانی، ٢٠١٠

٣٠. فاروق ڕەفیق: ماڵێکی لێك ترازاو وویژدانێکی بیمار (دەربارەی کورد– بوون– لەجیهاندا)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، سێپتێمبەری ٢٠٠٢
٣١. فەرهەنگی نویٚ بۆ شیکاری ڕامیاری (٤١)، وەرگێڕانی بۆ کوردی: محەممەد چیا، زنجیرەی (١٠٠) کتێبی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری– سلێمانی، ٢٠٠٣
٣٢. فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نویٚ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لەفارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەلاٚت، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٦
**٣٣.** د. کەمال پۆلادی: مێژووی هزری سیاسی لەڕۆژئاوا (سەدەی بیستەم)، و: ئازاد وەڵەد بەگی، سیروان جەبار زەندی، چاپی یەکەم، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ وبلاٚوکردنەوەی موکریانی– سلێمانی، ٢٠٠٥
**٣٤.** کەمال پولادی: لەدەوڵەتی دەسەلاٚتخوازەوە بۆ دەوڵەتی ئەقڵ، و: یوسف خدر چۆپان، چاپی یەکەم، دەزگای وەرگێڕان– هەولێر، ٢٠٠٧،
**٣٥.** کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لەمێژووی کورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠٠٦
٣٦. کۆمەڵێك نووسەر: فەلسەفەی هیگڵ، و: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، ٢٠٠٧
٣٧. کۆمەڵێك نووسەر: شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، و: هەورامان وریا قانع، چاپی دووەم، چاپ وبلاٚوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٩
٣٨. لین و. لینکستەر: خواوەندانی هزری سیاسی، و: کامران محەمەد پور، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاٚت– هەولێر، ٢٠٠٧
٣٩. مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاٚوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧
٤٠. د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لەمەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥
٤١. د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان– سلێمانی، ٢٠١٠
٤٢. د. محەمەد عابد جابری: ئایین ودەوڵەت وپیادەکردنی شەریعەت، و: فوئاد سدیق، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاٚوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٦
٤٣. د. محەمەد کەمال: نیتشە وپاش تازەگەری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٩
٤٤. مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر– کورد لەدیاسپۆرا، لەبلاٚوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠٠٥
٤٥. مەجید سالح: بنەما تیۆرییەکانی ڕایگشتی وراگەیاندن، لەبلاٚوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)– سلێمانی، پاییزی ٢٠٠٦

٤٦. محەممەد چیا: فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری ڕامیاری، زنجیرەی (١٠٠) کتێبی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری– سلێمانی، ٢٠٠٣
٤٧. نەورەس ڕەشید: دەوڵەت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بابان– سلێمانی، ٢٠٠٤
٤٨. ن. رامین جەهانبەگلو: دەسەلاٌت وئازادی، و: عەتا جەماڵی، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاٌحەددین ودەزگای موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٩
٤٩. هیوا عەزیز: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لەباشووری کوردستان (١٩٠٠– ١٩٥٨ز)، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبلاٌوکردنەوە– سلێمانی، ٢٠٠٦

## ٢- سەرچاوە عەرەبییەکان

١. ار يك هوبسباوم: الامم والنزعة القومية منذ عام ١٧٨٠، ت: عدنان حسن، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر– دمشق، سوريا، ١٩٩٩
٢. آلان تورين: ماهي الديمقراطية؟ حكم الاكثرية أم ضمانات الاقلية، ت: حسن قبيسي، الطبعة الثانية، الطبعة العربية (دار الساقي)– بيروت، لبنان، ٢٠٠١
٣. د. اسماعيل صبري مقلد: العلاقات السياسية الدولية، الطبعة الرابعة، منشورات ذات السلاسل– الكويت، ١٩٨٥
٤. أسامة أمين الخولي (ومجموعة من كتّاب العرب): العرب و العولمة، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية– بيروت، لبنان، ابريل/ نيسان، ٢٠٠٠
٥. د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب– القاهرة، ٢٠٠٩
٦. د. ابراهيم قاسم درويش بالانى: صدام الحضارات لهانتنغتون– دراسة جيوبولتيكية، الطبعة الاولى، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية– السليمانية، ٢٠٠٧
٧. بويد شيفر: القومية، عرض وتحليل، ترجمة: د. جعفر خصباك، عدنان الحميري، دار مكتبة الحياة– بيروت، لبنان، ١٩٦٦
٨. د. حافظ علوان حمادي الدليمي: النظم السياسية في اوروبا الغربية و الولايات المتحدة الاميركية، الطبعة الاولى، دار وائل للطباعة و النشر– عمان، الاردن، ٢٠٠١
٩. زانا رؤوف حمه كريم: مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون– دراسة تحليلية، من منشورات مكتب الفكر والوعي للاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر– السليمانية، ٢٠٠٩

١٠. الدكتور صلاح علي نيّوف:مقدمة في العلمانية مع قراءة في النموذج الفرنسي، الأكاديمية العربية المفتوحة في الدنمرك

١١. د. طارق علي الربيعي: الاحزاب السياسية، مطابع التعليم العالي، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي- جامعة بغداد

١٢. د. عبدالرضا حسين الطعان: تأريخ الفكر السياسي الحديث، دار الحكمة للطباعة و النشر، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد- بغداد، ١٩٩٠

١٣. د. كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الطبعة الاولى، وكالة المطبوعات- الكويت، ١٩٨٥

١٤. ل. ليونتيف: الاقتصاد السياسي- أسئلةو أجوبة، ت: د. محمد رشاد الحملاوي، الطبعة الثانية، دار الثقافة الجديدة- القاهرة، ١٩٧٤

١٥. القاضي لطيف مصطفى أمين: مبدأ الفصل بين السلطات و وحدتها وتطبيقهما في الدساتير العراقية- دراسة تحليلية مقارنة، من منشورات مكتب الفكر و التوعية الاتحاد الوطني الكردستانى- السليمانية، ٢٠٠٧

١٦. مارتن غريفيش وتيري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، الطبعة الاولى، مركز الخليج للابحاث- دبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٨

١٧. د. يوسف محمد عبيدان: مبادىء العلوم السياسية، الطبعة الثانية، دار الكتب القطرية- الدوحة، ١٩٩٦


### ٣ - گۆڤارەکان


١. دۆسێی ئیسلام: وەرزە گۆڤارێکی تایبەتە بە ئیسلام، ژمارە (٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان- سلێمانی، ئابی ٢٠٠٨

٢. ڕەهەند: گۆڤارێکی مانگانەی تیۆریی کولتوورییە، ژمارە (٢)، ئەندێشە بۆ چاپ وبلاْوکردنەوەی کتێب- سلێمانی، ٢٠١٠

٣. کەلتوور: وەرزەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری وفکرییە، ژمارە (١)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران دەریدەکات، مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ساڵی یەکەم، تشرینی یەکەمی ٢٠١٠

٤. کۆچ: وەرزە گۆڤارێکی ڕوناکبیرییە، گرنگی بەبواری لێکۆڵینەوە دەدات، ژمارە (١١- ١٢)- سلێمانی، پاییز وزستانی ٢٠٠٩

٥. گوڵان: دیمانەی تایبەت، ساڵی حەڤدەهەم، ژمارە (٧٩١)، ٢٦/ تەمموز/ ٢٠١٠

٦. هەفتانــە: گۆڤــارێکی سیاســی گشــتییە، (ڕاپــۆرت)، ژمــارە (١١٨)، خەنــدان بــۆ پــەخش ووەشــاندن دەریدەکات– سلێمانی، هەرێمی کوردستان، ٣١/ تشرینی یەکەم– ٦/ تشرینی دووەم/ ٢٠١٠

### ٤- ڕۆژنامەکان

١. ئاسۆ: هەواڵ، ساڵی پێنجەم، ژمارە (٨٨١)، یەکشەممە، ٢٨/ ١٢/ ٢٠٠٨
٢. ئاسۆ: ئاسۆی بازاڕ، ساڵی حەوتەم، ژمارە (١٢٣٨)، پێنجشەممە، ١٠/ ٦/ ٢٠١٠
٣. ئاسۆ: هەواڵ، ساڵی حەوتەم، ژمارە (١٣٥٠)، چوارشەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠
٤. ئاسۆ: ڕاپۆرت، ساڵی حەوتەم، ژمارە (١٣٨٨)، سێشەممە، ١٨/ ١/ ٢٠١١
٥. بزاو: دەنگوباسی هەرێمی کوردستان وعێراق، ژمارە (١١)، یەکشەم، ٢٨/ تشرینی دووەم/ ٢٠١٠
٦. بزاو: دەنگوباسی هەرێمی کوردستان وعێراق، ژمارە (٢٥)، چوارشەم، ١٩/ کانوونی دووەم/ ٢٠١١
٧. ڕووداو: ژمارە (١٢٤)، دووشەممە، ٢/ ٨/ ٢٠١٠
٨. ڕووداو: ڕیپۆرتاژ، ژمارە (١٤١)، دووشەممە، ١٣/ ١٢/ ٢٠١٠
٩. کوردســتانی نــوێ: ڕاســپاردەکانی ڕاپۆرتەکــەی بیکــەر _ هــاملتۆن، ســاڵی پانزدەهــەم، ژمــارە (٤١٤٢)، یەکشەممە، ١٠/ ١٢/ ٢٠٠٦
١٠. کوردستانی نوێ: دۆسێی نابۆکۆ، ژمارە (٥٣٠١)، ساڵی نۆزدەهەم، یەکشەممە، ١٠/ ١٠/ ٢٠١٠
١١. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٦٦)، چوارشەممە، ٢٩/ ١٢/ ٢٠١٠
١٢. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠
١٣. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٣٦)، چوارشەممە، ٢٤/ ١١/ ٢٠١٠
١٤. کوردستانی نوێ: ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٤٧)، سێ شەممە، ٧/ ١٢/ ٢٠١٠

### ٥- ماڵپەڕەکان

١. ارنست رينان، ويكيبيديا، الموسوعة الحرة، ٩/ اوكتوبر/ ٢٠١٠، (ar.wikipedia.org)
٢. د. أحمد ادريس الطعان: العلمانية في المصادر الغربية، منتدى التوحيد– كُتّاب ومقالات، ٩/ ٦/ ٢٠٠٥
٣. د.أحمد إدريس الطعان: هل العلمانية من العِلم (العِلمانية)، أم من العالَم (العَلمانية) ؟ منتدى التوحيد– قسم الحوار عن المذاهب الفكرية، لقاء علمي مع الدكتور حول العلمانية، كلية الشريعة، جامعة دمشق، ١/ ٩/ ٢٠٠٦

٤. ابراهيم النشمي: هل العلمانية لا دينية؟ وهل هي كفر؟ (بناء الفكر و الثقافة، bn@benaa.com)
الثلاثاء ٨/ ١٠/ ٢٠٠٩

٥. البير فرحات: ستّون عامًا على الإعلان العالميّ لحقوق الإنسان، العدد (١- ٢- ٣)، مجلة ودار الآداب، ٢٠٠٩، www.adabmag.com

٦. د. بشير خليل حداد: الاسلام والقومية، ٥/ ١/ ٢٠٠٩ Bashir Haddad.com

٧. جلال عبدالله احمد: حق تقرير المصير ، الاربعاء، ١٥/ اغسطس/ ٢٠٠٧، اخبار الجنوب العربي alganoobnews

٨. حسن كامل: حول العلمانية (: اتحاد المثقفين الكورد- غرب كوردستان في الخارج Rojava. Net )
الثلاثاء ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧

٩. الشيخ ماهر المعيقلي- تي في قرآن: منتديات مجالس الديرة، ١٦/ ٧/ ٢٠١٠

١٠. عبدالمنعم الشحات: الغرب علماني ام مسيحي؟ صوت السلف (www. Salaf voice. com) ٧/
يوليو/ ٢٠٠٦

١١. منتدى المهندس الجزائري: العلاقات السياسية الدولية، المساعد الشخصي الرقمي، ٤/ ٩/ ٢٠٠٩

١٢. محمد وقيدي: التاريخ الذي لم ينته بعد، والتاريخ الذي لم يبدأ بعد، ، سلمى، فكرية، ثقافية، فلسفية، سياسية، الجمعة، ٢٩/ فبراير/ ٢٠٠٨

### ٦- لێكچەرەكان

١. د.شاهۆ سەعید: گەشەی فیكری سكیۆلاری وقەیرانی ئایدیۆاۆژیا تۆتالیتارەكان، زنجیرە لێكچەری فیكری سیاسی هاوچەرخ، كۆلێجی زانستە ڕامیارییەكان، قۆناغی چوارەم.